


سەرنووسەر: ک.د.ئازاد
کاناڵی تێلگرامی:@Le_Daweni_Arbebawe
ساڵی دووهەم ـ جۆزەردانی ٢٧٢٢

## گۆڤاری له داوێنی ئاربەبا گەیشتە ژمارە ٢٤ و بوو بە دوو ساڵانە

لە ماوەی ئەم دوو ساڵە وێڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەکانی ڕۆژگار و دەرد و مەینەتەکانی سەر خەڵکی نیشتمان، هەروا بە دڵگەرمی دەنگمان گەیاندۆتە گوێی گەلەکەمان و بۆ جارێکیش بیرمان لە داخران و پشوو دان نەکردۆتەوە.
کێشەی ئابووری، وەک زۆربەی شوێنەکان، ڕووشی کرددۆتە گۆڤارەکەمان. ڕاستە هیچ پاڵپشتێکی ماددیمان نییە و هەر لە خۆمان مایە دادەنێین، بەڵام نەمانهێشتووە ساتێک پشوو بدا و گوشاری سەر خۆمان تاقەت هێناوە بەڵام نەمان هێشتووە ئەو کێشەیە باڵ ببزێوی بۆ سەر خوێنەرانمان!
ئەم گۆڤارە، دەنگدانەوەی زۆربەی قەڵەمەکانی کوردستانە. قەت ناڵێین بێ ئیرادە، بەڵام دەتوانین بڵێین لە ماوەی ئەم دوو ساڵە دا، توانیویەتی جێگای خۆی لە ماڵ و دڵی خەڵکی کورد دا بکاتەوە، ئەویش نەک هەر لە کوردستان بەڵکوو لە هەر جێیەک کوردی لێ دەژی لەم جیهانە پان و بەرینە دا.
هیواداریین بتوانین لە سێهەم ساڵی ئەم گۆڤارەش دا، وەک دوو ساڵی ڕابردوو، چالاکانە و شێلگیرانە ئەو ڕێگایە درێژە پێ بدەین!

سەرنووسەری گۆڤاری لە داوێنی ئاربەبا: ک.د.ئازاد

| نووسەر، وەرگێڕ، شاعیر، هونەرمەند... | بابەت: شێعر، پەخشان، وتار.. | لاپەڕە |
| --- | --- | --- |
| بانە. غەفوور سالحی | ئەنفال هەتا هەڵەبجە، کۆچیرۆکی تراژیدیای چەنپاتەیی(بۆنی با) | ٢ |
| ڕەحیمخان. نادرمستەفازادە | چیایی بێ هەڵۆ ـ قسەی حیسابی | ٤ |
| بانە. ک.د.ئازاد | بەخشینی دیپلۆمی زمانی کوردی بە بیست و شەش لاوی تێکۆشەر لە شاری سنە | ٥ |
| مەهاباد. سووتاو ـ مەهاباد. مستەفا کۆکەیی ـ مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی | شێعر | ٦ |
| بۆکان. ئاسۆ ـ بۆکان. لوقمان پیربادین ـ هەولێر. موحیب مەهابادی | شێعر | ٧ |
| هەولێر.سەعدوڵڵا نووری | ڕۆژی جیهانی کتێب چییە؟ | ٨ |
| شنۆ. عەلی ڕەزامحەمەدنیژاد | هەستێکی ناسک و بە سۆز لە ئاسۆی قەڵەم دا | ٩ |
| سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی ـ سەردەشت. خەمبار | شێعر | ١٠ |
| .بۆکان. ئەمین گەردیگلانی | خەونەکانی باوکم | ١١ |
| مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان | « ئەڵێم نەڕۆم لە شارەکەت!شالوتەوارەکەم!» | ١٤ |
| سنە. عەلی سوهرابی ـ سەردەشت." مەتین" | شێعر . دوو کورتە چیرۆک | ١٦ |
| سەردەشت. هێرش بێتووشی | قوڵەسەفەر | ١٧ |
| بانە. محمد شەریف محمدی ( ئایسان ) | تەرجەمەی شێعر | ٢١ |
| ئیلام. رودوس فەیلی «مستەفا بەیگی» | چەن دوبەیتی وە کوردی فەیلی «پهلەوی» | ٢٢ |
| ئەڵمانیا. بەرزان حەمەسوور | چ پاساوێک هەیە بۆ فرۆشتنی نیشتمان؟ | ٢٣ |
| دۆل- فەرەنسا.جەمال نەجاری . تەرجەمە: بۆکان. سعید سلیمی بابامیری | ماڵێک لە خۆڵ ( A soil house ) | ٢٤ |
| مەهاباد: عەبدوڵڵا عەبدوڵڵا زادە | چڵ و پۆی هێندێک وشەی کوردی | ٢٥ |
| بروجرد.لۆڕستان .زانا.کوردستانی . سەقز.ژاکاو . .مەهاباد. سووتاو . لەیلاخ. مام خەیال | شێعر | ٢٦ |
| سەقز.غەفور کەسنەزانی، ژاکاو | کورتە نووزەیێ لە خەڵوەتی خۆم و خودا | ٢٧ |
| بۆکان. پشکۆ یاسینی . بۆکان. ناتق مەجیدی (سۆران) . مەهاباد" خۆشناو" | شێعر | ٢٨ |
| دیۆلان. حەبیب ڕەنجبەر . بۆکان. محەممەد ئەمین قوڕەیشی | شێعر چییە؟ ـ کاریکاتۆر | ٢٩ |
| ڕەحیم خان. نادرمستەفازادە | لەسەرەمەرگدا | ٣٠ |
| سنە. کەژاڵ ئەرغەوانی | شێعر | ٣١ |
| سەقز مریەم یەتیمی . مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی (زایەڵە)ـ بۆکان. ڕێ زان | شێعر | ٣٢ |
| سەقز.ساحیب.عابید حسەینی | خوزە گێچەڵ لە ئاوێنەی شاری ئاواتەکاندا | ٣٣ |
| بۆکان. جەمیانی ـ بانە. ئامینە عەزیزی"سروور" | شێعر | ٣٤ |
| سنە. یەحیا سەمەدی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس | هێمن بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵ | ٣٥ |
| بانە.شەیدا ئەحمەدی . بانە. قادر خدر زادە | لە ماڵەوە دەمێنینەوە . تۆبەی گورگ مەرگە | ٤٠ |
| بانە. ئاودێر . بەریتانیا ـ بورهان بێهزادی . زەڕینەی هەوەتوو. ناسر زامدار ـ بانە. ک.د.ئازاد | شێعر | ٤١ |
| **بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی لاو** | | |
| سەقز. کارۆ مروەتی . سەردەشت. گزنگی خۆر . دیواندەرە. ژاڵە عەبدی | شێعر | ٤٢ |
| ساوانی سەردەشت. خالید محەممەدزادە . بانە.نزا"ـ مەهاباد ڕەحیم خزری" خۆشناو" | شێعر | ٤٣ |
| بانە. بەفرین مەحموودزادە. ـ بانە. بەیان خدری . بانە. هەتاو سەقز. فەریدەکاکی | چیرۆکی نەخشە . شێعر | ٤٤ |
| بۆکان. پەروینئازری . بۆکان. دە لال ـ سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی . شنۆ.:ئارمان مام عەلی | شێعر | ٤٥ |
| دیواندەرە. موحەممەد قەیسەریان . دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی | شێعر | ٤٦ |
| بۆکان. خەمبار ـ گۆمانی سەردەشت. سمایل وەتمانزادە، "خەیاڵی" . | شێعر | ٤٧ |
| سەقز. لەتیف عەلەوی . سنە. زەمان . مەریوان. سۆهراب موارادنیا"سیاوکام" | شێعر | ٤٨ |
| مەهاباد. هاوژان شاروێرانی . مهاباد. جەعفەرمەعروف(ژیار) | شێعر | ٤٩ |
| مەریوان.مەهین.پایگەلان . مەریوان. حەمزە دەستوور . مەهاباد. (دلۆڤان) | شێعر | ٥٠ |
| هەولێر.هاودەنگ بێبەش | شێعر | ٥١ |
| **تایبەت بە مناڵە چاوگەشەکانی کوردستان** | | |
| بۆکان.محەممەد ڕەسووڵنیا . بانە. قەڵا . ئیلام. رودوس فەیلی (مستەفا بەیگی). بانە.باوکی نیشتمان . مەهاباد ڕەحیم خزری" خۆشناو" . بۆکان .جەمیانی ڕوانسەر. موحەممەدعەزیز ڕەحمەتی | | ٥٢ ـ ٥٦ |
| **ڕووداوە فەرهەنگییەکانی بانەمەڕی ١٤٠١ ی هەتاوی** | | |
| ئێوارە شێعری بانەمەڕی ئەنجومەنی ئەدەبیی سەردەمی سەردەشت | | ٥٧ |

# ئەنفال هەتا هەڵەبجە، کۆچیرۆکی تراژیدیای چەنپاتەیی(بۆنی با)





بانه. غەفوور ساڵحی

دەمەو بەیانێکی دەمەو بەهار، سپیەیسەحەرێ، لەپشت پەنجەرە دارینەی ژوورەکەمەوە ڕوانیمە دەرێ؛ زۆر ئاسایی وەدەرکەوتم. ویڵی ویڵ،بەشوێن پاروە نانێکا .لە نێو دەور و زەمانێکا، کە فیتنەی جەنگ، ئۆقرەی لە هەموان بڕیوە. سەیرە، چۆنە کە تانانەت، کۆڕەوی مەزنی کوردیش نەیتوانیوە، گشت چاوەکان، بترووکێنێ و، گشت هەستەکان ڕاچڵەکێنێ و، گشت زەینەکان بورووژێنێ و، گشت ئاوڕەکان دابەزێنێ. بەڕاست مرۆڤ بوونەوەرێکی چەن سەیرە؛ چەن ئازایە و، ئامادەیە بۆ فەرامۆشی. ئاها، گەرچیسەردەمێکی دوور و درێژی تەمەنی شارەکەی من، لەوەیشوومەی سەرماو تەڕوتووشیی، چەندین دێرینەزستانی شەڕ تێپەڕیبوو و، بە دەیان جار شەڕەنگێزان بەسەریان کردۆتەوەو، لەدەست فیتنەو وەیشوومی جەنگ هەراسان بوو؛ کەچی





دیسان و سەرلەنوێ، وێچووی جەنگێکی بێکۆتایی، ئەمجارەیان لە ژێر ناوی شەڕی ئێران ـ عێراق؛ بەردەرگای بە هەموان گرتووە .بەردەوامی چەندین ساڵەی جەنگی سەردەم،تەنگی بە هەموان هەڵچنیوە .دیسانەوەو، دووبارە و چەنبارە و سەدان بارە، جەنگ و برسیەتی و بێکا ری، لەگەڵ کۆمەڵکوژی و، چەرمەسەرێ و دەربەدەریی،سازگارییەکی بە ناچاری.

ئەو ڕۆژەش، وەک دیکەی دوێنێکان بوو.ڕۆژێکی وەک هەموو ئەو ڕۆژانەی پێشوو .
هەر بە چەشنی ئەو ڕۆژانەی لەخەو ڕائەپەڕیم، نیمە ئاگا و نیو خەواڵوو، ڕێئەکەوتم بەرەو توێشوو . کێ چووزانێ؟ ! کەس نەبوو بەوە بزانێ، ژیانێکی پاتەوەبوو و هەرڕۆژەیی؛ هەتا چرکەساتێکیتر، ئەمانباتەوە نێوان جەرگەی، تراژیدیای داستانێکی، کۆمەڵکوژی چەنپاتەیی.

هەرچەن، زۆر لەمێژبوو لەشەڕدابوین؛زۆر ئاسایی بە نەبوونی و قاتوقڕی و دەربەدەری ڕاهاتبووین . گرمەیتۆپ و زرمەیگوللە، بە گوێکانمان ئاشنابوون .کێ چووزانێ؟ ! کێ چووزانێ تاوێکیتر، سووپرتۆفانێک هەڵدەکا، کێ چووزانێ، چرەچەمان و باهۆزێکی، تۆقێنەرتر وابەڕێوە؟! کێ دەیزانی ڕەنگی ئاڵ و گەش و جوانی کێو و هەرد و، دەشت و دەمەنی ئەمنێوە، بە هێڵنجی قینی دوژمن، کورتەکاتێکیتر، چرکەساتێکیتر؛ تەم و غوباری دایدە گرێ! کێ دەیزانیبەو گڕپێچەی وابەڕێوە، هەڵەبجەماننوقمی دووکەڵ، بەیەکجاری دەخنکێ و،پشکۆی ژیان دادەمرێنێ!

ئاخر خۆ گوڵان، تازە واخەریکن سەریان لە نێو، مێرخوزاران دەردەهێنن . خۆ کەو و ئاسک و کەژاڵان، تازە واخەریکن بە هاواری: (مژدە مژدە، بەهارێکی خۆش وا بەڕیوە)؛ مزگێنیمان بۆ دەهێنن. کێدەیزانی؟! کێدەیزانی لە کۆڵان و لە نێو ماڵ و لە نشێو و هەرد و پاڵی ئەم نێوە، ئەوەی کە دێ و، وا بەڕێوە؛ فرسەت نییەو هەر دێت و دێ و، وەک مۆتەکە سوارمان دەبێ و بەری گەرو و هەناسەکان دەئاخنێ. کێ دەیزانی، ئەوەی تاوێکیتر، شارەکەمان قۆرغ دەکاو، ژیانەکان دەتارێنێ و، کەس نامێنێ هەناسەبات، کەس نامێنێ بەسەر پێوە؛ ئەوەی دادرژێ بەسەرماندا؛ تەم و سێبەر؛ چرەچەمانی خەردەل و، بۆنی سێوە؟!

لەناکاودا ئاسمانەکان، بە توێیەکی گازی خەردەل ڕەنگیان گۆڕا . ئاخ کە ژیانی مە چ کارەساتێکە ! گوزەرانی تاڵی ئێمە بەسەرهاتێکە، زۆر لەمەوپێش لە چیرۆکاندا نووسراوە. فلیمی حیکایەتی ژینی ئێمە، شریتێکە بێکۆتایی و بێبڕانەوە و زۆر بیسراوە. سەرەتاکەی کۆنارایەو پشتاوپشت و نەسل و نەسەب، هەربینراوە و ئێستاش ماوە.

ئەو ڕۆژەش هەر، وەک دوێنێ بوو.ڕۆژێکی وەک ڕۆژانی پێشوو. کەچی لەپڕ، لە شێوازی جاران دەرچوو.«جەنگی دووکەڵ»؛ من جەنگی وام قەت نەدیبوو. ئا ئەوەیە کە پێی دەڵێن جەنگی دووکەڵ؟! دووکەڵێکی سپێلێڵ و، پیس و ژەنگن. من هەتا ئەو کاتەی نەمدەزانی، ئەو جەللادە،هێند چەپەڵە،کە دەتوانێ دووکەڵیی، خەردەلیشمان، بەگژدا کا . نەمدەزانی کەدووکەڵیش، وەککەرەستەی ج ەنگبەکاردێ . نەمدەزانی کە دوژمنان و ناحەزان هەر ئەوڕۆژە، لە ئاسماندا هێڵنج دەدەن و، قێنێکی دوکەڵاویی، بەسەرماندا دادەڕێژن.کێدەیزانی کە دڵێکی وشکەوەبوو و ڕەق هەڵاتوو، دڵ و جەستەی نەرم و ناسکی وڵاتەکەم، دەداتە بەر گوللەی قینی. بەڵام هەیهووووووو! هەر ئەو ڕۆژە ئەوەی بەخەو لێدەترسام، بەچاو بینی.

هەموو شتێک، لەپڕ قەوما. لە شەقام و کۆڵانانی هەڵەبجەکەم. خوێن و دووکەڵ، ئاوێتە بوون . سات و کاتمان، لە باری عادەتی دەرچوون. زەمان وەستا؛ مێهەنگی سەعاتەکان، قەتیس مابوون. ژیانەکان گشت تۆرابوون. کات و زەمان، مانایەکیان بۆ نەمابوو، لەپڕ قەوماو، ئەوەی، هەناسەکانی ڕاگرت، بۆنی خەردەل، بۆنی بابوو. فریا نەکەوتین تێبگەین، کە خەریکە

چی دەقەومێ. هەر جەستەبوون، تێکەڵ خێڵی نەماوان بوون. قافڵەیەک بەرەو نەمان، کەس دەرنەچوو؛ ئەوەی دەرچوو، ڕۆح و گیان بوون. دەستێک نەما، نامۆ نەبێ لە جەستەکەی. قاچیک نەما خۆی باتە ژێر، جەستە شەکەت و خەستەکەی. گشت ڕۆحەکان، تۆراو و جیبیا لە جەستە بوون. دەست و پێکان، بیوونە باڵ؛ گەنج و کیژانی کرچ و کاڵ، ژن و پیاو و پیرو منداڵ، جەستەکانیان لە کۆڵ نابوو، سپی پۆشان، وەک فریشتە، دەفرین بەرەو ناخی ئەزمان؛ تێکەڵ دەبوون لە گەڵ بنەماڵەو کەس و خزمان. ئێستا ئیتر، کەسێک نەمابوو بۆ مردن، ڕۆڵە نەما بە دەسرەکەی، چاوی تەڕی دایکی بسڕێ. عاشقانیش، لەڕێدا بوون بەرەو ئەوێ. لە سەر عەرز، جێیان نەبوو بۆ ژوانگەیەک، بەڵکوو لەوێ، جێگایەکیان وەبەر کەوێ. وا لێشاوی خێڵی ڕۆحە، ڕادەخوشێ بەرەو ئاسمان، هێندە زۆرن، لەوێش جێیان نابێتەوە. ئەوەی کە پێی نایە ئەم سەفەرە، هێندە دەڕوا، هێندە دەڕوا، دەڕوا، دەڕوا، دەڕوات و ناگەڕێتەوە. ئاسمانی وڵاتەکەم هەموو تەمە، داخۆ ئاسمانی هەموو جێیەک، هەر ئاوا بێ؟! ڕەنجی لەمێژینەی ئێمە، بە فەنا چوو، داخۆ ڕەنجی هەموو دونیا، هەر بەبا بێ؟!

ئێستا ئیتر،من نازانم ئازارەکان چۆن وەخوێنم؛ بۆ کێی باسکەم. هاوار هاوار بۆ ئەو هەموو نازدارانە؛ وەرن خەڵکینە ڕێکەون، بۆ دیتنی شانۆی نفرەت؛ وەرن،وەرن، تەماشا کەن؛ ئیدی چی ما. هەڵەبجەی بووکی شارەزووریان، لێ کردینە هێرۆشیما. هەرەشەی ئەو غەددارە، ئاخرەکەی، بوو بە ئاگرو ئاسن؛شارەکەم، بوو بە کانگای تاقیکاری، بۆمبای دوژمن.

بەڵام دوژمن، بۆ کوێ دەچی، بۆ کوێ دەچی؟! ڕۆژمان هەردێ!! ئەو ڕۆژە دێ و، شەرتبێ پێت دەور بکەینەوە، کە تۆ چیتکرد. تۆ چیت نەکرد؟! مێژوو لەبیر ناچێتەوە. ئەوە پەتەوە بووی مێژوومانە. ها ئەو کاتەی، لە ١٩٨٨ ی زایینیدا، لە فوریەوە تاکوو سێبتامبر، لە حەوت مانگدا،پتر لە ٤٢٠٠ گوندت خاپوور کردین؟ ! ئێستا ئیتر گۆڕە بەکۆمەڵەکانت، هاوار دەکەن.ئێستاش گوێچکەکانی مێژوومان، بەدەنگ و هاوارو، تکاوڕجا و ناڵەناڵی، جەرگەی سۆپرکارەساتەکان. دەزرینگێنەوە. لەبیرتە چۆن، بە لووتی لۆدێر و بۆلدزێر و مەکینە مرۆڤکوژەکانت، گێژەلووکە و گڕپێچ و گردەلوولێکی ترسناکی وەهات سازاند؟ !زیاتر لە، ٢٠٠٠٠٠ بێتاوانی ژن و پیاو و،پیر و لاو و، گەنج و منداڵ،بەزیندوویی و بێبەزەیی، بوونە قوربانی، تاوانیی، جەرگبڕی زیندەبەچاڵ. ٩٠ لە سەدی گوندەکان و، ٢٠ لە سەدی شارەکانی ئێمەی کوردت، لەسەر نەخشە سڕییەوە. کانیاوەکانی کوردستانت ژاراوی کرد، سەرچاوەکانی ژیانت بڕییەوە. ١٥ ملوێن نوغمت داچاند. نیشتەجێیی، زۆرەملیت، لە ئۆردوگا جەنگیەکاندا؛ بەسەر زۆرتر لە ٥ ملوێن، کورددا سەپاند.١٠لە سەدی کوردت فەوتاند.

ئاخ ئەی تاقمی پووچی بەعسی. ئاخ ئەی مرۆڤی نامرۆڤ. وا ئەمجارەش بە ئاشکرا کاڵ و ناوەڕۆکی ناحەزو قێزەونی خۆتت زڕاند. پتر لە پێنج هەزار مێشکت پژاند، دڵت تۆقاند. زیاتر لە دەهەزار دەستت شکاند، لاقت پەڕاند. هەناسەی گەرمت نەهێشت، گشتت سووتاند. وا ئەمجاریش گشت ڕێساکانی مافی مرۆڤی نێودەوڵەتیت پێشێل کرد و یاسات بەزاند. وا ئەمجاریش جارێکیتر ئەنفالت کرد. جارێکیکەش خۆت کردەوە، یەکەم تاوانباری کۆمەڵکوژی و، ژینۆسایدی نەتەوەی کورد. بەڵام زاڵم؛ دەڵێی تۆ زۆر بێخەبەری؟ ! سەردەمی کەسانێکی وەک تۆ نەما، ئەبێ بڕۆی. ئەو ڕۆژە ڕۆشت کە بتوانی، تاوانەکانت وەشاری. ئێستا ئیتر سەردەمێکی جیهانییە. گوێچکەکانیی، هەموو دونیا قوت بوونەوە. چاوەکانیی، هەموو جیهان زەق بوونەوە. قڕ کردنی ئەمجارەی کورد، تەنیا دڵی ئێمەی نەشکاند. باسی جینایەتت لە هەڵەبجەم، شاشەکانی دونیای تەقاند، دڵی هەموو دونیای هەژاند.

ئەرێ زاڵم، سووڕی مێژوو،تەنیا بەمەیلی تۆ نییە. ڕۆژی ئەوە هاتووە، کۆشکەکانت، وەک هەموو ئەو خانووە گڵینانەی، خاپوورت کردن، تێک بڕووخێن. ئەو ڕۆژەدێت، لە دادگای عەدڵی مرۆڤ، من پێت بڵێم، هەستە هەستە جواب بەرەوە. دەورێکی سناریۆی چەرمەسەرەو، ژان و دەردمان بۆ بکەرەوە.

ئەوە یاسایەکە، بێ یەک و دوو. ئەو ڕۆژە دێ! ئەو ڕۆژە دێ، مێهرەجانی شانۆی عەدڵ سەرهەڵدێنێ. ئەو ڕۆژە من باڵ لێکدەدەملێکدا لێکدا. مژدە دەبەم بۆ گشت جیهان، بۆ هەموو لا. هاوار دەکەم: مرۆڤ وەرن گوێ ڕادێرن. ئەمڕۆ ڕۆژی هەمووومانە. ئەمڕۆ ڕۆژی دژی، تاوانی ژینۆساید و و کۆمەڵکوژی نەتەوەی کورد. حوکم دانە.

ئەوە یاسایەکە بێ یەک ودوو ئەو ڕۆژە دێ. داهاتوومان دەیسەلمێنێ. هەموو خەون و خەیاڵێکمان سەرهەڵدێنێ. هەموو خەون و خەیاڵێکمان سەرهەڵدێنێ.

## چیایی بێ هه‌ڵۆ



ره‌حیمخان. نادرمسته‌فازاده



ده‌گێڕنه‌وه، له‌ ده‌ورانی پێشوو، چیایه‌کی سه‌ربه‌رز که‌ لووتکه‌ی وێنه‌ی دڵداری به‌ مه‌به‌ستی ماچ ده‌می به‌ کوڵمی هه‌وره‌کانه‌وه نابوو، هه‌ڵۆیه‌ک له‌ مێژ ساڵ بوو له‌وێ هێلانه‌ی دانابوو، له‌ گه‌ڵ چیا به‌ خۆشی ده‌ژیان،ڕۆژێ وا هات هه‌ڵۆ نه‌گه‌ڕاوه‌ و ئه‌و هه‌واڵه له‌ ته‌واوی وڵات ده‌نگی داوه، که‌ به‌ڵێ چیا هه‌ڵۆی لێ ون بۆ و ماوه‌یه‌که نه‌ماوه...

قه‌لو داڵ که‌ دیتیان هه‌ڵۆ دیار نیه له‌و ناوه، کردیان به‌ جێژنه و لێی کۆ بوونه و بوون به‌ که‌یخودا و لووتکه‌ی چیایان گرته‌ ده‌ست و هه‌رچی که‌لاکه بۆگه‌نیو و پێسته ڕزیوی له‌و ده‌ور به‌ره‌ ده‌یاندی کۆیان ده‌کرده‌وه و ده‌یانهێنا به‌رزایی لو وتکه‌ی کێو ده‌یاندا به‌ عه‌رز دا.

له‌بۆگه‌نیو و قیژه‌ قیژیان چیا وه‌زاڵه هات وده‌گه‌ڕا له‌ ڕێ چاره‌یه‌ک که‌ کۆتایی به‌و بارو دۆخه‌ بێنێ.

به‌ڵام بیری به‌ هیچ کوێ نه‌گه‌یشت، پاش ماوه‌یه‌ک ڕۆژێ بڕیاری گرت، که‌ هه‌ستێ بڕوا نه‌گه‌ڕێته‌وه،تا هه‌ڵۆ ده‌دۆزێته‌وه.

به‌ڵێ، چیا هه‌ستا ڕۆیی گشت لا گه‌ڕا و که‌لێن و قوژبنانی پشکنی و پرسیار پرسیار له‌باغ و گوڵ، له‌ که‌روێشک و ئاسکی سڵ، له‌ ڕێبوار ته‌نانه‌ت له‌ پڵینگ و شێری کێوی، به‌ هیوا و ئومێده‌وه‌ هاته‌وه پرسی له‌ڕێوی، به‌ڵام هیچیان به‌شوێنی هه‌ڵۆیان هه‌ر نه‌زانی.

چیا به‌لۆژه‌ لۆژ و دڵ په‌ڕۆش و خه‌مبار گه‌ڕاوه سه‌ر لووتکه، دیتی ئه‌وه قه‌ل و داڵ هه‌ر وا ده‌وریان گرتوه و ده‌ره‌تانیان لێ بڕیوه و ته‌نگیان پێ هه‌ڵچنیوه، خۆشییان لێ هه‌ڵگرتووه،هه‌ر وا، ڕۆژگار بێ هه‌ڵۆش ده‌گه‌ڕا زه‌مان ده‌چۆ پێش قه‌ل و داڵ سه‌ر چیایان پیس و پیستر ده‌کرد.

چیا خه‌م و په‌ژاره‌ی ڕۆژ به‌ ڕۆژ زیاتر ده‌بوو تا ئه‌وه‌ی شه‌وێک له‌ ناکاو بڕیاری دا گه‌ر هه‌ر هه‌ڵۆی بۆ نه‌دۆزراوه،ئاگر له‌ خۆی به‌رداو کۆتایی به‌ژیانی خۆی بێنێ تا لانی که‌م،له گه‌ڵ ئه‌و نه‌فامانه نه‌ژی و له‌و ژینه‌ ڕزگار بێ.

مردنی گه‌لێ پێباشتر بوو له‌ ژیانی لای قه‌ل و داڵ. به‌م چه‌شنه دوا بڕیاری خۆی دا،هه‌ر ئه‌و شه‌وه به‌رده‌کانی گشت به‌یه‌ک دادا و ئاورێک له‌ ده‌روونی هه‌ستا و یه‌که یه‌که به‌رده‌کانی توانه‌وه قه‌ل و داڵیش له‌ ناو ئاگر سووتان و نه‌مان چیاش بوو به‌ ته‌پ و تۆز و خۆڵه‌میش با بردی له‌ گه‌ڵ خۆی. نه له‌ چیا و لوتکه‌ش ماوه ئاسه‌وار...

## قسه‌ی حیسابی

وه‌رگێر: نادرمسته‌فازاده ـ ره‌حیمخان

له‌ نووسینی: دوکتور_هلاکویی



ڕۆژێ که‌ کچه‌که‌ت فێر کرد، تاکوو زه‌ماوه‌ندی نه‌کردووه به‌ ته‌نیا نه‌چێ بۆ سه‌فه‌ر، به‌ ته‌نیا له‌ شوێنێ نه‌مێنێته‌وه،جل و به‌رگێکی که‌ پێی جوانه له‌ به‌ری نه‌کا، قه‌ت به‌و چه‌شنه‌ی پێی خۆشه‌ و به‌ دڵی خۆی پێ‌نه‌که‌نێ، قسه‌ی دڵی نه‌کا...

هه‌ر ئه‌و ڕۆژه‌ کچه‌که‌ت فێر ده‌که‌ی،که‌ جنسی پله‌ دووهه‌مه! چوونکێ کچه!!

هه‌ر ئه‌و ڕۆژه‌ ئه‌وت به‌و بیر وباوه‌ڕه گه‌یاندووه،که‌ بۆ ژیان پێویستی به‌ ئینسانێک له‌ دژی خۆیه‌تی، که‌ بتوانێ له‌ گه‌ڵی خۆشبه‌خت و شاد بێ...

به‌ڵێ هه‌ر ئه‌و ڕۆژه‌ باڵی فڕینی کچه‌که‌ت شکاند و ئاماده‌ت کرد تاکوو ته‌مه‌نێک به‌ بیر وباوه‌ڕی پله‌ی دوهه‌مه‌وه بژی، به‌ ته‌نیا هه‌ست به‌ که‌مایه‌سی بوون بکا!

وئه‌وڕۆکه‌ به‌ ئه‌ستەم ده‌کرێ، ئه‌و چه‌شنه خاتوونانه به‌ بیر وباوه‌ڕی یه‌کسانی بگه‌یه‌نی و یاسای یه‌کبوونیان فێر که‌ی...

ته‌نانه‌ت له‌ عادڵترین و داده‌رترین کۆمه‌ڵگاکانی دنیادا،به‌ بیر و باوه‌ڕی جنسی پله‌ی دووهه‌م بوونیان درێژه به‌ ژیان ده‌ده‌ن!

وه‌ تا کۆتایی ژیان وه‌کوو نه‌ردیوانێک چاو له‌ پیاو ده‌که‌ن،تا به‌ سه‌ر ئه‌و دا به‌ ئاواته‌ نه‌گه‌یشتوکانیان بگه‌ن...

وه‌ من ئێستاش نازانم چۆن ده‌کرێ بۆ ئه‌و تاقمه‌ له‌ خاتوونه‌کان جیاوازی نێوان ئه‌وین و نه‌ردیوانیان بۆ شرۆڤه‌ که‌ی!

چۆن ده‌کرێ پشت به‌خۆبه‌ستن و بڕوا به‌ خۆیی و ئاواتی به‌ تاڵان چوویان سه‌ر له‌ نوێ نوێژین که‌ی؟؟؟،،چۆن ده‌کرێ ئینسانێکی ساغ و سه‌ربه‌خۆیان لێ ساز که‌ی.

# بەخشینی دیپلۆمی زمانی کوردی بە بیست و شەش لاوی تێکۆشەر لە شاری سنە...



نووسین وکۆکردنەوەی: ک.د.ئازاد

لە ڕووداوێکی بێ وێنەدا، لە ڕێکەوتی ٢٨/١٢/١٤٠٠ لە شوێنی سینەمابەهمەنی شاری سنە بیست وشەش کەس لە گەنجە بەهرەدارەکانی ئەم شارە بەدەستی مامۆستایەکی دڵسۆز وماندوونەناس خاتوو سوهەیلا موحەمەدی دوای تێپەڕاندنەوەی پێنج قۆتاخ وەکوو: ڕێنووس،ڕێزمان، ژینگە، مێژوو، وەرگێران دیپلۆمی زمانی کوردیان پێ بەخشرا. ئەم لاوە بەهرەدارانە توانیویانە دەیان کتێبیان بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێرێنن و لەم ڕێگایەدا وەکوو ئەرکێک بتوانن کتێبخانەی کوردی دەوڵەمەند بکەن و ببنە هاندەرێک بۆ منداڵان و قوتابیانی دیکەی کوردەواری کە بەم شێوە خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی زمانی دایکی خۆیان بکەن.

خاتوو سوهەیلا موحەمەدی دانیشتووی شاری سنەیە و لە ساڵی ١٣٧٥ سەرقاڵی فێرکردنی زمانی کوردیە و تائێستا هەزاران منداڵ و قوتابی وخوێندکار و پیر ولاوی سنە و ئاواییەکانی دەور وبەری فێری زمانی دایکی کردووە و ئێستایش لە چەندین قۆناخی فێرکاری سەرقاڵی فێرکردنی پتر لە هەشتا منداڵ و میرمنداڵە. ناوبراو ٣ بەرگ کتێبی سەبارەت بە فێرکاری زمانی کوردی لە چاپ داوە وهەروەها ئەم خاتوونە جگە لە فێرکردنی زمانی دایکی ، grin school واتە قوتابخانەی سەوزی بۆ منداڵان و میرمنداڵان دامەزراندووە و سەبارەت بە ژینگە و سروشت و بابەتە پێوەندیدارەکانی وانەی تایبەتی هەیە و قوتابیەکانیش بەناوی ژینگەیار و بەدروشمی:

پاراستنی ژینگە پاراستنی ژیانە... بەجوانی سەرقاڵی چالاکی ژینگەیین و وەکوو قوتابییە کی بەئەمەگ خۆیان لە بەرانبەر نیشتمان و ژینگەکەیان بەرپرس دەزانن و بە هاندان و تێکۆشانی خاتوو سوهەیلا موحەمەدی بە خوێندنەوەی سروود و شێعری ژینگە لە دەیان بەرنامەی ژینگەیی بەشداریان کردووە و وەکوو منداڵێک کاردانەوەیەکی ئەرێنی و بەرچاویان لەسەر جەماوەر داناوە.

بەو هیوایە کە هەموومنداڵانی کوردستان پارێزەری فەرهەنگ و زمان و ژینگەکەیان بن و بتوانن لەم ڕێبازە دا هەنگاوێکی باش هەڵبگرن و پەرەپێدەری زمانە ڕەسەنەکەی خۆیان بن.

چەند وێنە لە چالاکییەکانی; پاراستنی ژینگە، پۆلەکانی فێرکاری ڕێنووس،سروود، ڕێزمان و ژینگەپارێزی بەڕێز مامۆستا سوهەیلا موحەمەدی:

























## ئەوینداری



مەهاباد. سووتاو

بەدڵ من حازرم قوربانی تۆ بم
لەوەی خۆشتر چیە؟میوانی تۆ بم

گوڵی بێ شەونمم ڕەنگم پەڕیوە
فیدای چاوانی پڕ گریانی تۆ بم

دەزانم بێ ئەوین زیندانە ماڵت
فیدای ماڵی وەکوو زیندانی تۆ بم

نەماوە تاقەتم بۆ چاوی کاڵت
فیدای لێو و دەم و چاوانی تۆ بم

کەبۆ "سووتاو"ی خۆت دەرمان ودەردی
فیدای دەرد و فیدای دەرمانی تۆ بم



مەهاباد. سەید سمایل شاهۆیی

باغی ئیرەمە ڕوومەتی، یا مانگ و چرایە
ڕەشماری کەزێی مەسکەنی یارانی وەفایە

شمشێری برۆی قاتڵی ئەهلی دڵ و دینە
بێچارە کە عاشق بەتەمای ژین و بەقایە

بۆ سەنگەرێ دەگرن لە دڵم تیری مژۆڵت
وەک لەشکری پرچت کە بەدەم شۆڕشی بایە

زوڵمێکی لە دڵ کردووە بەو سینەیی سافی
خوێنی جگەری ڕشتووە بەو جەور و جەفایە

سەروی گوڵی نازی دەلەرێ چەشنی غەزاڵێ
لێوڕێژە لە گوڵ دامەنی ئەو دەشت و چیایە

سورەتگەری چین وا لە کەنارێ حەبەساوە
ئەو پەیکەرە لەش مەرمەرە دەسکردی خودایە

دەتکێ لەدەمی شیلەیی هەنگوێنی لەلێوان
خۆشاوی دەمی بۆ تەبی عوشاقی شەفایە

شاهۆ غەزەلت پەلکی گوڵی ناسک و جوانە
بۆی پەرچەمی چین چینی ڕەشی عەینی دەوایە

## جێژنە بەهارە شادیە



مەهاباد. مستەفا کۆکەیی

جێژنە بەهارە شادییە گوڵاڵە سینگی خۆی دڕی
مەل لە کەژ و شاخ و زەمەن کەوتە چرین و هەڵفڕی
لە گوند و دەشت و شار و شاخ,سەر چەمەن و کەناری باخ
پیرە شەماڵی شێت و مەست جەرگی ڕەشی زەوی دڕی

یاسەمەن و گوڵ ئاتەشی, مێخەک و سمڵ و کەوکەبی
دارە بەن و چنار و مێو, هەنار و سێو و سوورەبی
ڕێواس و هەڵز و بەرەزا لە خەو پەڕین و ڕاپەڕین
خەنجەری تیشکی خۆرەتاو بەرگی سپی زەوی دڕی

سەهۆڵ نەما ڕنوو ڕما زەختی لە رووی ئەرز ڕەوی
توانەوە سیخوار و بەفر ڕژانە نێو جەرگی زەوی
دیمەنی دڵرفێنی باخ دووندی بلیندی کێو و شاخ
بوونە بەهەشتی سەر ئەرز خەمیان لە رووی تەمەن سڕی

بولبول و تەیری خۆشنەوا,لە بێستان و مێرگ و چەمەن
بوونە هەواڵ و هاودەمی نێرگس و دۆستی یاسەمەن
هەوری ڕەشی گەواڵ گەواڵ, بەدەم شنەی بادی شەماڵ
لە ئاسمانی خۆش جەماڵ, کەوتە گرین بە دڵپڕی

گەزیزە ڕوا بە نازەوە,چاوی ڕشتۆ بە ڕازەوە
لە داوەتی سروەی سەحەر, بە سیرەی سەقر و بازەوە
کەوتە سەما و ڕەقس و لەرە, ئەو گوڵە جوان دڵتەرە
لە بازاری گەرمی بەهار, بەرگی هەزار ڕەنگی کڕی

شەنگە کچی جوان چەلەنگ, بە جلکی وڵا و قەشەنگ
لێو بە بزە دڵ ئاوڵا, نەرم و نیان و شۆخ و شەنگ
بازنە لە قۆڵ هەوری لە مل,بە خرخاڵ خاڵ و پشتێندی شل
بە لێوی سوور و چاو بە کل, دێن و دەڕۆن بۆ دڵبڕی

ئەبرۆ کەوان گەردن بلوور, کوڵمیان بە ڕەنگی سێوی سوور
خاوەن شعوور و شەرم و شوور, ناسک وەکوو بەلکی چنوور
هیمای ژیان و مانەوەن, دژ بە خراپی و توانەوەن
بەژنیان چنار و عەرعەرێ, سینە سپین و مەرمەڕی

کورانی قۆزی دڵ بە تین, دەڕۆن بەرەو باخی ئەوین
لە گۆوەند و لە هەڵپەڕین گوڵچن بکەن شەریکی ژین
لە خڕ و دۆڵ و شێو تەلان, هاورێ لە گەڵ دەنگی مەلان
دەگۆڕنەوە پەیمانی ژین, بولبول لە حەسرەتا چڕی

دەنگی دەهۆڵ و نای نەی, هات و هەرا و های و هۆی
بڕی سنووری نیشتمان, شەپۆلی خستە دەشت و کۆی
شادی خزایە ناو دڵان , شکا سوپا و لەشکری خەم
خەڵک هەموو بوونە یەک و دوژمنی ڕوورەشیان مری

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## کردە پەشیمان



بۆکان. ئاسۆ

ئاخ! لەئەم دنیایەدا چۆن عشق و شادیی، باری کرد
چۆن فریشتەی خۆشەویستیی، تەرکی لادێ وشاری کرد

ئەودەمەی پووڵ وپلە و ماڵ بوونە کابەی عاشقان
خاکساری و پاکبازیی یەک بە خۆی هاواری کـرد

هات و هەرچی خۆشەویستی بوو بە کین پاماڵی کرد
خۆڵ بەسەرمان بۆ نەزەرمان، ئائەمە سۆفی کاری کرد

نان و مەسکەن زۆر لەمێژ بوو وێردی زارمان بوو کەچی
کاکەسوورەی قەڕنی بیست ویەک بەجارێ تاری کرد

خۆزگە قانعمان دەما و دەیدی ئەوەی قەولی دەدا
ئێمە هەرهیچ، چۆن لەخاکی پاکی خۆی داشداری کرد

چەندە گوڵ لەو باغەدا سیس بوون و بولبولیان نەدی
مەرگ بەر ئەو زاڵمەی، وا مەسخەرەی دڵداری کرد

ئارەزووی ئەم میللەتە کار بووـ کەبێکاریش نەبوون ـ
ئەو لەگەڵ بێکارەکاندا، کوا چەلێ هاوکاریی کرد؟

هەرچی ئازادی وهەچی ئابووری خەڵکی سادەبوو
پاکی جوان خڕ کردەوە لای ماڵی خۆی عەمباری کرد

دەستەچیلەی جەرگ و گورچیلەی گەلی چەوساوەکان
وەک کەباب برژاند وپاکی هات لەقورگ وزاری کرد

ڕەش وەها زاڵ بوو بەسەر سپیا، نە سەوزیی ما نەشین
بۆیە زەردیی هات و ڕەنگی پێشکەشی گوڵزاری کرد

چاوی ئاسۆ نیوەبین بوو ڕۆژی ئازادی نەدی
گوێی نەدایێ کەس بە شیعری ئاخ کەچەند هاواری کرد

## دەزانی؟



بۆکان. لوقمان پیربادین

دەزانی چەن حەزم لێتە دەزانی؟
دلم شەیدای خشەی پێتە دەزانی؟

پەپوولەی سەرکەش و شێتی خەیاڵم
شەو و ڕۆژ قاسیدی جێتە دەزانی؟

دڵم کۆشکێکە، پەنجەرەی بەرەورووی
شەقامی هاتوچۆ وریێتە، دەزانی؟

ئەوەندە ڕووبەڕووی ماڵتان چەقیوم
هەموو خەڵکی دەڵێن شێتە، دەزانی؟

نەبوو جارێ لە دەروازەی دڵم دەی
بپرسی کێ دراوسێتە، دەزانی؟



هەولێر. موحیب مەهابادی

بەهارە و هەستەکان دیسان دەبزوێ
لە کوڵان و شەقام بۆنی عـەشق دێ
چرایەک وا لە ناو دڵ شەوق ئەداتن
ئـەویـنـدارانە دەتـکـێشێ بـەرەو ڕێ
لەسایەی گوڵ هەناسەی تازە دەگری
دەبی سـەرخۆشی باغی شار و لادێ
بەهارە و دەم بە دەم ئیلهام دەگاتێ
لە ئـاسمانی شێعر دا ڕووحە دەفرێ
دەبێ تۆش ئـەهلی دڵ بی تا بـزانی
کە نـازی نـاسکان چێ پێوە دەکرێ
تـەواوێ تـابلۆی بێ وێـنـە دیمـەن
کـێیە لەم وەرزە خـۆی بـۆ ڕابگیرێ
بەهارە و کاتی جوانناسی گـەییوە
لـە چوارلا سـۆزی دڵـداری دەبـارێ
بـە لارولـەنـجە دێوانەت دەکا یـار
بە تـایبەت کـاتـێ پـاوانەی دەکا پێ
کە سـەوزایی ئـومێد و شادی دێنێ
دەبینی کۆڕی هەڵپەرکێ لە هەرجێ
لە ئـاوێـنـەی سروشتا خـوا دەبینی
لە نـەورۆزا چرۆی ئـیمان دەپشکوێ
موحیب تـەنیا بـڵێی ئەم دێرە بەسە:
بەهارە و هەستەکان دیسان دەبزوێ!

# ڕۆژی جیهانی کتێب چییە؟






هەولێر.سەعدوڵلا نووری

بۆئەوەی بزانین ئەم ڕۆژە لەچییەوە هاتووەو بۆچی ئەم مێژووەی بۆدانراوە واتا ـ ۲۳ ی نیسانی هەرساڵێک ـ ئەوا دەبێ چاوێک بەوبڕیارو پێشنیارانەی کۆنگرەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیریی (یونسکۆ) دا بگێڕین کە بەرپرسە لەزیندووکردنەوەو یادکردنەوەی زۆرلەم بۆنەویادکردنەوانەی کەگرنگییان لە ژیانی نەتەوەکانی کۆمەڵگەی جـــیهانیدا هەیە.
بۆنموونە لەو بڕیارانەی کەلە ژیانی نەتەوەکاندا گرنگی هەیە ڕۆژی جیهانی (زمانی دایک ) ە، کەلە ڕێکەوتی ۲۱ ی شوباتی هەرساڵێک دایەو لەساڵی ۱۹۹۹ دەرچووە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ داواکاری قوتابیان و ڕووداوەکانی زانکۆی دەکا کە خوازیاری دان نان بەزمانی بەنغالی بوون لە بەنگلادیش لە ۲۱ ی شوباتی ۱۹۵۶.
بێگومان ئەم بڕیارە دوابەدوای بڕیاری ڕۆژی جیهانی کتێب هات کەلە۲۳ی نیسانی ۱۹۹۵ بڕیاری لەسەردرا. هۆکارە سەرەکییەکـــەی ئـــەم بڕیارەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێوڕەسمێکی ئایینی تایبەت بەجـەژنی قەدیس مارگۆرگیوس لە ۲۳ی نیسانی ساڵی ۱۹۲۳ کەلەم ڕۆژەدا فرۆشیاران وڕیکلامکارانی کتیب لە ئیسپانیا لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن کە هەرکەسێک لەم ڕۆژەدا کتێبێک بکڕێت گوڵێکی وەکو دیاری پێشکەش بکرێت، ئەویش وەک ڕیگایەک بۆڕێزگرتن لە نووسەروسەربازی ئیسپانی میگل دی سیرڤانتس خاوەنی شانۆنامەی ( دۆن کیشۆت ), کە هەم شاعیرونووسەری شانۆوهەم ڕۆمان نووس بووەولەڕۆژی ۲۳ی نیسانیش کۆچی دوایی کردووە .
شایانی وتنە بیرۆکەی ئەم ئاهـــەنگ گێڕانە دەگەڕێتەوە بۆشاری کەتەلۆنیای ئیسپانیا کە لەم ڕۆژەدا وەک ئاماژەی پێکرا لەگەڵ هەرکتێب کڕینێکدا گوڵێکیان بەدیاری دەدایە ئەوکەسەی کتێبێکی دەکڕی.
بێگومان سەرکەوتنی ڕۆژی جیهانی کتێب ومافی دانەربەشێوەیەکی گشتی پشت بەوکۆمەک ویارمەتییانە دەبەستێ کەلەو ڕۆژەدا پێشکـــەش دەکـرێت لەلایەن ( نووسەران، دەزگـــاکانی بڵاوکردنەوە، مامۆستایان، ئەمینداری کتێبخـــانەکان، دامەزراوە گشتی و تایبەتییەکان، ڕیکخـــراوە ناحکومییەکان وکەناڵەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەریی ) کە لەهەموو وڵاتیکدا خەڵک هاندەدەن بۆبەشداریکردن لەکارو چالاکییەکانی تایبەت بەم ڕۆژە لەریگای لیژنە نیشتمانییەکانی یونسکۆو ئەو یانەوسەنتەرانەی پەیوەندییان بەیونسکۆوەهەیە،ئەمە جگە لەتۆڕی قوتابخانەو کتێبخانەکان و، تەواوی ئەوخەڵکانەی بە پەرۆشن بۆ بەشداریکردن لەم ئاهــەنگە جیهانییەی کە تایبەتە بە کتێب ومافی نووسەرانەوە.

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم مێژووە ۲۳ی نیسان :
وەکو لەپێشدا ئاماژەی پێکرا یەکـەم پەیوەندی لە نێوان ۲۳ی نیسان وکتێب دەگەڕێتەوە بۆساڵی ۱۹۲۳ لەئیسپانیا کە فرۆشیارانی کتێب وەک وەسیلەیەک ئەم ڕۆژەیان بەکارهینا بۆڕێزگرتن لە نووسەرو شاعیری ئیسپانی میگل دی سیرڤانتس، هەربۆیە یونسکۆش لەساڵی ۱۹۹۵ بەفەرمی لەپاریس بڕیاریدا ئەم ڕۆژە بکاتە ڕۆژی جیهانی کتێب و مافی چاپ وبڵاوکردنەوە لەلایەن نووسەرانەوە ، هەربەم بۆنەوە لە ئیسپانیاو زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بووەتە نەریتێک کە خەڵک لەم ڕۆژەدا دەست دەکەن بەخوێندنەوەی ڕۆمانی( دون کیخوط یا دۆن کیشۆت (Don Quixoteی میگل دی سیرڤانتس سابیدرا کە لە دووبەرگدا بلاوی کردۆتەوە لەساڵانی ۱۶۰۵ بۆ ۱۶۱۵. بێگومان لەکارە ئەدەبییە هەرە بەناو بانگەکانی ئەدەبی ئەورووپی دادەنرێت و زۆربڵاوبۆتەوە، هەروەها وەرگێردراوەتەسەرزۆربەی زمانەکانی دنیا،ئەمە جگە لەوەی کە لەم ڕۆژەدا گەلێک لە نووسەروئەدیبی جیهانی لەدایک بوونە ومردوون لەوانە :

١ـ مردنی ڕۆمان نووسی بەناوبانگی بەریتانی ولیەم شکسپیر لە ۲۳ی نیسانی ۱۶۱۶ کە بەدیارترین و گەورەترین نووسەری شانۆ لەجیهاندا دادەنرێت تاکوئێستا.
۲ ـ مردنی میگل دی سیرڤانتس سابیدرا گەورە نووسەروشاعیرو شانۆنووسی ئیسپانی کە یەکێکە لە پێشەوایانی ئەدەبی ئیسپانی لەسەر ئاستی جیهان.
۳ ـ مردنی ئینکا گراسیلا دی لافیگا گەورە نووسەری ئیسپانی لە ۲۳ی نیسانی ۱۶۱۶.
٤ ـ مردنی جۆزیف پلای ڕۆژنامە نووس و نووسەری ئیسپانی لە ۲۳ی نیسانی ۱۹۸۱.
٥ ـ لەدایکبوونی نووسەرو بیرمەندی فەرەنسی موریس درون لە ۲۳ی نیسانی ۱۹۱۸. لەساڵی ۲۰۰۹ کۆچی دوایی کردووە.
٦ ـ لەدایکبوونی نووسەرو ڕۆژنامەنووسی کۆلۆمبی مانوێل میخیا فابیخۆ لە۲۳ی نیسانی ۱۹۲۳.
۷ ـ لەدایکبوونی ئەدیبی ئایسلەندی هالدور لاکسنس لە۲۳ی نیسانی ۱۹۰۲. خەڵاتی نۆبلی ئەدەبی لە ساڵی ۱۹۵۵ وەرگرتووەو لەساڵی ۱۹۹۸ کۆچی دوایی کردووە.
۸ ـ لەدایکبوونی نووسەری ڕووسی ئەمریکی فلادیمیر ناباکۆف لە ۲۳ی نیسانی ۱۸۹۹.

# هەستێکی ناسک و بە سۆز لە ئاسۆی قەڵەم دا





شنۆ. عەلی ڕەزامحەممەدنیژاد[1]

ئاسۆی قەڵەم کۆمەڵێک پەخشانی مامۆستای هێژا عومەر محەممەدی ناوی ناسراوی شارە جوانەکەی شنۆیە کە پێنووسی بە سێرە و ڕەنگینی لە سەر پەرتووکی دڵ خزیوە ودەیان وتار و پەخشان و بەرهەمی ئەدەبی تریشی خوڵقاندووە کە لەم وتارە کورتە داپێکەوە هاوڕێی هەستی ناسک و بەسۆزی لە ناو ئاسۆی قەڵەم دا دەبین، بەڵام بەر لەوەی نەختێک لەژێر ساباتی ڕەهەندەی کۆمەڵە پەخشانەکە بخولێنەوە سەرەتا بە پێویست دەزانم لە چەند دێڕێک هەندێک زانیاری سەبارەت بە نووسەرەکەی بخەمەڕوو.

عومەر محەممەدی مامۆستای قوتابخانەیە و لە هەرەتی مێرمنداڵیەوە حەزی لە شیعر وئەدەب کردووە وخولیای خوێندن ونووسینەوە بووە. ئاسۆی قەڵەم وەکوو یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی(٢٠٠١ز) بڵاو بۆتەوە.

ئاسۆی قەڵەم کتێبێکی نازدار و لە بەردڵانە و بە ناوی کۆمەڵە پەخشان ڕێگای گوڵستانی ئەدەبی بڕیوەو گوڵێکی بۆن خۆشە لەو گوڵستانە. بۆم پرسیارە بڵێی کێ بێ کاتێ ئەم ڕێگایە دەبڕێ تەزووی ساردی بەسەر لەش دانەکێشرێ! بڵێی کێ بێ باڵاپۆشی شاهانەی پەخشانی ئاسۆی قەڵەم بخوێنێتەوە و هزر و خەمی نووسەر، ئاویتەی زەین و مێشکی نەبێ؟ تۆ بڵێی کامە کەس بێ درامای دڵشکان و خەون و خەیاڵ و حەزوئاواتی مرۆڤی بە بەر چاو داتێ نەپەڕێ؟ بڵێی کەس هەبێ ڕووداوە مێژوویی کانی دڵتەزێنی لەناو زەین ومێشکی دا تێکەڵاوی وشە وشەی هیماکانی ناو دەقەکە نەکاتەوە؟

لام وایە نووسین ووێرایی درکاندنی بابەتەکە لەسەر مەینەتی وخەم وچۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و جوانی ناسیدا لە شیعری کورد کەمتر نیە! ناسنامەکەی کۆمەڵێک لەو فاکتۆرانەیە کە نووسەر هزری خۆی پێ دەناسێنێ و وەکوو ئاوێنەیەک هەبوونی خۆی پێدا دەبینێ. خۆی مرۆڤێکی بەرزی کۆمەڵگاکەیتی و بەرزترین مرۆڤی زەین و کۆمەڵگاکەشی لە داخی ڕۆژگاری سەخت و پڕ زەبر و زۆری گوشار، بە نیگەرانی و دڵی پڕ لە هیوای بە ئامانج وحەزەوە دەڕوا بەرەو شوێنێکی ناسراو و لە کاتێکی دیاری کراو.مرۆڤی بەرزی زەینی نووسەر لە دەست ناڕاستی و نەزانی دەناڵێنی وەک بۆ خۆی دەنوسێ:

" دەڕوا لە داخی ئەم مرۆڤانەی کە نقومی گێژاوی زەلکاوی پڕ و پووچ و نەزانین. ئەزانی خەیاڵاتن، کڕنۆش بەرانی خودایانی بێ دەسەڵاتن..." هەروەها دەنووسێ:"... دەڕوا بەرەو قەڵای لە شکان نەهاتوو، ئەشکەوتی حەڕا، ئاستەمگەی مێژوو، هەم چریسکەی هەتاو، هەم تاوڵی ڕەشی بۆ تاریکی هەڵداوە، دەڕوا لەوێ بگیرسێتەوە. چرپەی ڕاز بە گوێی شەوەزەنگ، شەوی کپ و بێدەنگ بچرپێنێ، خەو لە چاوەکانی شەو ڕاچڵەکێنێ."

نووسەری ئاسۆی قەڵەم ناسنامەکەی ئاسۆی قەڵەمە کە تەنیا تێدا خۆناساندن و خۆناسین نیە، بەڵکوو پێکهاتەیەک لە جوانی ناسی و ئەدەب بە خامە بەهێز و پێزەکەی دەنەخشێنێ و پەخشانی سەردەمی خۆی پێ دەڕازێنێتەوە و لە سروشتی وڵات دا تاکوو بەرزترین مرۆڤی زەینی بە دووای ئەوێنێک لە شارێکی شەهید، شوێنەواری خەم دەگرێ وبەتامەزرۆیی دەنگ هەڵدێنی وزایەڵەی دەنگی ئاوازە دەداتەوە:

"...دەنگ سۆزی هەناسەیە، هەناسەی ئاخێکی قووڵ لە ناخێکی قووڵ، هەست ڕاگرە بە سرتە پێت دەڵێ: ئەم چۆڵەوارە،ڕۆژگاری زوو بەندەنی گوڵجاڕێ بوو، چاوگەی ئاوێ بوو لە سنگی ژیان هەڵدەقوڵێ، دەبوو بەتاڤگە وهاژەی دەهات..."

دوایی دەڵێ : "... گوێ هەڵخە:

ئەم دەنگەی دەیبیسی پڕخەی خەوی چیایە! خەونی دەنگی ئاوە و کزی هەناسەی ڕووناکی یە!

وەنەوزەی ڕۆژ کێشانی تەمەنێکی درێژە بە نێو عومری ژیان."

نوسەر خەون بە دەنگی کز و بەرزەوە دەبینێ و سەری بە دڵیخاکەوە ناوە و گوێی هەڵخستووە لە نێو سنگی زەویدا ترپەی دڵەکان لە ناو گۆڕستانییکی گەورە دەبیسێ و خەم و مەینەتی ساڵەهای مێژووی ڕەنگینی لێ دەچەقێنێ.

---

[1]. توێژەر و نووسەر لە شاری شنۆ Miladshno_٢٠٠٠@yahoo.com

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

عومەر محەمەدی ڕازی خەمێکی تاڵ ئاوێتەی خەونە سەوزەکانی منداڵی و ژیانی کرچی و کاڵی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەکا و بە فرمێسکی چاو هەنیسکی قەڵەم، ئاسۆی ڕوونی بەدڵدادێت و لە سەر تەرمی وێنەیەکی نەناسراو شین دەگێڕێ و بەجسارەتەوە پەخشانەکەی پێ دەڕازێنێتەوە.

لە ئەنجامدا من وابیر دەکەمەوەکە پەخشانەکەی ئاسۆی قەڵەم کەوتۆتە قۆناغێکی زێدە نوێ لە گوڵزاری ئەدەبی کوردیدا کە بە زمانێکی بێ گرێ گۆڵ و پڕ لە وشەی خەست و خۆڵ تەنیوەتی و ئاکامی ئەم چنینە ئاشنایە. نامۆیی لە پەخشانەکانی ئەدەبی عومەر محەمەدی دا نامۆیە و هەرچی ڕەنگاوە، بۆن وبەرامەی خەم وخۆشی وخەڵک وخوڵقانە کە وەکوو جانتا و کەشکۆڵێک وشەی ژیانی ئاڵۆزاوی لە ملی کردووە و بەپەرۆشی دەڕوانێ.

من لەوە زیاتر درێژەی پێ نادەم و بیر وراڤە و بۆچوونم کۆتایی پێ دێنم و داوا دەکەم لە ئاسۆی قەڵم بڕوانن وبە نیگای خۆشەویستی خۆتان میوانی بەرهەمێکی دەوڵەمەندبن.

سەرچاوە:

عومەر محەمەدی (١٣٨٠هەتاوی٢٠٠١ز) ئاسۆی قەڵەم(کۆمەڵێک پەخشانی ئەدەبی) شنۆ: چاپی ئاریا

## بۆنی شەونمی هەناسەی



**سلێمانی. عومەر کەریم بەرزنجی**

لەگەردنت وەکو ڕەش مار ئاڵاوە ئەو پرچە ڕەشە
ڕووخسارت هەر لەمانگ دەچێت جوان و گەشە

وەکوو مانگی چواردەیەو خەرمانەی داوە ئەو گوڵە
مەست ئەکا بۆنی شەونمی بۆی حەیرانە ئەو دڵە

نەرمە نەرمە دێ و دەچێ ئیرەیی وەرانی ئەو گوڵە
بۆنی شەونمی هەناسەی دەشکێنێ تاسەی ئەو دڵە

دڵ و گوڵ دوانەیەکن دەنەخشێنن نەخشی ژیان
گەر لە یەکیان دابڕی وێرانەیە تەختی جیهان

بۆنی میسکە خەندەکەی پەرەی لێوی ئاڵ و گەشە
ئەو نەبێ بۆچیمە دنیا یەکپارچە تارمایی ڕەشە

خودایە تۆ نەیبڕی ئەو لای من جوانترین بەشە
ببەخشی پێی بەوکەسە لەبوونی یاری بێبەشە



**سەردەشت. خەمبار**

دووری لێم ئازیزەکەم ئێستاش دڵم گریانە بێت
ماڵ و حاڵم هەر لە کۆڵە ژیانەکەم وێرانە بێت
سێپەرە و شەخەتەی سڕی دووریت لە ناو دەبڕێ هەنا
حاڵی من شێواوە لێرە و بێ سەر و سامانە بێت
دەستی من بگرە هەتا گیان دەردەچێ پێ بەندی تۆم
گەر لە ژانی خۆم بنووسم پڕپڕی دیوانە بێت
چاری دەردی عەشق و حەز هەر باوەشی دڵدار و بەس
ماڵی سینەم تەم تومانە و باگژە و زریانە بێت
با بە یادی جاری جاران ئەمن و تو هەستینەوە
مانی وا ئاخر عەزیزم پێم بڵێ کەی مانە بێت
هەر هەمە، ئێستاکە هیوای یەک وەڵامی دڵبەریت
حەز لە کارامان قەشەنگەو تۆ خودا کەی جوانە بێت
گیان دەبەخشم بۆ ژیانێ ساتە وەختێکی کەمیش
سارد و سڕ کەوتوومە سووچێک هەر شەقەی دندانە بێت
یادەکانیشت لە بۆ دڵ خەمڕەوێنن چاو خومار
هەر خەیاڵێ تۆی تیا بێ لام بە سەد دەرمانە بێت
ئەی فریشتۆکەی خەیاڵی، دایمە ماندووم تۆ لە کوێی
بۆ دەفەرمووی ناکرێ نا خۆ دڵم قوربانە بێت
خەم دەکوژێ ئەو دڵەی من هەر کە باسی کوچ ئەکەی
تا ئەبەد خەمبارە هۆنەر چی بڵێم لەم (دوانە) بێت

# خەونەکانی باوکم



نووسەر: غوڵامحوسن ساعیدی



وەرگێڕ: ئەمین گەردیگلانی.بۆکان

ڕۆژی هەینییە . باوکم چەند دەفتەر و باوە شێک کاغە زی هێناوە، لەبەر دەمیدا لە ژووری دانیشتن بڵاوی کردۆتەوە. سەر تاقەکە پڕن لە بەرگە و قەواڵە و دەفتەری جۆراوجۆر و لیستی مووچە ی فەرمانبە ران. باوکم ژمێریاری دایرە ی داراییە . دایکم بە بۆڵە بۆڵ لە ژوورەکە دێتە دەرێ و لەسە ر پلیکانەکان دادەنیشێ و بە ئاماژە بانگم دەکات بۆ لای خۆی:

-«دیتووتە چی دەکا؟ دەزانی چ قوڕێکم بۆ گێڕاوەتەوە، ئەوەش هەینییەکانمان. چ بکەم؟ دەزانم مەگین بمرم دەنا لە چنگ ئەم ژیانە ڕزگارم نابێ . دەزانم هەتا نیوەشە و دەخایێنێ : "قسە مەکەن، هاتوچۆ مەکەن، ئەوە چی بوو تەقەی هات؟ هێواشتر قسە بکە ن، دەفتە ری گشتییەکەی من کوا..." هێشتا گەسکم لە ژوورەکان نەداوە. چێشتم لێنەناوە. ناوێری بجووڵێیتەوە، خەریکە شێت دەبێ، تۆ وەرە سە یری کە. بڕوانە.»

پێکەوە بە پێدزە دەچینە بەر پەنجەرەکە. باوکم لە لای سە رووی ژوورەکە لەسە ر بەتانییە کی کۆن دانیشتووە، قژە ماشوبرنجییە کەی کەوتۆتە سە ر ناوچاوانی و چاویلکە کەی لەسە ر لووتی داناوە، دوگمە ی کراسە کەی هەڵگیراون و لە بەرۆکی ئاوە ڵای کراسە کەیەوە پەراسووی ڕەق و قۆقزی لە هەمیشە ڕەقوتەقتر دەنوێنێ.

چەند دەفتەری گەورەی لەسە ر یەک هەڵچنیوە، لای چەپ و ڕاستی بە پەڕە کاغە زگیراوە و لەسە ر یەک کەڵەکەی کردوون، بەڵام هیچ کارێک ناکا. قەڵەمێکی بە ددانی گرتووە و لە سووچێکی ژوورەکە ڕاماوە. دایکم دیسان دەستپێکرد:

-«ئەمەش بوو بە ماڵ؟ ئاخەر ئەوە ژیانە ئێمە هەمانە؟ خودایە مەرگ سەد جار لەو ژیانە باشترە . ئاخە ر هیچ کەس نییە بەو کابرایە بڵێ، ئێرە ماڵە، خۆ فەرمانگە نییە. بۆ چی ئاوا تویخی خۆت بردووە؟ تۆ بڕوانە، بڕوانە، دەڵێی پشیلە یە چاوی لە سووچێک بڕیوە، ئێستا دەست پێدەکا و دەرهەڵدەبێ، چەند ژمارە لە مێشکیدا تێکەڵ بووە و ناتوانێ لێکیان داتەوە. ئیتر تاقەتی دیتنی ئەو باروودۆخە م نییە.»

بە زۆر دایکم لەبەر پەنجەرەکە دوور دەخەمەوە و بە لەبزێکی ئارام دەڵێم:

-«باشە ئیتر دایە گیان، هیچی لەگەڵ ناکرێ، دەبێ تاقەت بێنی، هیچی وای نەماوە، دوو ساڵیتر خانەنشین دەبێ، ئیتر لە دەست ئەو کارانەی نەجاتمان دەبێ و دەحەسێینەوە.

دایکم دەست بەردار نییە، بەردەوام پرتە و بۆڵەی دێ و ئیتر تاقەتم نەماوە گوێی بۆ بگرم، بە قاڵدرمە کاندا وەسە ر دەکەوم و دەرگای ژووری میوانداری دەکەمەوە و لە تەختی ژوورەکەدا خۆم لەگەڵ دەدەم. سەرم کاس بووە، خەریکم دەبووریمەوە. وێنەی تافی لاویی باوکم بە دیواری بەرەوڕوومەوە هەڵواسراوە. قەڵافەتێکی جوان و تەڕپۆش. ڕوومەتی خڕ و پڕ و قژی شانەکراو . بیر دەکەمەوە ئەگەر من بگە مە تەمەنی باوکم چۆنم لێدێ و قەڵافەت و ڕوخسارم چۆن دەبێ، من کە ئێستا ئاوا داڵگۆشت و مردەلۆخە م؟ بەو دڵتە نگییە وە کە تاقە تم نەماوە و مەیموونەکەم تۆپیوە، شتێک لە نێو کاسەسەرمدا کەوتۆتە جووڵەجووڵ و وێنە کەی باوکم لەنێو قەتحە کەدا گیانی وەبەردێ و قەڵافەتی گۆڕانی بە سەردا دێ. ئەملاولای دەمی چرچولۆچی قووڵی تێدەکەوێ. سەر و قژی دەئاڵۆزێ و نێو چاوانی گرژ دەبێ، دەموچاوی تێک دەقوپێ و یەسقانی لاجانگی زەق دەبێتەوە. ملی بە قووڵدا دەچێ و یەسقانی شانی بەرز دەبێتە وە. دەمی دادەچەقێ و کتوپڕ پەرۆش دەکا. هەست دەکەم دڵم تێکەڵ دێ و خەریکە دەرشێمەوە، دەمەوێ هەستمە سەر پێ. بۆنی شێ بە لووتم دەگا و بە دوای ئەودا گوڕە گوڕی باوکم لە ژووری نشیمەنەوە. شەیتانەکان دیسان هاتوونەوە جەستەی.

بە پەلە خۆم دەگەیەنمە ژووری نشیمەن. باوکم بە تەنیایە. دیارە زۆر شڵەژاوە.

-«ئەوە چییە باوە؟ چی ڕووی داوە؟»

-«نایگرێتەوە، هەر چی دەکەم ڕاست دەرنایە. نازانم چبکەم؟ دەبێ فێڵ و تەڵەکەیەک لە گۆڕێدا بێ.»

-«فێڵ و تەڵەکەی چی باوە گیان؟»

-«ئەوی لەو دەفتەرە دایە دەشێوی و جێگۆڕکێ دەکەن.»

-«چی جێگۆڕکێ دەکەن؟»

-«ژمارەکان. دەتەوێ چی جێگۆڕکێ بکا.»

-«چۆن جێگۆڕکێ دەکەن؟»

-«هەموویان وەک مێروولە دەڕۆن. تێکەڵ دەبن، زۆر سەیرە، سەریان لێشێواندووم.

-«شتی وا هەر نابێ باوە!»

-«چۆن نابێ؟ بە چاوی خۆم دیمن، چەند دانە چوار و نۆ و پێنج بە خێرایی جێگۆڕکێیان کرد.»

-«ئەوە خۆ گرینگ نییە باوە گیان...»

-«گرینگ نییە؟ بۆ تۆ گرینگ نییە کە بە مفتە دەلەوەڕێی و هەڕاڵوگەڕاڵ دەسووڕێیتەوە، ئەرێ بۆ تۆ گرینگ نییە. دەنا زۆریش گرینگە.»

-«ماندوو بووی باوە ماندوو، ئەگەر تۆزێ...»

-«ماندووی چی و شتی چی. ئەگەر حیسابەکە هەڵەی تێکەوێ دەزانی چی دەقەومێ، تۆ خۆ لە من تێناگە ی. ئەگەر چکۆلە ترین هەڵە ڕوو بدات و حسابەکە چەتی تێکەوێ دەزانی چی ڕوودەدا؟ تۆ ئەگەر پیاوی پێم بڵێ هەڵە لە حیسابدا یانی چی؟»

-«هەڵە هەر هەڵەیە ئیتر.»

-«نا ملهۆڕ، هەڵە مانایەکی دیکەشی هەیە، یانی دزی. هەڵە یانی دزی، حاڵی بووی؟»
-«یانی کێ دزیی کردووە؟»
-«یانی من. باوکە بێشەرەف و بێناموسەکەت.»
-«خۆ تۆ لەگەڵ پارە سەروکارت نییە باوە گیان.»
-«ئەی ئەوانە چییە دەینووسم؟ مەگین ئەوانە پارەنین!»
-«ئاخر خۆ ژومارەی پارە نادزرێ.»
-«ئەی چی دەدزرێ؟»
-«پارەکە خۆی.»
-«برۆ شەپێک لە خۆت و لە ئەقڵت هەڵدە، خۆ تۆ تێناگەی. مەگین خوالێخۆشبوو (دەفتەری)ت لەبیر نییە؟»
-«با، چۆن لەبیرم نییە.»
-«دەزانی بۆ خۆی کوشت؟»
-«نا، نازانم.»
-«بەڵێ، جا دیارە نازانی. هەر بە هۆی هەڵەیەکی ئاواوە بوو خۆکوژیی کرد. »
-«کارێکی باشی نەکردووە.»
-«ئەرێ، ئێوە وای دەبینن، بۆ ئێوە هەر وایە. کاتێک منیش خۆکوژیم کرد هەر وادەڵێن.»
-«باشە خۆکوژی بۆ؟»
-«لەبەر ناو زڕانەکەی خۆم، لەبەر ناو زڕانەکەی. پێت وایە من لە چی دەترسم؟ لە پاسەوان، یان سەرۆکی دادگا و زیندان؟ نا کاکە، من لەوانە ناترسم، تەنیا و تەنیا لە ناوزڕانەکەی دەترسم.»
-«ناوزڕانی چی باوەگیان، هەمووان تۆ دەناسن، دڵنیابە!»
-«چۆن شتی وا دەڵێی ڕۆڵە، من دەزانم ناوزڕان لە گۆڕێدایە. هەر ئێستا من لێم قەوماوە. ڕۆڵە تووش بووم تازە. کەوایە بۆ لەخۆڕا وای لێهاتووە؟ بۆ هەموو شتێک تێکەڵ پێکەڵ بووە؟ بۆ هەموو شتێک شێواوە؟ ها؟ دەتوانی وەڵامم بدەیتەوە یان نا؟ ها؟ بۆ لاڵ بووی؟ زمانت بەستراوە؟ دەپێم بڵێ دەی هەتیوە هیچوپووچە.»
دەستی گێڕا و پڕی بە یەکێک لە دەفتەرەکاندا کرد. من هەتا توانیم لە ژوورەکە دەرپەڕمە دەرێ، شتێکی قورس لە پشت سە رمەوە، زرم درابە دەرگاکەدا.
سەعات دووی دوانیوەڕۆ من و دایکم، لە خەڵوەتییەکە نانی نیوەڕۆمان خوارد و هاتینەدە رێ. چێشتە کەی باوکم لەسە ر تاقە کە سارد بووبۆوە، نە من و نە دایکم قەت ناوێرین وەبیری بێنینەوە کە کاتی نان خواردنە.
باوکم سەری بەرز دەکاتەوە و لە پشت چاویلکەکەیەوە لە من و دایکم دەڕوانێ.
-«ئەوە چییە؟ بۆ ئاوا سەیری من دەکەن؟»
من لە دایکم بوێریم زیاترە، لە سەرەخۆ دەڵێم:
-«هیچ نییە.»
-«چۆن هیچ نییە، زۆر شتیش هەیە. ئێوە نازانن.»
-«لەوانەیە وا بێ باوە.»
-«نەخێر، وانییە، تۆ دەقەیەک وەرە پێشێ.»
دەچمە پێشێ و لە پەنای دادەنیشم. دەفتەرێک کە لەبەر دەمی باوکم کراوەتەوە، پڕە لە ئەستوونی ژومارە . باوکم بە قامکی ژومارە یەکم نیشان دەدا.
-«ئەمە چەندەیە؟»
-«نۆ!»
-«بەڵام هەتا خولەکێک لەمەوبەر حەوت بوو. ئەی ئەمەیان چەندە؟»
-«سێ.»
-«وایە، ئەمەیان تەنیا ژومارەیەکە کە لە جێی خۆی جووڵەی نەکردووە. ئەی ئەمەیان؟»
-«حەوتە.»
- «بێشەرەفی خوێڕی. بەر لەوەی پێشان تۆی بدەم هەشت بوو.»
-«چۆن شتی وا دەبێ؟»
-«یانی من درۆ دەکەم؟ هەشت بوو ئیتر.»
-«چۆن شتی وا دەبێ؟ ها؟»
چەند ساتێک لە سووچی ژوورەکە ڕادەمێنێ و پاشان بە خۆشحاڵییەوە:
-«دەی دیارە، ئەگەر هەشت سەرمەقولات بدا دەبێتە حەوت. مەگین وانییە؟»
بە هێمنی وەڵامی دەدەمەوە:
-«ئەرێ، بەخۆ هەڵگێڕانەوەیەک دەتوانێ ببێتە حەوت.»
-«خۆ هەڵگێڕانەوە، سەرمەقولات.»
-«بەڵێ وایە.»

-«بەڵام حەوت هەر کارێک بکات ناتوانێ ببێتە نۆ، دەبێ؟»
-«چۆن نابێ، لەوانەیە هەر وا درێژ بێتەوە و وەکوو یەکی لێبێ و ئەو کاتە سەری خۆی خوار دەکاتەوە و خڕی دەکات و دەبێتە نۆ.»
سیخوڕمەیەکی لە خاڵێگەم کوتا و لە جێی خۆم ڕاپەڕیم.
-«خۆت بە گەوج بزانە بۆرە پیاوی گەمژە. شتی وا هەر نابێ و مەحاڵە. بەڵام من دەبێ سەرم لەو فێڵ و تەڵەکەیە دەرچێ . ئەرێ، وادیارە ڕازێکی سەیر و سەمەرە لە گۆڕێدایە. دەبێ سیحر و جادوویەک لە گۆڕێدا بێ.»
چاو لە دایکم دەکات و چاوی دەدەپەڕێنێ و لێی مۆڕ دەبێتە وە. زۆر بە ئارامی چاویلکە کەی لە چاوی دادەگرێ و لەسە ر نێوە ڕاستی دەفتەرەکەی دادەنێ.
-«ژنەتیوە، ئەم کارە نەکا کاری تۆ بێ؟»
-«ئەوە دەڵێی چی پیاوی چاک. وادیارە بە جارێ لەونت لێگۆڕاوە!»
-«ئەرێ زۆر وێدەچێ لەژێر سەری تۆدا بێ. چیت کردووە؟ پێم بڵێ.»
-«دەست هەڵگرە و قسەی هەڵیتوپلیت مەکە پیاو. ئێستا دەتەوێ هەموو دارەکان لەسەری مندا بشکێنی؟ من بۆ دەبێ کاری وا بکەم؟»
-«بۆ ئەوەی کاری فەرمانگە نەهێنمەوە بۆ ماڵێ.»
-«ئەی خودا هەڵینەگری، شتی چۆن دەبیستم.»
هەڵدەستێ و ئاوقای دایکم دەبێ، قژی دەگرێ و بە نێو ژوورەکەدا ڕایدەکێشێ، جارناجارێکیش مشتێکی توند بە نێو شانیدا دەکێشێ.
-«دەتکوژم! دەبێ بڵێی، دەبێ ڕاستیم پێ بڵێی.»
بە تووڕەیی دەچمە پێشێ و دایکم لەژێر چنگی باوکم دێنمە دەرێ. دایکم بە دەنگی بەرز دەگری و تووک و نزا لە باوکم دەکا . دایکم چارشێوەکەی هەڵدەگرێ، دەرگاکە دەکاتەوە و دەڕواتە دەرێ. بە هەڵەداوان وەدوای دەکەوم. دایکم بە دەم کوڵی گریانەوە ئاوڕ دەداتەوە و ڕوو لە باوکم دەکات کە لە پەنجێرەکەوە ملی کێشاوەتە دەرێ:
-«یاخوا خێر لە خۆت نەبینی پیاو. بەو ئاخری عومرە چاکت پاداش دامەوە. ئەوەش جوابی عومرێک ئازار و مەرارەت لەو ماڵە دا. یاخودا نەحەسێیەوە. پێت وایە دیلت وەگیر کەوتووە؟ دەچم بۆ ماڵی براکەم و تازە سەر بەم ماڵەدا ناکەمەوە.»
باوکم بە دەنگی بەرز دەگوڕێنێ:
-«بۆ هەر کوێ ملی خۆت دەشکێنی بچۆ، بە توونی تەبەس. هەر کەس خۆی لە کاروباری فەرمانگە وەردا سزاکەی هەر ئەوەیە.»
کاتژمێری شەماتەدار دوازدە جار زەنگ لێدەدا. مەلە کلاونەکەی سەری دوازدە جار دەنووکی دەکاتەوە و دایدە خاتەوە . دەنگی کەڵەشێری جیرانەکەشمان لەگەڵ دەنگی مەلەپۆپنەی کاتژمێرەکە تێکەڵ دەبێ. من لە ژووری میوانداری دانیشتووم و جگە رە دەکێشم، لە پڕ دەرگاکە دەکرێتەوە و باوکم بە شڵەژاوی و پەشۆکاوی دێتە ژوورێ. هەر دوو دەستی لەسەر سینگی دادەنێ و لەبەر دەممدا چۆکی دادەدا.
-«حەزرەتی هێژا! تکات لێدەکەم گوێ لە دوایین سکاڵای من بگرە، من کارمەندێکی بێدەسەڵات و لێقەوماوم . عومرێکە بە گیان و دڵ هەوڵ دەدەم و ئەرکی فەرمانگە بەجێ دێنم و وەک ژمێریارێکی فیداکار حیساب و کیتابی دایرەکە م لە ئەستۆیە . خودا لەو سە رە ئاگادارە هەتا ئەمڕۆ چکۆلەترین هەڵە لە کارمدا نەبووە. دەزانم ئێرە دادگایە، خودا دەزانێ هەتا ئێستا پێم بە شوێنی ئاوا دا نەهاتووە. من بە شە ڕەف و ویژدانەوە ژیاوم و دەژیم. ناشزانم چی ڕوویداوە و بۆ چی تووشی ئەم بارودۆخە بووم. ئەگەر چی دەزانم یاسا لە هیچ کەس نابوورێ و عەداڵەت هەمووان گرفتار دەکا. بەڵام ئەم جارەیان خەتای ئەو ژنەتیوە پەتیارە یە و ئەو هەتیوە ملهۆڕە م بوو کە ئاوای لێهات . من لە سزادان ناترسم. تەنیا لە ئابڕوو چوون و ناوزڕان دەترسم. تۆ سەری ئەو منداڵانەت ئازادم کە و مەهێڵە دۆست و دوژمنم پێ خۆشبێت و ئابڕووم بچێ. ناوم مەخە ڕۆژنامەکانەوە، من چارەڕەشم و هەزار جۆرە بەدبەختی و چەرمەسە ریم کێشاوە . بەڵام هیچ کات بێ ئابڕوو نەبووم. تکایە بێ ئابڕووم مەکە و تکات لێدەکەم، تکات لێدەکەم لێم خۆش بە و ئابڕووم بپارێزە.»
دەیهەوێ باوەش بە لاقمدا بکات، هەڵیدەستێنم. بە شێوەیەکی فەرمان پێدەرانە دەنگم هەڵدێنم و پڕ بە ژوورەکە دەگوڕێنم:
-«تەنیا تاوانی تۆ ئەوەیە کە گوێ بە فەرمانەکانی من نادەی.»
-«من بێجا دەکەم. هەر چی ئێوە بیفەرموون مووبەموو بەڕێوەی دەبەم و سەرم لە ڕێتدایە و بە موو لە فەرمانی ئێوە لانادەم.»
-«کە وایە هەر ئێستا دەڕۆی و دوای ئەوەی حەبێکی ئاسپرینت خوارد بە ئارامی ڕادەکێشی و دەخەوی.»
باوکم بە فەرمانتە، فەرمانتە و بە چاوان، بە چاوان لە ژوورەکە چووە دەرێ.
چەند ساتێک دواتر بە پێدزە دەچم بۆ داڵانەکە. دەنگی پرخوهۆڕی باوکم ژووری نشیمە نەکەی داگرتووە و لە شوێنێکی نادیاریشە وە چریکەی خوێندنی جوڕەپۆپنەیەک دێتە گوێ.

## « ئەڵێم نەڕۆم لە شارەکەت!شالوتەوارەکەم!»



مەهاباد. دوکتۆر ئەحمەد ئەحمەدیان

شالوورەکەم!
تەوارە کەم!
ژیار و ژیان و مان و لان وحاڵەکەم!
دڵئەرخەیانەکەم!
کەسی کەسم!
کە سێی هەناسەمی!
کەسایەتی وپێناسەمی!
کە تۆی بەشی وشەی گەشە ونەشە،
لە ناو دووتوێی قامووسی خەمڕەوێنی خەونی خۆت وخۆم،
هەگبە–وشەی گەشە و ورشە و گرشەی،ئەتۆ!
بۆ تان وپۆی تەونی تۆکمەی خۆزگە وخەیاڵ وخەونی خۆ،
یەکەم ، دووهەم ، دوایین وشەی ئەلفووبێتکەی تێکچنداروی
فەرهەنگۆکمی!
پڕواتاوو تەژی لە ژین و ورشەدار وخۆری
پڕلەگرشەگرشمی،
تۆ خوازەی خانوولەی ژیان و مان و بوونی کە ونمی
زمان و زار و زاراوەی پێوانەمی،
تۆ پێشگر وتۆپاشگری پڕاووژێی وشەدانی شوناسمی،
تۆ تێکەڵاو و لێکدراوی گۆشت وپێست وئێسک و هەست و
نیستمی ،
هەڵوێست و ویست و نەست و هەست وخوستی خەست
و،خەون وخوێنمی ،
ڕەسەنترین پێکهاتە و توخم وماکەی بوون و مان وژینمی،
تۆ هیمی هەوەڵین و دواهەمین داهێنانی ئافرێنەرانمی،
تۆی داهێنەر!
بۆ هۆنە و بۆنەی مانەوی هەرمانمی،
تۆ ماکە وتوخمی گەوهەرینی وو هەناوەکی بۆ ژیانەوەم،
تۆستران و تۆ لاوک و سیاچەمانەوو حەیرانمی،
هەست بزوێنی و بیرراژێنی و دڵ ئەنگێوی و هزرشێوێنی!
ئەتۆی هەودا و هێما وهەوین وهۆ،
بۆ واتای هزری بزر و،پاکژیی پێناسە ووشوناسی خۆ،
تەواری تەرزی بەرزی بەرزەڕۆیوی بەرزەفڕمی، تۆ!
بەری بەیان لە شەقەی باڵ ئەدەی لە قەندیلی قەڵای عەویقی
ئاسمان، ئەتۆ!
شەقەی شاباڵی شای شاخان،
سەیدای شۆخان و،
چلچرای شکۆی شاران ـی!
کە "دێ"م و "دێ "م و "دێ "م و "دێ"م،ئە ڵێم نەڕۆم لە
شارە کە ت!
کە چوارچرای چرۆ–ئاژۆی پێتەختی پڕپیتی شوناسمی،

کە ڕاڤەی تاسە و ڕاسان و ڕاپسکانی پەسڵانمی،
کە هۆ وهەودا و هەوێنی گشت هەبوونمی،
کلیل–وشەی دەرگای قەڵای پێشەنگانی پێشکەوتنخوازیی
پێشڕەوی!
شاسوار و شۆڕەسوار وشەنگە–شۆخەسواری پێشڕەو و
پێشەنگمی !
شازادەی شاری شانازیی شکۆدارانی شەوتارێنمی!
بەیان نامەی سنووربەزێنی کەوشەنی شکۆی شوناسی
شاراوەی،
سەرۆکی شاری بیری ژیاری ڕۆژاوا لە ڕۆژهەڵات ـی!
تۆ چارەنووسمی،
تۆ ڕووگەمی،
تۆ نوێنگەی گیرابوونی هانا و گازەمی!
پێنووسی بەخت و تەخت وهات وهەم نە هاتمی،
تۆژینگە و ژوانگەی پاکژی بۆ ژیان و ژان و بۆ ژوان،
تۆ باوکی بیر و بیری باو و باوی بیر وبیری باوکمی،گوڵم!
تۆ بێی پڕپیتی سەروشەی بێستان وباغی بەربەیانمی!
منیش ئەلف کە بێی ئەبینە ئەلفووبێی پڕئاوی ڕوونی
کانیاوی ژوان و ژین!
من دانەری فەرهەنگی ئەلف وبێی کووچەی دواڕۆژی پێک
لکانی بێ میناک ئەبم،
گەر بێی بلێی کە دەبمە یای وێنای ئایدای کووچەی گۆڕین!
تۆ ژان وئاخ و ،ژووری ناخ وژێی کەمانی ئەودڵەی تەژی لە
ژەنگ وژارمی،
کەوابوو ژێی کەمانەکەی دڵم !گوڵم!
دڵم لە ژەنگ وژاری دابڕان وهەڵبڕانی دڵبەریت بشۆرەوە،
بەگوژمی ئەو تەوژمە بێ سنووره ژان بەزێنەیەت،
بە گوڕمی ئەو گڕی کوڵی دڵی پڕی لە ڕاز و ڕاژە وو
هەژانەیەت،
تۆ بیخەڕێ دڵم بۆ ئاژوان بەرەو بناری ژینی نوێ،
تۆ بیخەڕێ ،بەرەو ئەو ڕێچکەیەی کەگشت دڵان دەکەونەڕێ
بەرەو ئەوێ،
کە شاری پڕژیاری دوور لە ژەنگ وژاری ژان و،
پڕ لە ژوان و ئاژوان بەرەو ژیانەوە وهەژانی بەربەیان،
ئەوێ،
ئەڵێم کە "دێ "م و دێم،ئە ڵێم نەڕۆم لە شارە کە ت!
ئە ڵێم کە "دێ "م و "دێ "م و "دێ "م و "دێ"م
ئە ڵێم و، دێم و دێم ودێم و دێم،
ئەڵێم کە:بێم،
تواوە پیتی ئەلف و،بێم،

ئەڵێم کە بێم و"دێ"م، ئیتر نەڵێم: ئەڵێم برۆم لە شارەکەت!
لە ڕێچکە یەک کە گشت دڵان دە کە ونە ڕێ بە رە وئە وێ،
چلۆن برۆم، چلۆن برۆم،
لە ناخی یاخی خەونیشم خۆ ئەر بڵێم :
ئەڵێم برۆم لە شارەکەت!
بروامەکە ،بروامەکە!
ئە ڵێم کە "دێ"م و دێم، ئە ڵێم نەڕۆم لە شارە کە ت!
کەڕۆیشتنم ،بە دەو بەرەو هەڵدێری دواکەوت هەنگاوم پێ ئەنێ،
کە ڕۆیشتنم لە شار، دژی ژیار وژیانەوە وبووژانەوە و هەژان ئەبێ،
کە ڕۆیشتنم لە شار ئەبێتە ئاژوان بەرەو کەژاوەی ژەنگ و ژاری
ژوان-بەزێن و ژان-هەژێنی ڕابردووی خەسار،
کەوابوو من دژم بە ئاژوان بەرەو بەرەی هەڵاتووی دژبەر و دژی ژیاری شار،
کەوابوو من چلۆن دەڕۆم،چلۆن دەڕۆم!
شالوورەکەم!
تەوارە کەم!
ژیار و ژیان و مان و لان وحاڵەکەم!
دڵئەرخەیانەکەم!
کەسی کەسم!
کە سێی هەناسەمی!
کەسایەتی وپێناسەمی!
ئە ڵێم کە "دێ"م و دێم، ئە ڵێم نەڕۆم لە شارە کە ت
شالوورەکەم!
تە وارە کە م!
بەری بەیانەکەم!
بەبۆنەی بەربەیانی بۆنەی بوونەیەک!
بەرەبەرە لە ئەمبەر ئەوبەری بەری درەختی بێتم بێ بەری مەکە!
کە خۆت بەری درەختی بانی بیری باوی شاخ وشارمی!
بە بۆنە وبیانووی ئەو بەرامە وبۆن وبۆنەوە،
درەختی تەختی بەختی وەخت وسەردەمانی خۆت وخۆم وخزم وخۆ،
چرۆ وگوڵ وگەڵاگەڵایی گوڵ-نیشان وگەل-نیشان ئەکا!
گوڵم!ئەتۆ گەرای گڕی گڕووی گەڕیانی بوون-گەرای گەلی!
بیری نوێباو وباوی بیری بوون-گەرات،گەڕیان گەڕیان،
گەرای کردووە، چ نوێ گەرایە ئەو گەرای گۆڕین!
تۆشاری شەوبەزێنی بێ دژ وقەڵای قەڵافەتی بەری بەیانمی!
لە ڕۆژهەڵات تۆ بەژنی ژین-هەژێنی بێ دژ و ڕکابەری کەژی ژیانەوەی،
تۆکێژی ژیری بیری ڕۆژی باوی پڕهەتاوی ڕۆژئاوای بەڵێندەری!
کەوابوو من چلۆن ئەڕۆم ،چلۆن ئەڕۆم!
لەشارەکەت چلۆن ئەڕۆم!
دەڵێم کە بێم،بەری بەیان!چلۆن ئەڕۆم!
کە سواوم و تواوم و بوومە سەروشەی وشەی بەپیتی بەر بەیان!
کەوابوو دێم و،
دێم ودێم ودێم!
کە 'دێ"م و "دێ"م و"دێ"م و"دێ"م:
ئە ڵێم نەڕۆم لە شارە کە ت !
کە شار و ژیار و ژیان و مان و حاڵ و ماڵمی،
شالوورەکەم!
تەوارەکەم!
شالوتەواری خۆش-چڕ و چریکەکەم!
شالوتەواری بەرزەڕۆیوی بەرزەفڕ!
شالوتەواری بەرزەمژ ،پڕپیت و فەڕ!
شالوتەوارە خۆش پەڕ و گەڕ وخۆش باڵ و باوەکەم!
شالوتەوارەتەرز و بەرزەکەم!
ئەڵێم نەڕۆم لە شارەکەت!
ئەڵێم نەڕۆم لە شارەکەت!
شالوورەکەم! تەوارەکەم!
شالوتەوارە تەرز و بەرزەکەم!
ڕێچکەشکێن! پێوەربەزێن! سنووڕپەڕێنەکەم!
شالوتەوارە بیرخەملێن و ناخ هەژێنەکەم!
ئەڵێم نەڕۆم لە شارەکەت!
ئەڵێم نەڕۆم لە شارەکەت!



ئۆلیوێر مارجوری (شاعیرو نووسەری جامائیکایی)
وەرگێڕ: عەلی سوهرابی.سنە

هەمووکات
وەک جوولەی ڕیزێ  قرژانگی بێخۆ
کە لە زەلکاوی "مانگرۆ"* تا بەستێنی زەریا
دێنە پێش
هەمووکات وەک
سێبەری لقوپۆپی نەخلستان
کە چەمەڕای شکان و بڕینن
زۆر لەمێژە دەزانم
کاتێ نازڵ دەبێ دەبمە دوورگەیەک
لە نساری
جەنگەڵە وەرزینەو بارانییەکاندا
وا
لە نێو خۆف و هیوا  دەلەرزم
لە چەمەڕایی
کاتی چۆکدانی گەڵاکاندا
من ئەم جۆر گوتنە دردۆنگاوییە
ئەزموون دەکەم
هەمووکات، ئاخ هەموو کات
لەگەڵ دڵێ کە
داگیر ناکرێ

* مانگرۆ: ناوی جەنگەڵێ زەلکاوی  لە کارائیبە



شێعر: ڕەزا عەلیپوور
وەرگێڕ: عەلی سوهرابی.سنە

گا هۆدەم پڕ دەبێ لە لـۆتکە و
گەمییەکان لە کراکەمدا بە بڕشت، دووکەڵ لە کەرەنا دەدەن
دەبێ جوگرافیایەک، لەنگەرگەیەک، بایەک چێ کەم.
من لە مەتافیزیک باس ناکەم
جوگرافیایەک بە مێژوو قەرزارم،
بە جوگرافیاش مۆتەکەم.
دەبێ بگەڕێم و زەریایەک چێ کەم،
تەنانە لە گیرفانەکانیشمدا کە منیان وێڵ دەوێ.
من لە مەتافیزیک باس ناکەم
لە ئەسپانی بێ بڕشتی باپیرەگەلێ دەدوێم
کە لە خۆمدا پەسەندم دەکەن.
خۆزگە منیش ئێوە دەبووم.
گا گیرفانەکانم پڕ دەبن لە با و
خەریکم لەناوچە کوێستانییەکان
زەریا نا، لە کەلاکی زێ دەگەڕێم.

**



سنە. عەلی سوهرابی

شیرینەکەم!
هەرچی چرپەی باران و
گوێی تینووی باخ و
چاوی گەشی چرۆیە
هێمای ئەشقە بەهارییەکەی من و تۆیە...



## کورتە چیرۆکی زەماوەند



سەردەشت.ئیبراهیم ئەمینی" مەتین"

هێرۆ گیان، تۆ ناتهەوێ بێیت بۆ زەماوەندەکە؟
نا ژاڵە گیان.
لای مناڵانی تەڵاق، زەماوەندەکان هەموو درۆن.

## کورتە چیرۆکی _ نا _

سەردەشت.ئیبراهیم ئەمینی" مەتین"

دایە گیان:
تۆ نەخۆشی درێژ خایەنت هەیە؟
نا کچی خۆم.
نەخۆشی چی؟.
ئەوە چ پرسیارێک بوو؟
کێ ئەوەی پێ گووتووی؟
ئەدیی بۆ مامۆستا ئەمڕۆ لە تەلەفزیۆنەکە دا گووتی:
گەر ژنێک نەخۆشی درێژ خایەنی هەبێت، ئەوە مێردەکەی بۆی هەیە ژنێکی دیکەش بێنێت!

## قوڵەسەفەر



سەردەشت. هێرش بێتووشی

### ڕۆژی یەکەم – بەشی یەکەم

یەکەم ڕۆژی مانگی ئادار بوو.(١٤٠٠/١٢/١) زەوی کەوڵی سپی پۆشیبوو. چلەی گچکە ئەگەرچی هەڕەشەی ڕەقهەڵێنانی کۆرپەی لە ئامێزی دایکیدا دەکرد و تەزووی بە ناخی مرۆڤدا دێنا، لەدوایین ساتەکانی تەمەنیدا پشووسوار و کەلەلا پەلەقاژەی مان و نەمانی دەکرد. کاتێک بە دەنگی تەلەفۆنەکەی بەڕێز حاجی حەسەن جەهانارا لە ماڵ هاتمەدەر، کلوە بەفرەکان وەیلان و سەرگەردان لە ئاسمانی نیوچاوان گرژەوە خۆیان بە سینگی زەویدا دەکێشا. لەسەریەک کەڵەکە دەبوون و تا قولاپیان دەگرت. دوای سلاو و سەرکەوتن، ترومبێلەکە گرمەیەکی کرد وتارادەیەک بەدژواری بەسەر بەفرەکەدا خزا و وەرسووڕایەوە. بێ وەستان بەرەو ئامانجی دیار و دیداری هاوڕێیانی چاوەڕوانمان بەڕێزان کاک عوسمان ئەسعەدی و کاک ڕەحمان قازی لەشاری شنۆ وەڕێ کەوتین. ترومبێلەکە وەک مارێکی خۆش خەت و خاڵ بە سەر سینگی جادەکانی ناوشاری *سەردەشتدا* دەخوشی، سیرەی تایەکانی و خزەی بەفری سەرزەوی وەک نەوایەکی دڵ بلاوێن هەست و هەناوی مرۆڤیان دەلاواندەوە. بەڵام هەرکە لە بەرزایی دۆڵتانچک کلابووین و بەرەوناوشار داگەڕایین، وردە وردە لە پۆزایی بەفرەکە کەم بۆوە و لە تەنکی دا. یەک لەدوای یەک کۆڵان و شەقام و باڵەخانە بەرز و نزمەکانی ناو شاری سەردەشتمان جێ هێشت و دەروازەی دواوەمان پێوەدا. ئینجا بەدەم باس و دوان لە کێشە و پێوەکانی ژیان بەناو شارۆچکەی نەلاس و شاری میراوای مەلاخەلیلی زانادا ڕۆیشتین، بەتەنیشت سەیرانگای پردانان و ناوگوندەکانی مەنگوڕایەتیدا رابردین، لەپردی بادیناوێ پەڕینەوە، بەپانتایی دەشتی پیرانان و ناوشاری پیرانشاری شانشیندا تێوەکشایین. بەتەنیشت کارخانەقەندی چەوەندەرخۆر و ناوجەرگەی دەشتی لاجاندا ئاودیوی ئەشکەوتی بەیرەم و دەشتە دیلەکەی جەڵدیان بووین. لەسێ ڕێیانی نەغەدە بەرەوشاری دێرین و مێژوویی دەیان زانای خاوەن بیر و مەکۆی تێداچوونی سمکۆی نەمر بەدەستی نەیارانی قین لەدڵ لامان دا، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو دیداری یارانی هاوبیر چووینە پێش تا پێمان نایە ناو شاری شنۆ و لەبەر دەرگای ماڵی کاک عوسمان ئەسعەدی لەنگەرمان گرت.

### ڕۆژی یەکەم – بەشی دووهەم

شادبوونەوەمان بە شارە جوانەکەی شنۆ و دانیشتوانی نیشتمانپەروەری، پاژێکی نوێ لە ژیان و سەفەرمان بوو. دوای دەرکردنی پشوویەکی کورت و فراوێن و تەیاربوونی کاک عوسمان، کەوتینە راوێژ و دوان لەسەر چۆنیەتی یەکگرتنەوەمان دەگەڵ کاک ڕەحمان قازی کە لەپڕ دەرکەوت و بەهاتنی سووکنایی بە هەناومان دا. بەدەم بزەی سەرلێو و فێنکایەتی بیرمانەوە لەژێر ڕێژنەی باران و ڕهێڵەی گلێرەدا کەرستە و پێداویستییەکانی سەفەرمان لەسەر پشتی ترومبێلەکە دابەست و خێوەتەرەشیان تێ وەرگیرا. لەدوایین ساتەکانی رۆیشتندا کاک ڕەحمان حوسێن زادە هات و چاومان پێی ڕوون بۆوە. داوای هاوڕێیەتیمان لێ کرد، لاقی دەگەڵ دانەکردین. ئینجا جێگاگۆڕکێی شۆفێر و شوێنی دانیشتن کرا، حاجی حەسەن لەلای کاک ڕەحمان دانیشت و منیش بەتەنیشت کاک عوسمانی سوکاندارەوە پاڵم دایەوە. دوای ڕشتنی گۆزەڵکەیەک ئاوی ڕوون لەدوامانەوە، بەرەوئامانجی ڕوون و شوێنی نادیارمان وەڕێ کەوتین. بەدەم ڕێگابڕینەوە کەوتینە قەول و بڕ و گێرانەوەی باس و بەسەرهات و قسەی نەستەق و پێکەنیناوی. بڕیارمان دا ڕوون و ڕەوان و بێ تۆێکڵ دەگەڵ یەک بدوێین و بیرەوەریەکانی ئەم سەفەرەمان بکەینە توێشووی هەموو هەنگاوەکانی دواترمان. ڕاستە! بەویستی دڵ و بۆ بەسەرکردنەوەی شار و شوێنە مێژووییەکانی ناوخۆی وڵات دەچووین، بەڵام چاوێکمان هەر لەدوای خۆمانەوە بوو. ئاسمانی زێدەکەشمان وەکوو ئاگای لە دڵی جێماو و چاوەکانی چاوەڕوانمان بێ، چاوەکانی وشک نەدەکردەوە و بێ پسانەوە ئەسرینی ڕوون و ڕۆندکی ڕەوانی بەسەردا دەباراندین. بەناو شارەکانی نەغەدە و محەممەدیار، سێ ڕای دارەلک و ترشەکان، میاندواو و مەلەکان، بناو و عەجەبشێر، ئازەرشار و ئیلخچی، سەرای تەورێز و بستاناوا، مێهرەبان و سەراب و نمیندا رابردین و درەنگانی شەو سەرمان بەناو شاری (سەرعەین) لەپارێزگای ئەردەبیلدا کرد. سەرعەین شارێکی کوێستانی هەڵکەوتوو لەسەر دووریانی نێوان باکوور و ناوەندی ئێرانە. هەرکە لە دەروازەی شار چووینە ژوور و لەناو شەقامە سارد و بەفراوییەکانیدا خۆمان بینییەوە، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو چەند کەسێکی سەرڕوگوێلاک داپۆشراومان لەم بەراوبەری جادەکان بەرچاو کەوت کە بەدیار هاتنی میوان و بردنەوەیان بۆ شوێنی بەکرێدانی خۆیان ڕاوەستابوون. دەگەڵ یەک دووێکیان دواین و پێک نەهاتین، لەئەنجامدا بەسەر جێگایەکی گونجاودا کەوتین و پاڵمان دایەوە.

### ڕۆژی دووهەم

ڕۆژی دووی ئادار بوو. هەناسەی ساردی زستان لە سیپەلکی داروبەرد و دەر و ژووری شاری سەرعەین و دەوروبەریدا هەر لەگەڕدا بوو. سەرما تەزووی بەناخدا دێنا. زەوی سپی پۆش، شار بێدەنگ، ئاسمان مۆن و هەوا ئەوەندی بڵێی سارد بوو. دوای هاتنەدەر لە ماڵەکە و دانی مز و کرێی ئەو جێیە، بارگەی سەفەرمان لەسەر پشتی ترومبێلەکە دامەزراندەوە. بێ گەڕان و سەردانی هیچ جێگایەکی ئەو شارە مێژووییە کە خاوەنی ژمارەیەکی زۆر کانیاو و سەرچاوەی گەرم و شوێنی سەرنج ڕاکێشە، بێدەنگ و سەنگین بە دەروی چوونەژوورماندا بۆناو شار، هاتینەوەدەر و بەرەو ناوەند و باشووری وڵات وەڕێ کەوتین. وەکوو خرۆکەی سوور کە بەناو جۆگەی خوێن و ماسوولکەکانی جەستەدا بێ وەستان دەڕۆن و تێناوەستن، ترومبێلە سپیەکەی ئێمەش بەسەر سینگی جادەکاندا دەخزا و بۆگەیشتن بە هۆبە و هەواری ویستمان سەربەست و بێ دەربەست دەڕۆیشت. یەک لەدوای یەک شار و شوێنەکانی سەر ڕێگامان وەکوو دەنکی تەسبیح بەهەودای ڕێماندا بەردانەوە کە بریتی بوون لە: ئەردەبیل، کەمەربەندی خاڵخاڵ، زەنجان، ئەبهەر، خورەمدەرە تا گەیشتینە ناوشاری بوییین زەهرا و فراوێنمان خوارد، ئینجا هاتینە ساوە، سلفچگان و بە تەنیشت شاری قۆمدا تێپەڕین، لەوێشەوە هاتینە دلیجان، مەیمە، وزوان، مورتەخۆر و بە دنیایەک حەز و خۆزگە و ئاواتەوە سەرمان بەناو شاری ئیسفەهانی دێریندا کرد. کاتێک گەیشتینە ئەوێ شەو بوو، ماندوو بووین، بەدڵ ئارەزوومان دەکرد هەرچی زووتر شوێن و جێگایەکی گونجاو بۆ پشوودان و مانەی ئەوشەوە بدۆزینەوە. لەگۆڕەپانێکی ناوشار کە بە (مەیدانی نەخشی جیهان)ناودەبرا، سەردانی چەند خەوتنگەیەکی جۆراوجۆرمان کرد و

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

دڵمان ئاوی نەخواردەوە. لەگەرمەی دوان و چاوگێرانمان بەدوای ناونیشانی شوێنێکدا، لەپڕ کورە گەنجێکی ماندوو لەچنگی ژیان و پەشۆکاو وەک کارگی بەهار لە پەنامان هەڵتۆقا، بە لاڵەپەتە کەوتە دوان و پەلەقاژە کە وەک نێچیرێکی سرکی زۆزان لە تەپکە و داوی پاوانخوازی خۆیدا راومان بکات و بە قازانجی بنەماڵەکەی بمانقۆزێتەوە. بەئاماژەی تل و نیگای هیلاکی رەوتی ڕێگا و ئەژماری جادەکانی تا سنووری ماڵەکەیان پیشان دایین، بە ماتۆرە ماندووەکەی ژێرپێی کەوتە پێشمان و وەک دانەخۆرەی چەندساڵە بەدوای خۆیدا ڕکێشی کردین. دوای تێپەڕین بەچەند جادە و چەند چوارڕێیانێکدا، خۆی بەکۆڵانێکی تەنگەبەردا کرد و هەتا بەردەرگای ماڵەکەیان بەندی نەکردین. سەیر ئەوە بوو کاتێک گەیشتینە شوێنی مەبەست، کوڕێکی تری وەک خۆی کەڕوالْ، بەڵام وریاتر لەبەردەرگای ماڵەکە چاوەڕوانی دەکردین، ئەوەندی بڵێی یەک و دوو دەروازەی ماڵیان بەڕوودا کردینەوە، شوێنی حەوانەوەیان پیشان داین و بێ کێشە لەسەر پێدانی مزی مانەوەمان لەماڵەکەیاندا پێک هاتین. دایکی ئەو کوڕانە کە ژنێکی ڕیوەڵەی گچکە و کز و لاواز و بێ وازی دەنواند، بەپیرمانەوە هات و بێ پرسیار و دوان کەوتە باس و پێهەڵدانی کوڕەکانی و بە گوێیدا خوێندین کە ئەو جووتە کوڕەی فرە ژیر و وریان، خولی ڕەوڕەوەی ژیان و گوزەرانیان بە هۆی هەوڵ و تێکۆشانی ئەو دوو کوڕە بێ زمان و گوێیە دەخولێتەوە، هاوسەری ژیانی گردەنشینە و تاقە کچەکەیان لەداوی کەسێکی ئالوودە بە مادە سڕکەرەکاندا گیری کردووە و ئەویشیان بۆگەڕاوەتەوە سەرگەری پۆلوان.

تایبەتمەندی گەشتی ڕۆژی دووی ئادارمان لەوەدابوو کە بەناو سێ کەش و هەوای جیاوازدا تێپەڕین. کاتژمێر ١١ی بەیانی بە کوێستانی (گورجق) لە نێوان ئەردەبیل و زەنجاندا رابردین کە بەرزاییەکانی سپی پۆش بوون و پەڵەی ڕەشیان تێ نەکەوتبوو. کاتێک لەکوێستانەکە دابەزینەخوار و بەدیوی زەنجاندا شۆڕ بووینەوە، کاتژمێر ١١ و ٣٠ چرکەی بەیانی بوو. بەسەر دەشتێکی پان و بەرین بەڵام بێ کەڵک و کەویرئاسادا کەوتین کە نەبەفری لێ بوو، نە هیچ سەوزایی و داروەوەنێک. هەردێکی وشک، دەشتێکی چۆڵ و قاقڕ، بێ ئاو و پڕ لە دڕکی وشترخۆرە. تەنیا جاروبار مێگەلە بزنێکی تایبەت بەو ئاو و هەوایە بەرچاو دەکەوت کە بەناو چقڵەکاندا دەگەڕان و بەوشتی ملوموی پاروەخواردنێکیان دەکرد. بەڵام کاتێ لەشاری ساوە تێپەڕین و بەرەو سلفچگان هاتین بەسەر زەوی و زارێکی زەنوێر و جواندا کەوتین کە گیا باڵای کردبوو و زەوی بەخۆی دەنازی.

**ڕۆژی سێهەم**

تیرێژ و ڕووناکی خۆری بەیان خۆی بەژوورەکەماندا کردبوو کە لەخەو ڕابووین. بەکردنەوەی پەنجەرەی ژوورەکەمان شنەبایەکی فێنک هەست و بیرمانی لاواندەوە و مزگێنی ڕۆژێکی ساماڵ و بێگەردی پێ داین. دوای خواردنی قاوەڵتی و ڕادەست کردنەوەی کلیلی ژوورەکەمان بەخاوەن ماڵ (بابائیان )، هەمیسان کەلوپەل و پێداویستییەکانی سەفەرمان لەسەر پشتی ترومبێلەگۆرین دابەستنەوە. بەرەوناوەندی شار و ئاواتی دیارمان هاتین، شوێنێکی گونجاو و باشمان بۆ لێراگرتنی ترومبێلەکە دۆزییەوە. بێ ڕاوەستان و خۆبەندکردن بەرەوشوێنە دیدەنییەکانی نەدیتوومان وەڕێ کەوتین. بێ هیچ نەخشە و پلان و بەرچاوڕوونییەک لەناوەندی چوارباغی عەبباسیدا خۆمان بینییەوە و بەرەورووی کۆتەڵێک بەناوی شێخ بەهائی بووینەوە. بە جلوبەرگی ڕەسەنی کوردییەوە خەریکی وێنەگرتن دەگەڵ کۆتەڵی ناوبراو بووین کە پیاوێکی ڕەنگ پیاوانە و دەم بەبزە بەرەوڕوومان هات و وتی: ئیزن بدەن من وێنەیەکی بەکۆمەڵتان لێ بگرم. ئینجا کەوتە پێهەڵدانی کورد و جوانی کوردستان و گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی سەردەمی سەربازی خۆی لە شاری پیرانشار. ئەوەندی بڵێی ڕێزی لێ گرتین، لامان دانیشت، چای بۆ بانگ کردین و ناونیشانی شوێنە ناودار و مێژوویەکانی شاری ئیسفەهانی پێ داین. لەسەر پێشنیاری بەرێزیان دوای گەڕانێکی کورت بەناو چوارباغی عەبباسی ناوین و چاوخشاندنێکی دووراودوور بەسەر چوارباغی سەروو و خواروودا، یەکڕاست چووینە سەردانی باغی چل ستوون کە بەوتەی بەڵگەنامەکان ٥٨٠٠٠ هەزار مەتری چوارگۆشە و بەشێکی بچووک لە باغی جهاننمایە کە لەسەردەمی شاعەبباسی یەکەمدا دروست کراوە. کۆشکی چل ستوون کە ئێستا بەناوی مووزەی چل ستوون دەناسرێت و وەک حەنتیکەخانە کەڵکی لێ وەردەگیرێ، بیست ئەستوندەک و کۆڵەکەی لەبەردایە، بەڵام بەهۆی نواندنەوەی ستوونەکانی لەناو ئاوی ئەستێرەکەی بەردەمیدا وەک چل ستوون دەنوێنێت و بە چل ستوون ناو دەبرێ. بەردی بناغەی ئەو کۆشکە لە سەردەمی شاعەبباسی یەکەم، لەناو ئەو باغە بژوێن و بەرینەدا بەهێزی شان و ئارەقەی نیوچاوانی هەزاران کرێکاری هەژار تێ هاوێژراوە. گەلێک پەیمان و بەست و بڕیاری دزێو و قەرەبوونەکراوی تێدا دراوە و بەستراوە، ژمارەیەکی زۆر وێنە و بەڵگەی سەرکەوتن و تێشکانی شایەکانی سەردەمی خۆی لەچواردیواری ژوورەکانیدا بەدەستی هونەرمەندانی ئەو سەردەمە تێدانەخشاون و بەدی دەکرێن. یەکێ لەو وێنە کارەساتبارانە نیگاری شەڕی نێوان شائیسماعیلی یەکەمی سەفەوی و سوڵتان سەلیم فەرمانڕەوای عوسمانی لە ساڵی ١٥١٤ی زایینە کە بەهۆی تێشکانی شای سەفەوی بۆ خوێنبەستی نێوانیان و زەرەرمەندنەبوونی هیچ یەک لە نەتەوەکانی خۆیان پەیمانی چاڵدرانی لێ کەوتۆتەوە. بەپێی ئەو پەیمانە دزێوە، کوردستانی یەکپارچە لەنێوان ئەو دوو دەستەڵاتە نەگریسەدا دابەش کراوە. ٣/٢ی خاکی کوردستان بەرتورکیا کەوتووە و ٣/١ی بە ئێران براوە. بەڵام بەوەش دڵیان دانەسەکناوە و ئەو سنوورە دەسکردەی نێوانیان کە هەردوو دیوەکەی یەک خاک و یەک ماڵ بووە، کردوویانەتە ناوەندی شەڕ و کێشەی نێوانیان و بەکردەوە ئاراوقارایان لە دانیشتوانی ئەوماڵە لەتکراوە هەڵگرتووە، تۆوی ناکۆکیان تێدا چاندووە، لەیەکتریان کردوون بە دوژمن، هەرجارەی بە بیانوویەک و بە دروشمێکی بریقەداری گەل هەڵخەڵەتێن لەناو ئەو ماڵە بەشکراوەدا پەلاماری یەکتریان داوە، کاولکاریان ناوەتەوە، زەرەدوزیانی قەرەبوونەکراویان بە ماڵ و مڵک و ئاژاڵی گوندەکانی ئەو دەڤەرە گەیاندووە. خەڵکی بێ تاوان و هەژاریان کردووەتە ئاوردووی گرەپێچەکانی ئاگری کراوەیان و بە قەول و بەست و پەیمانێکی تر و پێدانی پارچەیەک لە خاکی کوردستان وەکوو خوێنبایی بەیەکتر پێک هاتوونەوە...

دوای گەشت و گەڕان و چاوخشاندنێکی تێروتەسەل بەسەر وێنە و نووسراوە مێژووییەکانی ناو ئەو کۆشکە نسێ قورسەدا، هیلاک و ماندوو بەرەو خواردنگەی ( شەهرزاد ) ڕۆیشتین و فراوێنمان خوارد. دوای نیوەڕۆ بۆ سەردان و بینینی هێمای سی و سێ پول چووین کە بەدرێژایی ٢٩٥ مەتر و پانایی ١۴ مەتر بەسەر ڕووباری زایەندەڕوودی وشک و بێ ئاودا لە تینوان بۆسۆی هەناوی دەهات. لەوێشەوە بێ ڕاوەستان بەرەوشوێنی مەبەست و دیاریکراومان کە تەختی جەمشید بوو، وەڕێ کەوتین. کاتژمێر ٩ی شەو گەیشتینە ناو شاری مەروودەشت کە بە وتەی بەڵگەنامەکان نزیک بە ١٥٠ ئاسەواری مێژوویی وەکوو تەختی جەمشید، نەخشی ڕۆستەم، نەخشی ڕەجەب و پاسارگادی تۆمارکراوی لەخۆ گرتووە، ئەوشارە ناوداره لە ۴٠ کیلۆمەتری باکووری گەورەشاری شیرازدا پاڵی وەچیای داوێنیەوە داوە و بەوپەڕی پێزانیییەوە پێشوازی لە میوان و گەشتیارانی شوێنە دێرینەکانی دەکات. دوای گەڕان و سوورێکی کەم بەناو شار و شەقامی نزیک دەروازەی تەختی جەمشیددا، خانەخوێیەکی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

باشمان دۆزییەوە، کلیلی ماڵەکەی ڕادەست کردین و بارگەی سەفەرمان بەهەرد دادا. دوای پشوویەکی کورت و لەگەرمەی دروستکردنی شێودا، یەکێ لەهاوڕێیانی هاوسەفەرمان کە خەریکی چاوخشاندن بەناو مۆبایلەکەیدا بوو، لەپڕ مزگێنی دوایین بڕیاری یەکگرتنەوەی بنەماڵەی باوانی پێ دایین، ئێمەش بێ سەرنجدان بەچەندوچۆنی هەواڵەکە کردمان بە شایی و شەکەتی جەستە و بیری ماندوومان پێ ڕەواند. کەچی بەداخەوە وێڕای وادەرنەچوونی هەواڵەکە، بەهۆی دەست تێوەردان لەکاری یەکتر وسوێر دەرچوونی خواردنەکە بێ شێو دەرچووین.

### ڕۆژی چوارەم

ڕۆژی چواری ئادار بوو. هێشتا خۆری خاوەن وزە و ژیانبەخش بە سروشت و ڕووەک و گیانداران لەئاسۆی سەربەرزەوە سەری دەرنەهێنابوو کە لەخەو ڕابووین. ڕۆژێکی بەهارئاسای ساماڵ و دڵ بلاوێن بوو. شنەبای فێنکی بەیان سەروپرچی چرۆی داروپنچکی تازەپشکوتووی ئەو دەڤەرەی بەشانە دەکرد و هەناوی مرۆڤی ڕادەژاند. بەکردنەوەی دەرگا و پەنجەرەی دیوەکان گوێمان بە حیلەی ئەسپ و باڕەی مەڕ و هۆڕەی وشتر کرانەوە. کاتی هاتنەدەر و پێدانی مزی ئەو شەوە بە خانەخوێ موحسین، ژمارەیەک ئەسپی دابەستە و بەتایبەت دوو کەحێلی کویتی پیشان دایین کە لەجوانیدا کەم وێنە بوون. پاشان بەرەوشوێنە ناودار و مێژوویەکەی تەختی جەمشید و پاسارگاد وەڕێ کەوتین. لەسەر شۆستە و شەقامی نێوان شاری مەرودەشت و بارەگای تەختی جەمشیددا بەدەیان ئەسپ و وشتری زین و جل کراومان بینی کە بۆ سواربوون و گواستنەوەی گەشتیاران و وێنەدەگەڵ گرتنیان، لەم بەراوبەری جادەکە ڕاگیرابوون. بەنزیک بوونەوە لەدەرگای چوونە ژوور بۆناو حەوشەی بارەگا ژمارەیەک کیژۆلاوی پێ سپیراوی کۆک وپۆشتە، چاوکراوە و وریا لەبەردەممان قوت بوونەوە. یەک هەوڵی دەدا وەکوو چاوساغ و شارەزای شوێنەکان پێشمان کەوێت و دامانتەکێنێ. یەکیان دەیویست بە جلوبەرگی ئەوکات و سەردەم وێنەمان دەگەڵ بگرێت و پێمان بفرۆشێتەوە، ئەوی تریان تێدەکۆشا سەرنجمان بەرەو شتوومەکە خۆماڵیەکانی مەڵبەندی خۆیان ڕابکێشێت و بەسەرماندا ساغ بکاتەوە. ئێمەش وەک ئۆگر و ئەوینداری تامەزرۆی شوێنەوارە مێژووییەکە بێ وەستان و گوێدانە هیچ یەک لەو پروپاگەندانە، بێ ئارام و ئۆقرە بەرەو شوێنی مەبەست دەڕۆیشتین. بەرەوڕوومان دوو ریز پلیکان بەڕاست و چەپی دیوارەکەدا تێهەڵکشابوون. لەسەرتاشێکی ئاقار پلیکانەکان نووسرابوو: هەرلایەی لە سەدویازدە پلیکان پێکهاتووە. یەکەی ٣٨ سانت پانە، ٦/٩٠ مەتر درێژە و ١٠ سانت بەرزە. چوار، پێنج یان شەش پلیکان لەتەختەبەردێکی یەک پارچە چێ کراوە. ئێمەش بەدەم لێدوان و بیرکردنەوە لە چۆنیەتی هێنانی ئەو بەردەگەورانە و تاشین و چێ کردنیان بەوشێوازە جوانە، هەنگاوبەهەنگاو بەسەر پلیکانەکانی دەستی چەپدا سەردەکەوتین کە لەپڕوناکاو بەسەر دنیایەکی پڕلە ڕاز و ڕەمزی هونەر و جوانی و گرنگتر لە پلیکانەکاندا کەوتین. تێمابووین ڕوو لەکام نەخش و نیگاری سەر دەرکە و دیواری بیناکان بکەین، وێنە دەگەڵ کام کۆڵەکە و کۆتەڵ و پەیکەردا بگرین. لەکام لاوە دەست پێ بکەین و لەکوێ کۆتایی پێ بێنین. شوێنەکە بەڕادەیەک سەرنجڕاکێش و جوانی دەنواند کە مێشک توانای وێناکردن و نواندنەوەی وێنەکانی نەبوو. بێ سەبر و نەشارەزا بەناو ژوور و سەراپەردە خاپوورەکانیدا دەگەڕاین، نەخش و نیگاری سەربەرد و وێنە و ئەستووندەکە ئاسمان قەڵێشەکانمان بەچاوی سەر دەنگاوت و بەتەنیشتیاندا تێدەپەڕین. بەلام وردە وردە لەچاو و پێ کەوتین و کەلەلا لەسەر کورسیە دەسکردەکانی حەسانەوە دانیشتین. ئینجا بۆجارێکی تر بە چاوی بیر سەرنجی هەموو کۆڵەکە و کۆتەڵ و بنکەکانی ئەو دامەزراوە مێژووییەمان دایەوە و هەزاران ئافەرینمان بۆ ئەو بیروردانە نارد کە ئەو شاکارەیان لەدوای خۆیان جێ هێشتووە.

بەپێی بەڵگەکانی مێژوویی بارەگای تەختی جەمشید لەسەر سەکۆیەکی بەردین بە بڵندایی ٨ تا ١٨ مەتر بەرزتر لە رووبەری دەشتی مەرودەشت چێ کراوە. درێژایی تەختی جەمشید کە لەلایەن یۆنانییەکانەوە بە پرێسپۆلیس ناوبراوە، بەقەد درێژایی ئاکروپۆلیس هێمای شاری ئاتنی پایتەختی یۆنانە. بەلام پانایەکەی چوارهێندەی ئەوە. ڕووبەری تەواوی کۆشک و تالار و قەسرەکانی تەختی جەمشید ١٢٥ هەزار مەتری چوارگۆشەیە. هەروەک لەسەرچاوە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی مێژووییدا هاتووە، نزیک بە ٢٥ سەدە لەمەوبەر، لەسەردەمی داریوشی هەخامنشیدا بەردی بنچینەی بارەگای تەختی جەمشید دانراوە، پاشان بەهۆی خەشایارشا کوڕی داریوش و ئەردەشیری یەکەم کوڕی خەشایارشاوە پەرە بە ئاوەدانکاری و جوانیەکانی دراوە. ماوەیەکی زۆر ناوەندی بەڕێوەچوونی بۆنە ئایینیەکان و بەتایبەت جەژنی نەورۆز بووە. بەگوێرەی ئەو کارپوچ و بەردە نووسراوانەی لەژێرئەرز و ناودیوارە رووخاوەکانی تەختی جەمشیددا دۆزراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندازیار و وەستاکار، کرێکار و ژن و پیاوی لێهاتوو و بەمشوری ناوخۆیی و پسپۆڕانی گەل و نەتەوەکانی تری ژێر دەست و دەسەلاتی شایەکانی هەخامنشی وەکوو ئاشووریەکان، میسریەکان و هی تر دەست و دەوریان لە دروست کردن و ڕازاندنەوەی ئەو ناوەندە مێژووییەدا بووە و هونەر و لێزانی و شارەزایی هەمووانی تێدا بەکار براوە. بەگوێرەی باس و لێدوانی سەرچاوە پەیوەندیدارەکان ئەو بارەگا مێژووییە بە ١٢٠ ساڵ دروست کراوە. گۆیا ئەسکەندەر مەقدوونی سەرداری یۆنانی ٣٣٠ ساڵ بەر لە زایین هێرشی کردووەتە سەرتەختی جەمشید و سووتاندوویەتی، بەوهۆیەوە هەرچی کتێب و بەڵگەنامە و ئاسەواری هونەری و کلتووری ئەو ناوەندەیە سووتاون و تێداچوون.

زیاتر لەچوار کاتژمێر بەناو بارەگای تەختی جەمشید، مەکۆی هاتوهوت و کەشخەیی نواندنی سەردەستەکانی ئەو سەردەمە و شوێنی ئارەق ڕشتن و ئاخ هەڵکێشانی بێ دەستاندا گەڕاین، نە ئەمیان و نە ئەویان دیارنەمابوون و خۆڵی فەرامۆشی ڕواڵەتی هەمووانی داپۆشیبوو. نە لەسەرکورسی فەرمانڕەوایی شایەکی تاج لەسەر دیار بوو، نە لەبەردەرکەی چاوەڕوانی هەژارێکی باج بدەر دەبینرا.

دوای ڕامان و دامان و تێڕوانینێکی زۆر لە گۆڕەپانی بەسان کردنی سپا و سەکۆی فەرمان دەرکردنی سەرکردەکانی بێ سەروشوێن، بە پلیکانە پان و تاشراوەکانی دەستی ڕاستدا هاتینەوەخوار و دوای گرتنی چەند وێنەیەکی بەکۆمەڵ دەگەڵ کاربەدەستە بێ دەستەکانی دەروازەی تەختی جەمشید، بەناو شاری زرقان دا هاتین و تا ناوەندی شاری شیرازی شاز نەوێستایین. بۆ سپاردنی ترومبێلەکە سەرمان بەگەراجێکی گەورەی چەند نهۆمیدا کرد. لەبناهوونی گەراجەکە چەند لاوێکی ساویلکە خەریکی بەباکردنی دووکەڵی خۆخنکێن و فشقیاتی بێ جێ بوون. لەترسی دەست تێهێنان، زۆربەی شتوومەکی دواوەی ترومبێلەکەمان لە ژوورەکانی پەستاوتن و گاراجمان جێ هێشت. لە خواردنگەیەکی نزیک گەراجەکە فراوێنمان خوارد. ئینجا بەدەم پرسیار و دوانەوە، دوای بڕینی مەودایەکی کورت بەسەر باغێکی ڕازاوەی پڕلە داروودرەخت و جوانیدا کەوتین. سەرایەکی تێدا چێ کرابوو، بەرەوڕووی چووین. لەبەر دەرگای چوونەژوور لەسەر بەردێک نووسرابوو: کەریم خانی زەند ئەم کۆشکە هەشت گۆشەی لەناو ئەم باغەدا بۆ میوانداری و چاوپێکەوتن دەگەڵ گەورەناودارانی ناوخۆ و دەرەوە دروست کردووە و ئێستا وەک ئەنتیکەخانە کەڵکی لێ وەردەگیرێ. لەکاتی خۆیدا لاشەی بێ گیانی کەریم خان لەم کۆشکەدا بەخاک سپێراوە. دوای تێشکانی بنەماڵەی زەند و بەدەستەوەگرتنی دەستەلات لەلایەن قاجارەکانەوە، ئاغامحەممەدخان بەکۆنەقین و دوژمنایەتی دەستووری هێنانەوەدەر و گواستنەوەی تەرمی



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

کەریم خانی بۆ باغی گوڵستان داوە، لەسەردەمی پەهلەوی یەکەمدا هەمیسان ئێسقانەکانی کەریم خانیان هێناوەتەوە شوێنی خۆی و ناشتوویانەتەوە. دوای ماوەیەک مانەوە و وێنەگرتن دەگەڵ گڵکۆ و کۆتەڵی کەریم خان، بەرەو قەسر و قەڵای تێدانیشتەجێ بوونی ناوبراو ڕۆیشتین. کەریم خانی زەند ساڵی١٧٥٩ی زایینی پایتەختی فەرمانڕەوایی خۆی لە شیراز داناوە. ژمارەیەک خانوبەرەی زۆر چاکی بۆ تێداحاوانەوەی خەڵکی دروست کردووە، قەڵایەکی گەورەی لەسەر ڕووبەری ١٢٨٠٠ مەتر چوارگۆشە بە بەرزایی ١٤ مەتر و چوار قۆنگرەی پاراستن لەچوار گۆشەی کۆشکەکە بەجوانترین شێوازی ئەو کاتە بۆ ژیان و گوزەرانی بنەماڵەکەی دروست کردووە. دوای چوونەژوور بۆناو (ئەرگ)ی کەریم خان و چاوخشاندنێکی ورد بەناو زۆربەی ژوورەکانیدا، ئەوێمان جێ هێشت و بەرەو ئارامگای حافزی نەمر وەڕێ کەوتین. محەممەد کوڕی بەهائەدین ناسراو بە حافز ساڵی ١٣١٥ی زایینی لەشاری شیراز چاوی بەژیان هەڵێناوە. ٧٥ ساڵ ژیاوە، بەدرێژایی تەمەنی لە بوارەکانی پەخشان و هۆنراوی فارسی، فەلسەفە، عیرفان و مەنتقدا کاری کردووە و تێکۆشاوە. ئارامگای ئەو هۆنەرەناوادارە کە بە وەستای پەیڤ ناسراوە، ئەوەندی بڵێی جوان و ڕازاوە و دڵ بلاوێن بوو. ژمارەیەکی زۆر ئۆگر و ئەوینداری ئەو زانایە خەریکی زیارەت و وێنەگرتن دەگەڵ گڵکۆ و نووسراوەکانیدا بوون و بەرێزەوە دەیانخواندن. دوای سەرنج و خوێندنەوەی بەشێکی دیار لە هۆنراوەکان و زیارەت و وێنەگرتن دەگەڵ جوانیەکانی ئەو مەزار و زیارەتگایە، بەرەو ئارامگای هۆنەرێکی تری لەدایکبووی شیراز بەناوی ڕێزدار شێخ سەعدی وەڕێ کەوتین. بەگەیشتنە ناو حەوشەی ئارامگای نەمر دەگەڵ دنیایەکی نوێ لە زانست و زانیاری بەرەوڕوو بووینەوە کە بەسەرگڵکۆ و دیواری ژوورەکەیەوە دەبینرا. بەهەر لایەکدا لات دەکردەوە هۆنراوەیەکی واتادار و پڕلە ئامۆژگاریت بەرچاو دەکەوت. زانایی و لێهاتوویی ئەو مەزنەناوادارەی دنیای ژیاری بەهیچ چاو و بیرێک مەزەندە ناکرێت و وتەکانیشی بەڕادەی دنیاگەرپەکەی لەسەر هەست و بیری هەمووان شوێندانەرە. دوو بەرهەمی ناوداری گولستان و بوستان و هۆنراوەکانی تری لەدنیادا بەدەیان زمانی زیندوو وەرگێڕدراونەتەوە و کەم کەسی دانیشتووی ولاتانی دنیای ناوەڕاست هەیە وتەیەکی ڕێزدار سەعدی بەرگوێ نەکەوتبێ یان لەبەری نەبێ. دوای ماوەیەک مانەوە، زیارەت و وێنەگرتن و خوێندنەوەی بەشێکی کەم لە دنیایەک زانایی ئەو مەزنە، مالاواییمان لەوشوێنە پیرۆزەش کرد و هاتینەدەر. تۆزێک بەدژواری چووینەوە سەرگاراجەکە. بەخێرایی شتەکانمان لەسەر ترومبێلەکە قایم کردنەوە و بێ دواکەوتن بەرەوشاری قەلات لە ٢٠ کیلۆمەتری شیراز وەڕێ کەوتین کە دۆستی دۆستێکمان بەناوی (مەهدی نەوبەخت)دەمێک بوو چاوەڕوانی دەکردین، بەگەیشتنەجێ شوێن و جێگایەکی گونجاوی بۆ پشوودان و مانەوەی ئەو شەوەمان پیشان داین. دوای پشوویەکی کورت و هەناسەیەکی ئاسوودە کەوتینە شێوەردانەوەی خۆشیەکانی ئەو ڕۆژەمان و بەبادانی ناخۆشیان، کەچی زۆر بەداخەوە لەڕێگای گەیەنەرە گشتییەکانەوە گوێ بیستی هەواڵی پەلامارە بەربلاوەکەی ڕووسیای زلهێز بۆسەر دانیشتوانی ئۆکڕاینای بێ تاوان بووین و دایچڵەکاندین. ئەژنۆی خەمی پێ لەئامێز گرتین و بۆناو قووڵایی بیرەوەریە تاڵەکانی هەمیشەیی خۆمانی جاڵە کردینەوە.

**ڕۆژی پێنجەم**

دەگەڵ هاتنی شەبەق و سەردەرێنانی خۆر لە ئاسۆی ڕوون لەخەو ڕابووین. توندوتۆڵ خۆمان پێچایەوە، دوای دەربڕینی ڕێزێکی زۆر بۆخاوەن ماڵ و مالاوایی، هەمیسان پێداویستییەکانی سەفەرمان لەسەر ترومبێلەکە قایم کردنەوە و گورج بۆی دەرچووین. بەشارەکانی هوماشار، سپیدان و یاسوجدا تێپەڕین و ژەمی نیوەڕۆمان لە سەیرانگەیەکی گەچساران بەجەرگ و دڵی شەک مەڕێکی دابەستەی ئەو دەڤەرە بەسەربرد. ئینجا بەشارەکانی بێهبەهان و ڕامهۆرمزدا ڕۆیشتین و درەنگانی شەو گەیشتینە ناوشاری عەرەبنشینی ئەهواز. یەکێ لە هاوالانی هاوسەفەرمان دەگەڵ دۆستێکی دێرینی بە ناوی ڕێزدار (عەلی بروایە ) دانیشتووی شارەدێی (بروایە) لە ٢٠ کیلۆمەتری شاری ئەهواز کە وەک شارۆچکەیەکی پێشکەوتووی دەنواند، پەیوەندی کردبوو و هەواڵی هاتنمانی دابوو، ناوبراو بەوشەوە درەنگە لەسەر ڕێگای گوندەکەیان بەدیارگەیشتنی ئێمەوە وێستابوو و چوارچرای ترومبێلەکەی پێکردبوو. بەچاوپێکەوتنی ترومبێلەکەی ئێمە چرایەکی بەخێرهێنانی ئاراستە کردین و بێ نیخە پێشمان کەوت. بەدوایدا هاتین و تا بەرهەیوانی حەوشەکەیان بەندی نەکردین. دەگەڵ دابەزین و بەخێرهێنان بەڕادەیەک هەستی پێخۆشبوونی خۆی بەچوونمان بۆماڵەکەی دەربڕی لەگوتن نایەت و تەنانەت پێنووسیش پێی نانووسرێ. هاوسەر و منداڵەکانی بەوپەڕی ئیکڕامەوە بەپیرمانەوە هاتن، وەک کەسانی زۆر نزیک بەخۆیان پێشوازیان لێ کردین و بەخێریان هێناین. دەرگای ماڵەکەیان کە خانوویەکی تەخت و ڕەختە لە حەوشەیەکی بەرین و خاوێندا بوو، بەڕوودا کردینەوە. گەلاشین و شۆڕەکانی دوو دارخورما بەرز و ئەستوورەکەی بناری حەوشەکەیان لەسەر شێوازی کڕنۆش، بەشنەی شەوبا دەشنانەوە و باوەشێنی جەستەی شەکەت و ماندوویان دەکرد. هەرکە وەژوور کەوتین دەگەڵ ژمارەیەکی تر لەشتی نامۆ بەژیانی ڕابردوومان ئاشنا بووین. دیواخانێکی جێداری هەراو کە وێدەچوو زۆر ژن و پیاوی گەورەی تێدا دانیشتبن و بەهاری تەمەنیان بەخەزانی ژیان گەیاندبێ، لەئامێزی گرتین. لەپێنی دیوەخانەکە مەقەڵیەکی بریقەداری پڕلە سکڵی گەشاوە، قۆریەکی شووشەی گوڵدار و کەتریەکی پڕلەئاوی وەک نیگار لەسەر نەخشابوون کە هەڵم و هالاوی کوڵینی هەناویان لە گەرووی لاریانەوە بە قوپەن دەهاتەدەر و بلاو دەبۆوە. ئەم بەراوبەر لەسەر فەرشەکان کورسی بێ پێچکی لەسەر دانیشتن و ئانیشک دانەوەی تاکەکەسی دانرابوو. بۆخواردنی شێومان نانی گەرم و تازەیان هێنا کە بوو بەهۆی ڕامان و پرسیارکردنمان لە چۆنیەتی دروست کردنی ئەو نانە بەودرەنگە، لەوەلامدا وتیان ئەوە نەریتێکی کۆنی بۆماوی باوانمانە، کابانەکانی ئێمە دەبێ سێ ژەمە بە ڕادەی دانیشتوانی سەرخوان نانی تازە و گەرم ئامادە بکەن. دوای خواردنی شێو و بەدوداچوون بۆ ڕابردووی خاوەن ماڵ، دەرکەوت کە جەنابیان نەوەی شێخ خزیر (شێخ خدر) یەکێ لە بنەماڵە گەورە و ناودارەکانی عەرەبی ئەهوازە، لەکۆنەوە باب و باپیرانی سەردار و پێشەوای دانیشتوانی ئەم دەڤەرەی خۆیان بوون و زۆر بارودۆخی خۆش و ناخۆشیان بەسەردا تێ پەڕیوە.

بەڕاستی شەوێکی نوێ و پڕلەنۆبەرەی چاوبوونەوەمان بوو.

**ڕۆژی شەشەم**

بەدەنگی چرتەی باران و گژەی با لەخەو ڕابووین. ڕۆژێکی تەڕوتووش و پڕلەخۆشی بۆ دانیشتوانی ئەو گەرمەسێرە بوو. ئەگەرچی مانەوەمان لەوماڵە تەنیا شەوێ بوو، بەلام بیرەوەریەکانی تاهەتایین. دوای خواردنی قاوەڵتی و مالاوایی بێ وەستان و پشوودان بەناو باغە یەک لەدوای یەکەکانی دارخورما و زەوی و زارە زەنوێرەکانی گیاچنووردا بەرەودیاری باوانمان وەڕێ کەوتین. دۆخ و هەرەتی وەرزێری و کشتوکاڵی ئەو ناوچەیە وەرزێک و بگرە زیاتر لەپێش دەڤەری ئێمەوە بوو. بەهەرلایەکدا دەتڕوانی سەوزایی و جوانی لەچاوی دەدا. گەنم گوڵی دابوو، جۆ، زەرد ببوو. وەرزێرەکان بەجلوبەرگی کاریانەوە لەناو مەزراکاندا وەکوو دەنکی یاقووتیان دەنواند، بەزرمەی پاچ و خرمەی پێمەڕەی دەستیان خەواڵوویی هەردیان دەشکاند و مزگێنی هات و داهاتێکی باشیان بەهەمووان دەدا. یەک لەدوای یەک بەناو شارەکانی شووش، ئەندیمشک، پول دوختەر،

رومشکاندا هاتین و لەم بەرەی پردی سەیمەر، سەرسنووری نێوان دوو پارێزگای کرماشان و ئیلام فراوێنمان خوارد. ئینجا بەناو شارەکانی حومێل، ئیسلاماوا، ماهیدەشت، تەنیشت کرماشان، کامیاران، موچش، دێ گولان، حوسێناوا، دیواندەرە، زەرڕینە، تیلەکۆ، سوننەتە، ساحێب، سەقز و بۆکاندا هاتین. لە شاری مەهاباد لامان دا و شێوامان خوارد، ئینجا بێ پشوودان و حەسانەوە بەناو شاری نەغەدە شاری پێکەوەژیانی زۆر لەگەلانی وەکوو ئاشووریەکان، مادەکان، مانایەکان، ئازەربایجانییەکان، کوردەکان و ئەرمەنییەکان لەرابردوودا رابردین و درەنگانی شەو سەرمان بەناوشاری شنۆدا کردەوە. دوای گەیشتنەوە ماڵ و شادبوونەوەی دوو هاوڕێی هاوسەفەرمان بە بنەماڵەکانیان، ئێمەش بەرەو شاری سەردەشت وەرێ کەوتین. کاتژمێر ٢ی شەوی شەش لەسەر حەوتی یەکی دووهەزاروحەوسەد و بیست و دووی کوردی لە دەروازەی شارەکەمان هاتینەوە ژوور و بەشوێن و جێگای خۆمان شاد بووینەوە.

**پوختەی سەفەر**

گرنگی ئەو سەفەرە لەوەدابوو کە خۆمان ناسی. یەکترمان ناسی. ژمارەیەک کەس و کەسایەتی ناودار و باشمان ناسی و دەگەڵیان ئاشنا بووین. زۆر شار و شوێنی نەدیتراو و مێژووییمان بینی. زۆر وانەی ژیان فێر بووین. زاخاوی مێشکی خۆمان دا. لەهەست و ویست و ئارەزووەکانی یەکتری گەیشتین. شارەزایی، هێمنی و تووڕەیی یەکتریمان بۆ دەرکەوت. بۆچوونەکانی یەکترمان لەسەنگ و پێو دا. روانگەکانی خۆمان ئاوەژێر کردنەوە. چەند بنەماڵەی گەورە و خاوەن قوناغمان بەسەرکردنەوە. زۆر کۆشک و قەڵای خاپوور و وێرانمان بەچاوی سەر بینی کە ئاوازەی دەنگ و جوانیان لە رۆژگاری خۆیاندا بێ وێنە بووە. بۆمان دەرکەوت کە ژیان و دەسەڵات هەتاسەر بۆ کەس نییە. ئەزموونمان وەرگرت. زۆر بیرەوەری خۆش و ناخۆشمان لە هەگبەی بیردا هەڵ گرتن و کردمانە توێشووی ژیان و وانەکانی دوارۆژمان.

نووسینی: هێرش بێتووشی. سەردەشت ١٤٠١/١/٢١ی هەتاوی ــ ٢٧٢٢/١/٢١ی کوردی ــ ٢٠٢٢/٤/١٠ی زایینی

چەند وێنەی ئەو قوڵەسەفەرە:















وەرگێڕ محمد شەریف محمدی ( ئایسان )

تەنبەڵ وتەوەزەلی ، قەیچێکا
مرومۆچ وەکو قەلی ، قەیچێکا
زلە و خڕ و خەپانی ، قەیچێکا
ڕەقەڵ ،دووچڵ ئێسقانی ،. قەیچێکا
لووت بەرزی وخۆ بە زل زان ،قەیچێکا
ناجسنیت و فێڵە زان ، قەیچێکا
دەم شڕ و حەیا نەماو ، قەیچێکا
چرووکیت و دەست قونجاو ،قەیچێکا
بۆخۆت خۆش بە بەهەرحاڵ ،قەیچێکا
خۆشم ناوێی بە مسقاڵ ، قەیچێکا



شاعیر شل سیلوێر استاین

If you're sloppy, that's just fine.
If you're moody, I won't mind.
If you're fat, that's fine with me.
If you're skinny, let it be.
If you're bossy, that's all right.
if you're nasty, I won't fight.
If you're rough, well that's just you.
If you're mean, that's all right too.
Whatever you are is all okay.
I don't like you anyway

# چەن دوبەیتی وە کوردی فەیلی «پهلەوی»



ئیلام. رودوس فەیلی «مستەفا بەیگی»

_۱_

لە جاران تا وە بانان، "یەکڵە" بیمە
بڵێن و بەرز، وێنەێ خومە نەدیمە
لە بەس بەرزم
لە بەس بەرزم
لە بەس بەرز
م "قەندیل"ەیل تازەێ تر بەسیمە

_۲_

دە ئی دنیا بەش خومە هەر خەمە خەم
خەم دنیایش ئەڕا خومە،
هەم
کەمە کەم
م خومە خومە خومە
هە خومە خومە خومە
هە هێمان
نیەزانم خومە خەمە،
یا
خەم خومەە خومە

_۳_

م ئاسارەت،
جەڕانیت و جرانیتەم
م سایماڵەت
ڕەمانیت و رمانیتەم
هەلوورک نە،
بەروو نە، نە،
پەڕوو شڕ
خومە ئالات بیم،
شەکانیت و شکانیتەم

_۴_

لە نام خومە بچڕ وەم، خومە دیامەو
دە نام خومە بچڕ وەم، خومە دیامەو
سەدان ساڵە لە ویر خومە چگە خومە
وە نام خومە بچڕ وەم، خومە دیامەو

_۵_

دڕگوانێ دە م دیرێ ژێیێگ و
بیاوانێ پەسا م داگرێگ و
پەتێ تر ئژ بیاوان تا هەمیشان
خیاوانێ دە م دیرێ مرێگ و...

## فەرهەنگۆک

ـ جەریان: بستە شدن
ـ جریان: جهیدە شدن، وقتی ستارە و شهاب سنگی از آسمان می‌جهد و سقوط می‌کند،
ـ ئاسارە: ستارە
ـ ویر، بیر، هیر، هۆر: یاد، هوش
ـ دیامەو: خواهم آمد، می‌آیم
ـ بچڕ: صدا بکن، یدا بزن
ـ نام، ناو،نیو: اسم، داخل
ـ خومە: خودم، من، می‌خورم «دخومە»
ـ وەم، وە پێم: بە من
ـ دڕگ وان: خار زار، بیابان پر از خار
ـ ئژ، ئەژ، ژە، دە، لە، ل، د، یە: از
ـ پەسا، دیرێ، خەریکە: دارە "برای استمرار"
ـ هەمیشان: همیشە، همیشەها
ـ م، من: من
ـ ژێیێگ، ژێێ: می‌زید، زندگی می‌کند
ـ مرێگ، مرێ: می‌میرد
ـ داگرێگ: تسخیر می‌کند، پر می‌کند
ـ ئوو: و «حرف ربط»
ـ هە، هەر، هەێ: فقط
ـ بڵن، بڵێن، بەرز: بلند
ـ قەندیل: ۱ـ قندیل، ۲ـ کوهی در اقلیم کوردستان

ـ جاران: گذشتەهای دور و نوستالوژیک
ـ بانان: آیندە
ـ هەم: هم، باز هم
ـ هەلوولک، هەلوورک: گهوارە
ـ بی: بود، شد
ـ ئالات، ئالاکەت، ئالای تو: پرچم تو
ـ ڕەمانی: فراری دادی، ترساندی
ـ رمانی: تخریب کردی
ـ سای، ساکەێ: سایەی
ـ بەروو، بەرۆ، بەری، بەلی، بەلۆ: بلوط
ـ چگە، چۆوە، چییە، چووە: رفتە است
ـ بیمە: بودەام
ـ نەدیمە، نەییمە، نەیمە: ندیدەام
ـ تا وە... : تا بە...
ـ بەسیمە، بەستمە، بەسامە: بستەام
ـ شەکانیت: تکان دادی، بە اهتزاز درآوردی
ـ شکانیتەم: مرا شکستی
ـ رمانیتەم: مرا داغان و خراب کردی
ـ جرانیتەم: مرا سقوط دادی
ـ ئی: این
ـ پەتی تر: خالی تر

# چ پاساوێک هەیە بۆ فرۆشتنی نیشتمان؟



ئەڵمانیا. بەرزان حەمەسوور

دوای ئەوەی ناپلیۆن کۆنترۆڵی ئەوروپای تەواو کرد، بڕیاریی داگیرکردنی رووسیای دا و کاتێک ناپلیۆن بەناو شارۆچکە و گوندەکانی ئەوروپا تێدەپەڕی بەرەو روسیا، خەڵک ماڵ وحاڵی خۆیان بەجێدەهێشت بۆ سەیرکردنی کەژاوەی کاروانی هێزە مەزنەکەی ناپلیۆن.

کاتێک ناپلیۆن دەچێتە ناو خاکی رووسیاوە، لەسەر سنوور دەبینن جوتیارێکی رووس کەخەریک بوو بە داسەکەی دەستی لەباخەکەی بە ووریایی و لێزانانە کاری جوتیاری دەکردو درەختەکانی هەڵدەپاچی و هیچ سەرنجی کەژاوەی کاروانەکانی ناپلیۆنی نەئەداو گرنگی پێنەدەدا وخەریکی کاری خۆی بوو، کەناپلیۆن ئەمەی بینی شێت و هار بووا!

ناپلیۆن بە سەرۆکی پاسەوانەکانی گوت: ئایا شتی وا چۆن دەبێت، ئەو جوتیارە رووسییە چەپەڵە ڕێزبۆمن دانەنێ وسەر بەرزنەکاتەوەوسەیری کاروانەکەی من نەکات؟

لەکاتێکدا کچانی ئەوروپا لە ژووری نوستنەکانیانەوە بە پەرۆشەوە دێنە دەرەوە و ڕیزدەبن لەبەردەم ماڵەکانیاندا بۆ تەماشاکردنی من!

ناپلیۆن کاروانەکەی ڕاگرت و فەرمانی کرد جوتیارەکە بانگ بکەن، بۆیە جوتیارەکەیان هێنا بۆ بەردەمی.

ناپلیۆن پێ ی گوت: بۆچی هەتیوو لەکار نەوەستایت و سەیری کاروانەکەی منت نەکرد؟

جوتیارەکە وتی: من کاردەکەم، کاتم نییە لەدەستی بدەم بۆتەماشاکردنی کاروانەکەی تۆ

ناپلیۆن گوتی: تۆ نازانی من کێم؟

جوتیارەکە گوتی: من گرنگی پێنادەم تۆ کێیت.

ناپلیۆن وتی: دەبێت بزانیت من ناپلیۆنم کە بەم زووانە ولاتەکەت داگیر دەکەم.....

جوتیارەکە وتی تۆ داگیرکەرێکی چەپەڵیت ودەزانم کە تۆ بۆ داگیرکردنی ولاتەکەم خوێنی چەندین بێتاوان لە پیرو منداڵان دەڕێژیت!

ناپلیۆن وتی: تۆ زۆر زمان درێژیی دەکەیت و پێویستە سزایەکت بدەم تاهەمووتەمەنت ناوم لەگەڵ خۆت هەڵبگریت، تا هیچ کات ناوی منت لەبیرت نەچێتەوە!

بە سەربازەکانی گوت: ناوی من لەسەرباسکی بنوسن! بۆیە سیخێکی ئاسنیان داغ کردو و ناوی ناپلیۆنیان لەسەر قۆڵی نووسی، وەکو تاتۆیەک کە نەیدەتوانی بیسڕێتەوە.

جوتیارە رووسییەکە بەئازارەوە سەری بڵنکردو تەماشای ناپلیۆنی کردو تا توانی داسەکەی دەستی بەرز کردەوە بە هەموو هێزییەوە رای وەشاند بۆ باڵی خۆیی ولێ ی کردەوەو بەخوێنەوە فڕێیدایە بەردەم ناپلیۆن.... پیاوە جوتیارەکە کە دەستێکی مابوو ئەویدیکەیان پەڕیبوو ببووە جێگای سەرسامی سەرباز و ئەفسەرەکانی ناپلیۆن

جوتیارەکە بەدەنگی بەرز هاواری کرد : هۆ ... هۆ ... هۆ ... داگیرکەر ناوەکەت لەگەڵ خۆتدا بەرە، بۆمن شەرمە ناوی داگیرکەری وولاتەکەم هەڵگرم!

ناپلیۆن سەیری دەوروبەری کرد، ئەو ڕستە بەناوبانگەی خۆی گووتەوە:

(لێرەوە شکست دەست پێدەکات... )

هەرلەڕاستیشدا دەستپێکی شکست و ڕۆژە رەشەکانی ناپلیۆن لە رووسیاوە بوو.

کاتێک ئێمە پەیوەست دەبین بەخاکی باب و باپیرانمانەوە ولاتەکەی خۆمان خۆشدەوێت ئەوا زوو یا درەنگ سەرکەوتن دەچنینەوە و لەفەرهەنگی میللەتی تێکۆشەردا شکستەکان قبوڵ نابن.

ئێمە هیچ کات بێ هیوا نابین لە سەربەرزی نیشتمان و دەبێت ئاگامان لە هەرزان فرۆشتنی بێت و چونکە هەروەک ئەمڕۆ سوورەی بەرلەشکری داگیرکەرو نیشتمان فرۆشەکان ژمارەیان زۆرکەمە...

دەبێت وەک ئەو جوتیارە رووسە تەماشای داگیرکەرانی خاک و ماڵ ونیشتمان بکەین هەمیشە مێشک ودڵ وچاومان لێوالێو بن لەخۆشەویستیی خاک و نیشتمان و نەتەوە،بۆ ئەوەی لە گوێچکەکانی یار و نەیار دەنگ بداتەوە، کە:

(نیشتمان فرۆشتن هێڵی سوورە ناتوانرێت پاساوی بۆ بهێنرێتەوە!)

## ماڵێک له خۆڵ



دۆل– فەرەنسا. جەمال نەجاری

جیهان خەریکە دەگۆڕێ
لەسەر ئەم خاکە وەڕەز بووم
ماڵێک لەبن زەوی بۆ خۆم چێ دەکەم
با ئەو دڵەم لە لات ئەمانەت بێ.
لە سێبەرەکان ناترسێم
لە بن دیواری تاریکی پشوو دەدەم
پێویستیم بە خۆر نەماوە
چاوەکانم با بۆ تۆ بن.
کە هەڵکەندنەکە تەواو بوو
دەستەکانمت بۆ جێ دێڵم
کە چوومە ماڵە نوێیەکەم
پیاسەی هیچ شوێنێک ناکەم
قاچەکانمت بۆ دەنێرم.
پەیتا پەیتا هەموو جەستەم بەرێ دەکەم بۆ سەر زەوی
ئەوەی ویستت، هەڵیگرە،
ئەوەی دیکەش بسووتێنە.
جیهان خەریکە دەگۆڕێ
"من" بەتەنیا لە ژێر زەوی
قەت بیر لە "تۆ" ناکەمەوە.
ئاسوودەیم لێ تێک مەدە،
بە دڵی من، مەیە سەربانی ماڵەکەم.
بە چاوەکانی من، مەگری.
با دەستەکانم بسرەون.
با قاچەکانم هەدادەن.
جیهان خەریکە دەگۆڕێ
من نایەمەوە بۆ سەر زەوی.

## A soil house



بۆکان. سعید سلیمی بابامیری

*The world is gravely changing,*
*A soil house I'm arranging,*
It is boring being on earth,
Take my heart in my new birth.
I am not afraid of shadows,
In darkness walls my resting goes,
No sunshine I need any more;
You can possess my eyes for sure.
Then are my hands I hand over,
When digging deep done and over.
When me into my new house they lay,
I do not walk in any way,
So I send you my feet and stay.
In sending all parts of body I do my best,
Keep what you need and burn the rest!
*The world is gravely changing,*
*A soil house I'm arranging.*
When alone underground forever,
"I" don't think about "you", *never.*
Do not disturb my silent peace,
By standing on roof with heart piece!
With my poor eyes do not weep,
Let my hands do rest in a sleep,
And legs get relaxation deep.
*The world is gravely changing,*
*A soil house I'm arranging,*
I do not come back on the ground,
On earth I no more will be found.

---

By Kurdish poet ; Jamal Najari
Translated by: Saeed Salimi Babamiri

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# چڵ و پۆی هێندێک وشەی کوردی



مەهاباد: عەبدوڵلا عەبدوڵلا زادە

هەر وشەیەک زیاتر تێکەڵاو وئاوێتەی دەستەواژە و زاراوەی تر بێ، هەم وشەکە خۆیزیاتر لە زماندا ماندگار و زیندوو دەمێنێ و هەم زمان قایم و بەهێز و قەوی تر رادەگرێ. هێندێک رەگ و ریشە و پەل و پۆ، هەمیشە زمان سەرسەوز و گەشاوە و دەوڵەمەند رادەگرن و لە مردن و فەوتانی زمان بەرگری دەکەن. ئەم چەشنە مۆرفیمانە زاوزێ دەکەن و تەنانەت پەلکێشی زمانەکانی تریش دەبن، بەڵام مارک و مۆم و بۆن و بەرامەی زمانی سەرەکی خۆیان هەر پێوەدیار دەمێنێ، چوونکە لە زمانی کۆچکراوەدا زۆر تێکەڵاوی وشە و دەستەواژە و پەند و مەتەڵ و لاوک و حەیران و باڵۆرەو زاراوەیزمانی گوازراوە نابن. بۆ نموونە با سرنج بدەینە چەند وشە و لق و برگەی رەسەنی زمانی کوردی.

مەلە:وشەی (مەلە) بە مانای (شنا)، تەنیا بە شێوەی مەلەوان (وەک ئاوڵناوی بکەر) لە زمانی فارسیدا بەکار دێت، بەڵام لە زمانی کوردیدا بە چەندین جۆری دەستووریدەکار دەکرێت:مەلە، مەلەوانی(ناو). مەلە کردن(چاوگی لێکدراو). مەلەوان، مەلەزان،مەلەوەر (ئاوەڵناوی بکەر). دەگەڵ وشەی لێکدراوی وەک: مەلەبۆقە. مەلەپشتە... .

ئاو نەبوو ئەوددەمی "هێمن"مەلەوانی کورد بوو   ئاو شکوور زۆرە وەرن زوو مەلەوان من چبکەم.

-وان؛پاشگرێکی چالاک و کارای کوردییە.فەرهەنگی "دهخدا" لە بارەی ریشەی ئەم پاشگرە هێمای پرسیاری (؟) داناوە. لە زمانی فارسیدا زۆر بە کەمی لە هێندێک وشەی دارشتەدا دەبینرێ وەک: پهلوان، بەڵام تێکەڵاوی ئەم پاشگرە لە واژەی دارشتەی کوردەواریدا زۆر بەر بلاو و بەرچاوە کە بە زۆری مانای (خاوەندار،شارەزاوپیشە) دەگەیەنێ: کامێراوان، شارەوان، باخەوان، گاوان، شەرەوان... هتد. پێویستە ئاماژە بکرێت کە لە کرمانجی ژووروودا، دەنگی (و) دوای فۆنیمی (ئا) دەبێتە: (ڤ). واتا پاشگری –وان دەبێتە: -ڤان: باژێرڤان، نێچیرڤان، پیڤاز ... .

دار: وشەیەکی سادەی کوردییە کە پنج و پەلی لە چەندین وشەی دیکەدا چرۆی کردووە. لە ئاڤێستاییی بە شێوەی "دارئوو" و لە پەهلەوی وەک "دار" هاتووە. دەرگا و چەپەری سەرەتایی زۆربەیان هەر لە ماکە و کەرەستەی دار و درەخت ساز کراون، هەر بۆیەش بە "دەر"، "دەرکە"، "دەرگا" ناودێر کراون و بە زمانی فارسی "دەرب" و لە زمانی ئینگلیزیش "دۆر :door"ی پێدەڵێن، تەنەنەت وشەی پەردەش لە تێکەڵاوی دوو وشەی "بەر - دەر" پێکهاتووە کە واچی "ب" بۆتە "پ" و فۆنیمی "ر"ی ئاخر سراوەتەوە و لەئەنجامدا ئەمرۆکە "بەر دەر" بۆتە "پەردە".

رێ: وشەیەکی کوردییە لە زمانی فارسیدا وەک:«راە» بێژە دەکرێت و لە زمانی ئینگلیزیدا دەبێژن: «رۆود: road». شاری «رەیی» کە شارێکی زۆر قەدیمی و لە نزیک تارانە، ناوە کۆنەکەی «رێگا» بووە، چونکە لە سەر رێگای ئاوریشم دروست کراوە، لە رەوتی زەماندا پاشگری (-گا)ی لێسواوەتەوە و ئێستا بە ناوی (رەیی) کوردی ماوەتەوە. وشەی (رێ) دە زمانی کوردیدا بە شێوەی لێکدراوی وەک: (رێکار)، کالۆکەیشنی وەک: (رێگاوبان)، وشەی لێکدراوی: (رێبەندان)، وشەی دارشتەی وەک: (رێگا، رێسا، رێگر) و... کارایی گشتگیری هەیە.

نرخ:ئەم واژە تەنیا بە فۆرمی ناو و بە مانای (بها، قیمت) لە زمانی فارسیدا کارایی هەیە، بەڵام دە زمانی کوردیدا هەم بە شێوەی ناو: (نرخ)، هەم بە فۆرمی چاوگ: (نرخاندن) و هەم وەک ئاوەڵکردار: (بەنرخ)، بە زاراوە وەک: "نرخ داشکاندن"ئاخاوتنی پێدەکرێت.

(گۆ) و (لوو):دوو مۆرفیمی سەربەخۆی (گۆ) و (لوو) هەردووکیان مانای "خڕ و تۆپەڵ"دەدەن بەڵام، بازنەی بەکارهێنانی (گۆ) زۆر بەرین و بەربلاوترە و بۆ ورد و درشت و زەبەلاح بەکار دەبرێت: گۆان، گۆچان، گۆپاڵ، گۆییەن، گۆمبەز، گۆی زەوی... . بەڵام (لوو) زیاتر بۆ ئەو شتانەی کە خڕ و ورد و لوولەیی و گرمۆڵەن دەکار دەکرێت: لوو، کەلوو(ی نۆک)، گلوو(ی بەفر) لوولاک(ی قاچ). دەگەڵ میوەکان: بەڵالووک، شەفتالوو، قەرەلوو، ئاڵوبالوو، زەردالوو ... هتد.

ژێدەر:

١. نەبەز، جەمال (٢٠٠٨)، وشەنامەکی ئیتیمۆلۆژیای زمانی کوردی.

٢. دهخدا، علی اکبر (١٣٧٧)، لغتنامەی دهخدا، دانشگاه تهران.

٣. نانوا زادە، علی (١٣٨٠). فەرهەنگی هەرمان، تهران، توکلی.

٤. کرمانج، رەشید. ریشەناسی، مقاله چاپ شده.

٥. عەبدوڵلا، عەبدوڵلازادە (١٣٩٧)، فرهنگ لغات سه زبانه(ژیان)،سقز،گوتار.

## بوونە باپیرە



شێعر:مێهدی ئەخوان سالیس
وەرگێڕ: سووتاو. مەهاباد

بوومە باپیرە، کچم کوڕی بوو
پیرۆزباییم کرد خێرا زوو بەزوو

هاوسەرەکەشم کەبووبە نەنک
نەوەی لە باوەش گرت بە ئارەزوو

کاتێ بووبە شەو وتم خوا رەحمێ؟
خێزانم پرسی بڵێ: چیت فەرموو؟

وتم باپیر بوون خۆ عەیبی نیە
زۆر تاڵە بڵێن؟ لای نەنک بنوو!!

---



سەقز. غەفور کەسنەزانی، ژاکاو

هێندە وێڵە ئەو دڵە شێتەم لە خۆیدا وون بووە
تێکەڵ و پێکەڵ زوبانی گفت و لفتی گن بووە

چەشنی مەجنوون بێ مەکان و جێگەیە ڕۆژ و شەوێ
سینە بۆ لەیلی بە تیری تیژی ئەو کون کون بووە

دەستە داوێنی هەموو کەس کەس نەناس و بێ کەسە
بەختی لارو گێڕی ئێستا بێ سەرو بێ بن بووە

وێردی زاری شین و ناڵین بولبولێ سەودا سەرە
بۆ سەداقەت بەڵگەنامە وکۆلکەکەی هەنجن بووە

ڕازی ناڵانی خۆرەی ئاو دێ لە چۆمی کەفچڕێن
پێت دەڵێ وەرزی بەهاری توورە و تۆسن بووە

باوی ئێنترنێت کە داهات بوو بە خۆرە بۆ سەفا
ناوێ گەورە و شارێ وێران هاو ڕەدیفی سن بووە

تەبعی شێعرم وەک منالێ گرنە دەگرێ جارو بار
کۆ لە کەس ناکا دەغزرێ سەرچڵ و نەوسن بووە

## ئاهی من



لەیلاخ. مام خەیال

کێ تیماری حاڵی دڵ کا دڵ کە خەمخواری نییە
تاق و تەنیا تاقەتی خزم و کەس و کاری نییە

لەشکەری خەم هات و فێری چۆڵەوانی کردووە
جیا لە ناڵەی چۆڵەوانی چۆنە ئاساری نییە

ماڵی ئاوا ناڵە ناڵی وا لە گەڵ شەو تێکەڵە
تێکەڵی ئەو ناڵە ناڵە تاقەتی شاری نییە

لێو شەلاڵی خوێن بووە بەو دوو شەتاوەی دێن لە چاو
تانە بێژن لێوی ئاڵم ڕەنگی گوڵناری نییە

گەر بە سەر هاتی دڵم بۆ بەرد بڵێم ئەتوێتەوە
بۆچی لە بەردەی دڵی تۆ ئاهی من کاری نییە

هەرچی دیارو نادیارە دیارە شێوەی تۆی هەیە
شێعرەکەم بۆ ئەو دەسووتی سەیرە ئەو دیاری نییە

دەم بە دەم ئاواتەکانم بوونە پەیمان و بەڵێن
هیچ بەڵێنی تام وچێژی خۆزگەکەی پاری نییە

دە ی وەرەو فریام کەوە ئازیز نەکا ئەو ڕۆژە بێ
خۆڵە مێشی مامخە یاڵ لەو شوێنە ئاساری نییە

---



بروجرد.لۆرستان .زانا.کوردستانی

(۱)
هەموو ڕۆژێ بیر لە دایکم دەکەمەوە
چونکە هێشتا نازانێت
ئەو وردە جیازەی کە هەیەتی
لە کوێی ئەم جیهانەدا
بچنێت؟!

(۲)
جگەرەکەی بە لێویەوە تەڕ بووە
چەترەکەی لە ژێر باڵیا
بارانیش بە خوڕ ئەباریت
نە،
شێعر لە قورگی گیراوی.

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## کورتە نووزەیێ لە خەڵوەتی خۆم و خودا



سەقز. غەفور کەسنەزانی، ژاکاو

ئازیزی گیان، هۆکارو هەناسەی مان، لە سەرووی هەموو دەسەڵاتێکەوە دەسەڵاتداری دوو جیهان، هۆمەرە وەبەر کێ بەرم جگە لە تۆ بۆ سارێژی نەخۆشینەکان، چاوەکان ڕوو بە تۆ مۆڵەق وەستاوون، ڕایەڵ و پۆی تۆناسی دوای هەموو چەرمەسەرییێ ماوون، گوێچکەی حەق بیسان لە دوور و نزیک کولۆر کولۆر ماتڵی دەنگی گیانگەشێنت ئامادەن، نەتاساوون، خۆم و هەست و نەستم، قەڵەمی سەرکێش و ڕیشەی مەبەستم، چاوو برۆ، لاق و دەستم، شادەمارەکانی ئەندام تێکرا وان لە ژێر چاودێری تۆدا، چاوم لێیە وەک لەپی دەستم، دەستێکم بدەرێ با ڕووبەڕووت هەستم، شەوەو تەنیایی و شەپۆلی خەیلاتی مرۆ، چی ڕابوواردووە، ڕادەبێ لە نێوان من و تۆ، لە ئاشکراو نەهێنی، ئە تاڵووکە و لە سەرخۆ، چەشنی تۆمارێ ڕۆژێ یا شەوێ دێنەوە بەردەس تۆ، چاک و خراوی، خەست و تراوی، ڕۆحێ ماندوو لە دووی نارەواکان، شەکەت و خەماوی، چی لێ دەکەی ئەو دەمەی لە گۆڕێ هەڵدەستێ، پەشۆکاوێ، دەترسێ، زوانی وەک ماستی مەییو دەگرسێ، بە سووڕرادەچڵەکێت ،وردیلەیێ نەزان و سەرەڕۆ دەکەوێتە بەرپێت، وجوە مسوددە، ناوچان گرژو دوور لە خەندە، تۆ خودایێ بەبەزەو لێبوردە، منیش بە هەمبانەیێ کردەوەی ناشایست و هەرچی گەندە، هاتووم و دێمەوە، لەو سارایە وەک باقی حەشامات سەرگەردان دەخولێمەوە، بێ کەس و بێ دەر ،بێ گەورە بێ پەدەر و مادەر، نەدڵسۆزێ نەخەمخوارێ، نەدۆستی گیانی، نە یارێ، هەموو سەرقاڵی کردوو کۆشی خۆیە، کوا لە بیری منە؟ نامۆیە، ئاییی ! چ دەورێ خراوە، لاق و دەستیش چەقاوە، لەو قوڕاوە، بە فرمێسکی چاوی تاوانباران خووساوە، ئەم هەر لێرە و بە ماجوومی تاوان شێلدراوە، نە بۆ پێشەوە ڕۆیینە نە توانای هاتنە دواوە،

تۆز و خۆڵی پۆزو لووت بادان، چاوگی چاوو بیری تەمگرتووی لێکرِبادان، دیاری نادا گوڕەو چڕەی وەخت و ناوەختی میرو بەگزادان، دەستەوامە لێرە ئەوان بوونەتە جێ گەمەی ڕەش و برش و دڵشادان، صم بکم عمی زۆر و بۆرن، هەمە ڕەنگە، هەمە جۆرن، هۆی چییە گوێ نابیستێ؟ زوان ناگەڕێ ،چاو کۆرن؟

بازاڕی ئێرە بێ گزە و فزەیە، بەرتیلی ئەولا بڤەیە، گون ڕەشی دنیا قزەیە، ڕۆژ ڕۆژی ئاشێرە و باوباوی وەرگرتنی مزەیە، ڕێبەران، واتە پەیمهێنەران بۆ چاودێری ئامادە، پسوولەی کردە و تۆماری شەهادە، دەکرێتەوە، پاکی دێتەوە یادە، نە پوواوە، نە ڕزاوە، هەڵگیراوە سووک و سادە.

بەن بادانە بۆ زۆرداران، لاواندنە بۆ هەژاران، کێ دۆڕاوە لە قوماران، کاسەو کەوڵەی وا لە ئاران.

نە ڕێ هەیە هەڕاکەی، نە جێی هەیە هەراکەی، چارە چییە، قوڕی کام شوێن بەسەراکەی،

شەوەو هاتوومە ئەو مەیدانەی، بۆ کردەی خۆم لە سۆم، نە خەمی خەپلە و شاکەی، نەکەی پەروەندەی تاوانم بەر مەلاکەی، ئابڕووی چەن ساڵەم لە بەر دەمی خەڵکا بە تۆزو باکەی، من چیم لەم کەونە؟

خۆت و ناوەکانت هانام هێناوەتە دیوانت، خاوەن لێبووردەو خێوی چاکەی. شوێن کەوتەی نازدارێکی (ئەمین )م ، چاوەڕێی ئیشارێکی (ڕەحمەتی عالەمین )م، شەفاعەتی ئەو دەکا سارێژی گشت برینم ، بە خۆشی ئەوەوە ڕێبواری ڕێگەی هەورازو نشێوی ئەوینم، هەر لە ڕێبازی دینە هەڵوەدایی ژینم،

(ڕەمەزانە) وەرزی تاوان شۆرانە، بە پەڵەی ڕەحمەتت دەستێ بە تاوانا بێرانە، دزو درۆزن و فیرو دەرە ئەم وێرانە.

بۆ تۆیە دەم بەسراووم، دیلی یاسای تۆیە چاووڕاوم ، برسی و تینووم ، ئەگەر چاک و ئەگەر خراوم ، (قەدرە) و بێ قەدرم مەکە داماوم، بێ تۆشەبەرەی ئەو لا (ژاکاو)م، خۆم و خۆت دەزانین چۆنە ئەتوارم ، من کۆیلەی تۆم و هەر لە قاپی تۆ چاوەنوارم ، تۆی کەریمیت و منیش بە باری لارم، چپە و سرتە و جم و جووڵم لا تۆ ون نابێ ، تۆ بەو هەمگە ئاوڕە بەسۆزەت، منیش بەو خوارییە با وابێ، کوردم و زوانەکەم کوردیە، بە زوانی خۆماڵی، دیدەم؛

بینایی دییە!

داوامە، نییە ڕووی هاتنەوەم، پێش خۆم دەینێرم ئەم عەرزە کوردییە، کە سەراپا نەقڵی لارێیی و بەدییە،

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## پشکۆیەک لە دووبەیتی



بۆکان. پشکۆ یاسینی

هەزار ئازاری خۆییم وا لە ناخا
چرۆ لێرە دژی خۆرە لە باخا
بەفر هێمایە بۆ یەکرەنگی دونیا
بەهار هیوای بە گوڵ چی بێ لە داخا؟!

تروو‌کەی بەفری پاییزە لە ژینم
لە نامەردی مرۆ چی ما نەبینم؟
بریندار‌ی هەزاران دەرد و ژانم
بەڵام تا هەم لە ڕاسان و هەژێنم!

ژیان ئێستا بە کاتی مەرگە لێرە
گرەی ئازار بە ڕۆحی ئێمە فێرە
وەفاتی کرد وەفا لای یار و ئەغیار
زویرە خاک لە باران و شلێرە!

بەهار بژوێنی ژینی خاک و خۆڵە
شنەی شادی گوڵاڵەی نەرم و نۆڵە
بپشکوێنە بەهار بۆ من گوڵی نوێ
خەمی یار و نەیارانم لە کۆڵە!

خودایا چیت نەهێناوە بە سەرمن
بە کۆ ئەسر و کەسەر، هەست و ئەسەرمن
بە ڕێژنە خەم دەبارێنی بە سەرما
چیای قەندیل و حەمرینم مەگەر من؟!

پەپوولەی خاکەڕای هەرد و نشێوم
ئەویندار‌ی گوڵاڵەی دڵبزێوم
هەناسەی کانیاوی خۆم دەبیستم
بە ئەشقی خۆر چیا و هەڵدێر دەپێوم!

## مامۆستای مەزن



بۆکان. ناتق مەجیدی (سۆران)

باخی زانستی وڵاتم تا هەتایە پڕبەرە
چون دەزانن ڕۆڵەکانی فەرقی ناب و ناسەرە
بۆ خەباتی عیلم و زانین شاری بۆکان حازرە
وێنەیی تۆی تا ببێ لەو گۆڕەپانەی‌دا سەرە
بوویە قوربانی ئەوینی کیژی کوردیی مەکتەبی
تا بڵێن شەیدای وڵاتی پڕ شەهیدی بێسەرە
هێندە پرشنگداری، دیارە دوژمنی مۆتەی شەوی
پێت دەنازێ نیشتمان و خاکی کوردی یەکسەرە
چەشنی شەم دەتوێیەوە بۆ لاوەکانی زێدەکەت
بۆیە بۆکان شازە شارە و بۆ هەمیشە سەروەرە
بۆ هەناوی دوژمنانی عیلم و زانین خامەکەت
تیژ و بوڕرا، پڕبڕشتە و ڕێک بە وێنەی خەنجەرە
خێڵی (سۆران) وانەخوێنی مەکتەبی تۆن بێ‌گومان
جا کە وایە نا مەڕۆ، نیزیک بەوە، دەی وا وەرە



مەهاباد . ڕەحیم خزری" خۆشناو"

دڵت دامێ لە سەر هێڵی مەجازی
شەوێک گرتم لە تۆ بەڵگەی جەوازی
لە نەرمۆڵەی دڵت، وا بوومە کاربەر
بە پەسووۆردی ئەویندارییە وازی

کە ئانلاینم ، لەبەر چاوانی تۆیە
دڵەی زارم بە دڵ، ناڵانی تۆیە
دەسا بزانە کە هەردەم نازەنینم،
چەتم شێعرە و لە بۆ لاوانی تۆیە

دەلاوێنم گوڵی ئاواتی ژینم
بە هیوام بۆنی کەم، باڵای ببینم
نەکا بمرم، نەیەت یارم بەرەو ژوان
وەکووژێ، مۆمی عومر و ڕێی ئەوینم

# شێعر چییە؟



دێولان. حەبیب ڕەنــجـبــەر

بێگومان بەشێکی گرنگی هونەر شێعرە و شێعریش بەرهەمی ڕەنج و هێلاکی و ماندوویەتی مرۆڤە بۆ گەیشتن بەئاوات و ئامانج و خەون و خەیاڵ و خوزیاکانی بە درێژایی و پانتایی مێژوو .

شێعر، هیوایە بۆ گەیشتن بە ژیانێکی پڕ لە جوانی و خۆشەویستی و ئاسوودەیی، ئاواتی ئادەمیزادە بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی بە دوور لە هەر چەشنە زوڵم و نایەکسانی و دووچاوەکی و چینایەتی، بە هەر تام و چێژێکەوە .

شێعر، دنیایەکی سێحراوییە کە لەو دنیایەدا ئاواتە خنکاوەکانی مرۆڤ چرۆ ئەکەن، تاڵێک هەورێشمی ڕەنگامەیە کە ئەستێرە بە بەرۆکی مانگەوە هەڵدەواسێ .

شێعر، لایەلایەیەکی ئەهوراییە کە گوێچەکەی دڵ دەلاوێنێ، دنیایەکی پڕ لە سۆز و هەستە و تەم و مژ لە سەر لووتکەی دڵ ئەتارێنێ و قین و نەفرەت لە گۆڕستانی ئەبەدی دەنێژێ ، هەرێمێکی گوڵجاڕی بێدڕکە و ڕووبارێکی زوڵاڵ و بێگەردی لە فرمێسکی شادییە و ڕێبوارێکی ئەوینداری دەریای مەند و ئارامی پڕ لە دوڕ و گەوهەرە .

شێعر، دەلاقەیەکی کراوەیە ڕووەو جیهانێکی پڕاو پڕ لە ئۆقرەیی و بەدوور لە لوورەی گورگ و چەقەی سەگ و قڕەی قەل و واقەی چەقەڵ .

شێعر، دەشتاییەکی کاکی بە کاکییە کە هەتا چاو هەتەر دەکا بە گوڵ خەملیوە .

شێعر، خەیاڵی تێژە و کام مەودا دوورە ئەبڕێت ، هەست و سۆزی نەرمە، بیر و بیرۆکەی ئەهوراییە، هەوینی شۆڕش و گۆڕانە.

شێعر، کۆڵکەزێرینەی پاش بارانە و ئاسمانی بیر دەنەخشێنێت، گۆرانیی و بەستەیە، شەکەتی لە لەشی ڕێبواری ماندوو دەر دەکا، جامی مەیە و کۆڕی زکر و تەلیلەی سوفییانە گەرم ئەکات.

شێعر، گلە و گازندەیە و دزیوی کردار و ناحەزی گوفتار نزا دەکا، فەلسەفەیە و چۆناوچۆنی و پرسیار لە کوێیەوە بۆ کوێ دەخولقێنێ، لانکی حەسانەوەیە، بەستێنی تێگەیشتنە، فێرگەی پێگەیشتنە، ، خەونە، خەونی جیهانێکی خواوەندانە کە لەودا هەموو دەنگێ ڕەنگی هەیە و هەموو ڕەنگی دەنگ.

شێعر، شۆڕشی وشەیە، زمانی ڕەخنەیە، ئاوێنەی باڵا نوێنی کۆمەڵگەیە، پەرتۆکی چلۆن ژیان و چلۆن ژینە.

شێعر هەوینی زاڵ بوونە بەسەر ناهومێدیدا، بووژانەوەیە لە نێو کەلاوە رووخاوەکانی ژیاندا، گوڵی ڕواوی زەوینی شۆڕەکاتە، نۆبەرەی سەرسەبەتەی هونەرە، هاواری بێدەنگیی چەوساویە، گڕ و کڵپەی دڵی دایکی شەهیدە و چەخماخەی شەوەزەنگ بەزێن .

شێعر، هاوارەبەرەی داماوانە، فرمێسکی داری ئەرخەوانە، ئەسرینی غەریبە و دەردی دووریی ئازیز ...

شێعر، پەرجوویە و ڕۆحی هەڵپەستراو و سڕ کراوی مرۆڤ ئەبووژێنێتەو ...

شێعر ...

| بۆکان. محەممەد ئەمین قورەیشی | کاریکاتۆر | |
|---|---|---|
|  |  |  |

## لەسەرەمەرگدا



ڕەحیم خان. نادرمستەفازادە

**بەشی یەک**

دەریای پڕ شەپۆل و شۆڕشی ژیان وردە، وردە هەنگاوی بەرەو ئارام بوونەوە هەڵدێناوە و بە وێنەی گۆمی مەند دەهات کە لە گێژ و خول و ڕاوەستان کەوێ.

ئەتگوت : ئاو بە سەرئاگرێکی بێ ئامان دادەکەن گڕ و بڵێسەکانی دادەمرکا و هەڕەشە وگووڕەشەی لێ دەبڕا و بەرەو کوژانەوە دەڕۆیشت،

بەڵام پۆلۆکانی دواین بەربەرەکانی خۆیان بەچزە چز و گرفە گرف دەکرد ئەیانویست جارێکی تریش گڕ و زڵێسەیان بەرز بێتەوە و خۆ بنوێننەوە کەچی تازە هەولی مانەوە بێ بایەخ بوو ,, ئەوە ئاوی دەستی ڕۆژگار بوو , کەئاگری دڵی وەها لە بڵێسە و گڕ دەخست کە هیچکات سەر هەڵنەداتەوە.

بەڵێ ئەوە دڵ بوو کەئەمڕۆ پاش ئەو هەموو هیوا و ئاواتە لە پسان نەهاتۆی بە ناچار دەستی لەگشت خۆشیەکانی ژیان بەرئەدا و تەنانەت وشەی پیرۆزی خۆشەویستی کە هەوێنی مانی بوو لە بیر دەبردەوە تەنیا بیری لە یەک شت دەکردەوە کە چنگی لە ناخی دەروونی گیر کردبوو و تار و پۆی ژیانی دا تەنیبوو. ئەویش پەیکەری ناحەز و دزێوی مەرگ بوو، کە لەو پەڕی بێ بەزەیی و دڵ ڕەقی دا خۆی دەنواند و وەک بای بەهێزی پاییزی بەر ببۆ لق و پۆپی داری ژیان و سەر وگوێلاکی دەکوتا و گەاای لێ دەواەراند گوڵاڵە سورەی ژینی شێتانە تێک هەڵ دەشێلا و قاقا بەو ڕۆاڵەتە پێ دەکەنی -

بەوەش نەدەوێستا ئەیویست لەرەگ و ڕیشەوە هەڵی کەنێ هەر ئاسەواری نەمێنێ.

قرچەی گیان سووتێنی تێک شکانی داری سەرسەوزی ژیان دەهاتە گوێ دوا ساتەکانی ژیانێکی پڕ دەردیسەر تێ پەڕ دەبوو ساتێکی ناسک لە نێوان مەرگ و ژین دا مابۆوە بەربەرەکانی و شۆڕشێکی گەورەی نێوان ڕوح و مەرگ بوو، تۆ بڵێی کامیان سەر کەون ؟

ئایا دڵ دەتوانێ لەو پەڕی تاسە و ئاوات دا بۆ ساتێکی ترل لە لای خۆشەویستەکەی بمێنێ یان نا دەبێ بە ناچار باوەشی گەرمی ئەویناری بە جێ بێڵێ و خۆی دەباوشی سارد و سڕی خاک هاوێ ؟

ئاخ کە ژیان شیرینە و دنیای ڕوون خۆشە , دڵ دەستی پێ لەئاواتە لە بڕان نەهاتووەکانی بەر نەدەبوو و بیری لێ دەکردەوە بەو پەڕی هێز و تواناوە شەڕ و خۆڕاگری دەگەڵ دێوەزمەی ڕەشی مەرگدا دەکرد–

بەڵام بە داخەوە ئەوە هێزێ بوو جیا لە هێزی ئادەمیزاد و جیا لەو هێزانەی کە ئەو دەروەستی بێ.

بە ناچار و هیوا براو خۆی وەکو لەشکرێکی بێ هێز و تێک شکاو دەهاتە بەر چاو کە بە پاڕانەوە و دوا نوزەی تیا ماوەوە تکای مانەوەی لانی کەم ساتێکی تر بۆ ژیان بکات کەچی لە خۆفی لەشکری زاڵ و سەرکەوتووی مەرگ هێزی تکا و ڕەجاشی لێ برا و زمانی بەسترا و چاوی بە مۆلەق وێستا، دڵە خورپەیەکی کەوتە ناو لەشەوە دڵە خورپەیەکی وەها ئەستەم کە هیچکات لە ماوەی ژیانی دا نەیگرتبوو.

پشووی بە سەغڵەت و بژاردە دەهاتە دەر

بەوپەڕی تاسە و ئاواتەوە دەیروانێ خزم و کەس و دۆست و خۆشەویستانی کە لە دەوری کۆ ببوونەوە و بۆی بە پەژارە و داخەوە بوون و چاوی لێ نەدەتروکاندن

ئاخر تا ئێستا لە بەر تەماحی دنیا نەپەرژا بوو وا بە جوانی و وردی سرنجیان بدا و چاویان لێ بکا و ڕوویان ببینێ بۆیە لەو پەڕی تەوژم و ناڕاحەتی دا نەیدەویست چاویان لێ هەڵبڕێ ,, ئێستا ژیان لە ژێر چنگی تیژی مەرگ دا وە تەنگ هاتبوو و وەک مەلی دڵ بەتاسەی هەڵفڕین دەهات نەردەی قەفەسی سینگ بپچڕێنێ و لە شەقەی باڵان بدا و هەڵفڕێ و لە بەندیخانەیەک بە ناو ژین ڕزگار بێ.

بەڵام نا دیسان هۆگری و خۆشەویستی ئەو بە دنیای ڕوون بەرگری لێ دەکرد.

چاوەکانی پڕ پرسیار ودڵی پڕ ئاوات و تاسەی دیانویست تەنیا ساتێکی تر لە خۆشی و جوانی ژین بەشدار بن بەڵام نا تازە کاتی ئەوە نەماوە و وەخت درەنگە و ژیان گەیشتۆتە تەنگانە و فەرمان فەرمانی پەروەردگارە و پاش و پێش ناکرێ و گەڕانەوەی بۆ نییە ـ ئەجەل بە گشت هێز و تواناوە هاتۆ ناچار دەبوو، دەست لە گیانی شیرین بەردا و گەڵای لە داری بوەرێ -

ئێستی نەزێڕ و پوڵ و پارە و نە خزم و دۆست تەنانەتی هۆزەگەورەکەشی کە لە دنیا دا جێی شانازی ئەو بوون، نەیانده توانی وە فریای کەون و ئەوجاریش لە کەوتن دا ڕاستی کەنەوە؟

لەچاوتروکانێک دا لەو هەموو بەزم و خۆشی و شادی و هەرا و هووریا وحەق و ناحەق دڵ ئێشانی مرۆڤەکان لە تەرمێکی ساردەوە بوو پتر شوێنەوارێکی نەما...

**بەشی دووهەم**

شوێنەوارێک نە ما!

کە ئەویش دوای کات ژمێرێک بە گەزە جاویەکەوە، باوەشی گەرمی کۆمەڵی بە جێ هێشت و باوشی خاکی سارد و ڕەش ئارامی گرت و بە گشتی ناوی لە سەر لاپەڕەی دەفتەری ژیان بە نووکی نەشتەر هەڵکرا و سڕاوە و چۆ ناو کاروانی بێ پسانەوەی لە بیر چۆوەکان!

بەڵێ مەرگ بەو پەڕی بێ بەزەیی و دڵ ڕەقی تکا و ڕەجا و پاڕانەوەی کەس قبوڵ ناکا،

هیوا و ئاواتەکان لە ناو دەبا و لزگەی عیشق و ئەوین و خۆشەویستی لێک جوێ دەکاتەوە وایان لێک بڵاو دەکا کە هیچ هێزێک بۆی کۆ ناکرێتەوە!

ژەنگی چەندساڵەی ڕق و قین و تورەیی و دوژمنایەتی و بەربەرەکانی دەشواتەوە –

دەنگی بەرزی مەرگ نوستوان و ئەو کەسانەی وا نوقمی دەریای خۆش ڕابواردنن و ناشارەزایانە مەلە و پەلەقاژەی ڕزگار بوون دەکەن

وەخەبەر دێنێ کەچی بەداخەوە تازەئەو وەخەبەر هاتنە زۆر درەنگ بوو، وە هیچ کارێکی تێدا نەدەکرا.

مەرگ دوا هەوارگەی ژیانی پڕ چەرمەسەری مروڤە کە چاوی تەماحی پێ لە دنیا دەبڕێ و ئاواتەکانی لێ پووچەڵ دەکاتەوە،ئەی بەشەر تۆ کەوا غەرق و نوقمی هەوا و هەوەس بووی، بزانە لە مستێ خۆڵ بەدی هاتووی و بە مستێ خۆڵیشەوە دەگەڕێیەوە بۆ لای خودا کە وایە تا درەنگ نەبۆ با لە خەو هەستین بەڵێ

مەرگ دەنگێکە بۆ وریابوونەوەی ئینسانەکان، کە هەموو بەیانیان بەرلەوەی هەتاو سنگی زەوی ماچ کا و لێو بەسەر کوڵمی چیا دابێنێ دەم بخاتە دەمی گوڵانەوە لە هەر بستە خاکێک و لە هەر تۆزە و خۆڵێک هەڵدەستێ و وریامان دەکاتەوە ئەو گۆڕستانانە گشتی دیاردەی ڕاستەقینەیەکن کە ئێمە لێی بێ هەواڵین دەبا بەس کەین کەللە شەقی و لەخۆ ڕازی بوون بێینەوە سەرخۆ و بە خۆشەویستی ئینسانەکان و چاکە کردن، ژیانی باش بۆ خۆمان دابین کەین.



**سنه. کەژاڵ ئەرغەوانی**

ئەی دەردی تەلیسماوی یەک جارێ بگە فریا
دەردی خەم و هیجرانە،دڵ مەست و دوو سەد شەیدا
ئازارە هەموو گیانم،تاریکە هەموو ڕۆژم
شەوگاری ژیانی من پڕ بوو لە شەوی یەلدا
خاتر جەمە ڕۆحی من،کۆتا دەبێ و دەڕوا
مۆژدەی سەحەری دێت و مەجنوونێ دەگا لەیلا
کەوتوومەتە داوی تۆ،یەک نیم نیگاهێ بەس
قوربانی دوو چاوت کەم، هەم دینی و هەم دونیا
حاشایە ئەگەر بێژم حوزن و غەمی دەردی دڵ
ئازادە هەموو گیانم ،لەو ماتەمی هەر شەو دا
سەودا زەدەیی تۆ بووم یەخسیری کەلامی تۆ
ئەفسوونی دوو چاوی گەش،مەجنوونی قەدی ڕەعنا
پێم وابێ ببینم ڕووت هەڵ بێ مەهی تابانم
نا نا هەڵەیە قوربان،ناێتە دی ئەم ڕۆیا
مەشکێنە دڵم ئازیز دڵ مەستی ڕۆخی ڕووتە
سوبحی سەحەری دێت و دڵ مەستی هەزار خۆزگە

**سنه. کەژاڵ ئەرغەوانی**

هەوری ڕەشە گرتوویە بەیەک جارێ بەیانم
خەم هاتووە،پۆشیویە هەموو ڕۆح و ڕەوانم
ئاهی دڵی مەحزوونە دەکا شیوەن و ڕۆ ڕۆ
فرمێسکی قەتیس ماوە لە دوو چاوی عەیانم
مانگی ڕۆخی تۆ دوورە لە من ئەی مەهی تابان
ئەیلێت وەکوو یووسوف لە دڵی چاهی زەمانم
هەر تیری مۆژەت ئاگری بەرداوە لە دڵدا
گۆڕاوە سەرانسەر نەزەرت ڕوو لە ژیانم
وەک حەزرەتی نالی کە دەکا مەدحی حەبیبە
شێوەی نەزەرت بوو بە هەموو جامی جەهانم
یاسا بە هەموو حوکمێ دەکا مەنعی نیگاهت
تەسلیمی دڵم بەو بە ڕۆخت لادە خەمانم
حافیز بە غەزەڵ تاجی شەهەنشاهی بە سەر نا
ڕەحمێ بکە ئەی ڕێبەری دڵ،تازە جەوانم
ڕێنوێنی دڵم بەو بە هەتاوێک خەمی لادە
بەو هەستە مەسێحاییە تۆی نووری چەمانم

## سێ کورتە شێعر



سەقز. مریەم یەتیمی

### ١ــ خۆشەویستی

بە دوو وشە زیندووە
یەک خۆشەویستی دایک
دوو خۆشەویستی نیشتمان
هەرکامە لەم دووانە
دەماری دڵ و گیانە

### ٢ــ قەرەسیلی زام

لە گوڵی زەرد هەڵگەڕاوی
ناو پەنجەرەیەک و
دەرکەی لاشکاوی حەوش و
گەی قومری و جریوەی مەلی
خەمین تەژییە نیگام
لە گەڵای وشک و
حەوزی وشک و قەرەسیلی زام
دیوارخەم ئەباری
هەتاو پێناکەنی
مەلێک تێگەیاندم
لەم ژوورە لا رووخاوە
مێهرەبانی وشک کراو
بەجێماوە.

### ٣ــ کۆترەشینکەکان

ئەی کۆترەشینکەکان کە
فڕینتان هەردەم لە
بێ هیوایی و شینکەی ئاسمان
لە دایک ئەبێ...
ئەی خاکی پچڕپچڕ
لە دنیای فیزماڵکی بێ بەزەیی و
وشەی پڕ لە چەقۆ و تەشۆێ
بڵێی خۆر چی لێ بە سەردێ
بلێی عەشق چی لێ بە سەر دێ

## تاوی نیگات!



مەریوان. مادێح کۆنەپۆشی (زایەڵە)

دڵ لەبەر تاوی نیگات بێ، با جەهەننەم، ڕازییە
بۆیە هەردەم بێبەرانبەر ئارەزووی گیانبازییە
بۆ دەڵێی ئیهام مەنووسە، شاعیریت بۆ کەی ئەوێ؟
سێحری نازت هەڵگری سەرجەم نهێنی و ڕازییە
بێمنەت دێم بۆت دەنووسم مەسنەوی، هایکۆ و غەزەل
بێمحەک بیخوێنەوە خۆ چاوی مەستت قازییە
وا لە چنگی خۆشەویستیتا ئەسیر و بێپەنام
بۆ! مەلێ بێ باڵی پەرواز، هەوڵی بۆ دەربازییە؟!
لێو و لەنجە و ناز و ئەبرۆ، ئالەتی قەتتالەتن
قەتڵی چی ئێنیتە پای خۆت! لایە ئەم ڕمبازییە ...
هەڵسووکەوتی "هیتلەر" ئاساکەت وەلانێ، بەسیەتی!
بۆچی برژانگت بەوێنەی لەشکەری "نۆنازییە"؟ ١
ژیرە شێعرم، هەستە شێواوە لە چاوت چاوەکەم!
دەورە گۆڕاوە و ئەمیشە جۆرەیە نۆ نازییە
زایەڵەی زیزی خەزانی هاوسەرینێت، ئارەزووی
پێگەیینتە و دێرەکانی چاوەڕێی تەنبازییە

١ـ نۆنازی= نێۆنازی، نازی نوێ




بۆکان. ڕێ زان

لە بەرچاومی بەلەنجەی عاشقانە
پەنا دەستت نەزانی بەو خەمانە
سەرم داناوە پێیدا تۆ گوزەر کەی
ئەوەی خەمخۆرە "ڕێ زان"ە بزانە
❋❋
لە ژێر چەتری شەوا چاو پڕگرینم
لەشی ناسک کلۆڵەو زۆر خەمینم
بڕۆ! بێ تۆ شەقام وێران وشارچۆڵ
لە خرمانی خەمانت خووشە چینم
❋❋
مەکە مەنعم لە تاوت بێقەرارم
لە باوەشتا گوڵێ ، وەرزی بەهارم
کەلێم دووربی سەغیروناهومێدم
سەلایە بانگە هاوارە بەزارم

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە


# خوزە گێچەڵ لە ئاوێنەی شاری ئاواتەکاندا





سەقز.ساحیب.عابید حسەینی

دوای خوێندنەوەی کتێبی:سەدساڵ تەنیایی / نووسینی:گابریەل گارسیا مارکێز.



پێشتر ژیاننامەی بە پێزی ئەم نووسەرەم بە تێر و تەسەلی خوێندبوەوە، لە نێو ژیان، وتە، کارەکانی و بیرەوەریەکانی وەک نووسەرێک چێژموەرگرت.مرخم بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبەیشی خۆشکرد.
کتێبێکە، هەموو شتێکی هێمایە، وتەکان، کەسەکان و کەسایتیەکان، مێژوو، گێڕانەوە، خۆشی و عیشق، تێکرمان، ئازار، شەڕی ناوخۆیی و دووبەرەکی، وەک چێشتی مجێور کلافەیەکی تێکەوە پێچاوە، تاقەت پڕووکێن، پشووت سوار دەکا، مەگین، لە سەرەخۆ بیت، دەنا سەرگوریسەکەت لێدەشێوێ، ئەدی بۆ بابم؟
هەر خوزەیە و دێ و دەچێ و لە دایەک دەبێ و دەبووژێتەوە و دیسان وێڕای دایەگەورەیان کە تەمەنی لە بن نایە بە شەڕەسەگ و بگرە و بەردە ئاوقانی مێشکت دەبن.دەستت لە بن هە وانە کە وە بە ر دەبێتە وە و بێ تاقەت و وەڕەس لەم حەمکە خوزە و مزە.تان و پۆی کتێبەکە لە سەرەتاوە گێژە ڵووکە بارانت دەکات .ڕۆحی سە رگردان و قەڵافەتی قەبە و ڕێگباری سێدارە هەر پاتەیە.هەر وەک ئاوخواردنەوە منداڵی زۆڵ بە خشپەخشپ، خڕ دێنە وە لای دایگە ورە و دیسان دەبنە وە خوزیە کی دیکە و سە ر لە نوێ شە ڕێکی دیکە، ئە وینێکی چاوپێکە وتە ولە خۆوە هە ڵتۆقیوو ڕاست دەبێتەوە، دیسان لە بە ردەم دایگە وردا تێک و زەبە ن دەبێ .دایگە ورە"ئورسێلا "سە رگوڵی بووژانە وە و گە شە ی ژیانە لە شۆڕەژنانی کورد دەچێ دایم دەبێتە هۆی ڕاس و پاسە بوونی ژیان و تەنانەت ئاوەدانی گوندەکەی جیا لە "مێردە کە ی کە تا کات دەڕوا بەرەو شێتی و مالیخولیایی هەنگاو دەنێ"ئورسێلا لە چەقی ژیاندا و لەکاتدا هەڵدەسووڕێ، بیر دایگە ورەی خۆم دەکەومەوە "ڕابێ"بە شەرت ڕابێ بە قوڕگی ژیاندا دەچوە خوارەوە.ئەم ئۆرسێلاش بە جە رگی ژیاندا ڕەگاژۆ بوە خە ریکە دەیعاملێنێ.
ئەم گشتە مەرگ و ژیانە لە شاری ئاوێنەکاندا واتە ماکاندۆی خەیاڵی سەری هەڵداوە .سە رەتای کارە کە لێڵە ،کابرایە کی پیاوکوژ نابەجێ لە دووی باشییدا دەگە ڕێ و شاری ئاواتە کانی بێگرێ دەوێ. ئە م گابریە ل گارسیا مارکێزە وا هە ڵت دەسووڕێنێ دەڵێی کۆزی بەرغەلی ئێوارە بۆ تاقەت کردنی مەڕەکان بەردەدا.ئەم دەکوژێ ئەو دەبڕێ.بۆ؟
پێم وابێ لە مێژووی سەرەتای وڵاتەکەی دەدوێ کە خەڵکی ئاسایی لە ئامریکای لاتین بە سانایی دەژین و لە نێو کێو و تەلانی خۆ خەنیم و شاد لە پڕ هاتنی قەرەچیەکان وەک هێمای ئورووپایی بە دەبدەبە و کەبکەبەوە دێنە وڵاتەکەیان و شارە گڵینەکەیان دەکەن بە ئاجوور.
مارکێز پاشاگەردانی و شەڕی وڵاتەکەی لەنێو ئەم خوزە هاتنانەدا حەشارداوە.دوو دەستە عە ینەن کورد و مێژوە کە ی تێک بەربوەن، مەگین خودا بزانێ چۆن بە قەستە کوشت هەموو بنەما مرۆیەکان تێک و زەبن دەدەن تاکوو بۆ چە لێک و هە لێک ببنە دەسەڵاتدار.لە ناکاو بیری ناوەرۆکی کتێبی"شەرەفنامە"دەکەویتەوە.مێژووی تێکەڵ و پێکەڵی وڵاتەکەی بە هاوردنی زوو زووی خوزەکان پیشانداوە.
لەم کتێبەدا مارکێز سەرهەنگێکی عەجیب و غەریبت پێ پیشان ئەدات وەک کەسایەتی سەرەکی چیرۆکەکەی.مرۆڤێکی ئەمڕۆیی و ئازادیخواز کە لە نێو دڵی کەرەستەدا شێعر دەهۆنێتەوە.لە شەڕ و شۆڕ شتێکی بۆ شین نابێت، لە کۆتایی بگرە و بە رەدا وادەزانێ تەنیا بای مێشکە مرۆڤەکان بە گژیەکدا دەکا و ئەم بۆچوونە لە ژیانی مرۆڤدا قە راخێکی سووکنایی بۆ نییە و لە ئاخردا دێتە ئەو بڕوایە دەبێ ئاشبەتاڵ بکات و پەیمانی ئاشتی واژۆ بکات .ئە م سە رهە نگە لە ڕابردوو بڕاوە و لە دووی بیرەوەری ناگەڕێ.
دیسان لەم چیرۆکەدا ڕخنە لە بیروەری دەگرێ و لە ناو بیرەوەرییدا جینگڵ خواردن و ڕابردوو هەڵکۆڵین بە باش نازانێ و کەسێک بە ناو ڕبێکا ئەم ئەرکەی لە ئەستۆیە.لە تەنیایی خۆیدا هە ر خە ریک کاوێژکردنە وەی ڕابردووە .بە هۆی ئە م دوو کەسایەتیەوە مارکێز دەڵێ:دەبێ رابدوو بکەیت بە پرد بۆ داهاتوو لە ناو ڕابردووا بمریت یان ڕەگ و ڕیشەت لە بن بێنێ و بۆ داهاتوو هیچت پێ نەبێ نالەبارە.بەینابەینی باشترین هەڵبژاردەیە.
خوێندنەوەی ئەم کتێبە کە زۆربەی ناوەرۆکەکەی بۆ کولتوو و نەریتی ئێمە ناگونجاوە پێم وابێ بۆ تەمەنی میرمنداڵان نابێ پێشنیار بکرێ و دەبێ ئاوزمەندانە بە پیریەوە بچین.جێی سەرنجە زۆربەی بابەتەکانی دەڵێی بۆ خەڵکی مەڵبەندی ئێمە نووسراوە، وێچوومان زۆرە.
مارکیز بە تێچوێکی کەم، تەنها بە قەدەر پارەی کتێبەکە، دەتانباتە ئامریکای لاتین و پێت دەناسێنێ . بخوێنەوە، بنووسەن، سوکناییتان بۆ دێت.

## نیشتمان



بۆکان. جەمیانی

من  هەناسەی  بەر بەیانی  خۆم دەوێ
من  بزەو بۆی  شاگــوڵانی  خۆم دەوێ

لەو  زریوەی  کارەبای شــەو  جــاڕزم
من  هەسێرەی  ئاســمانی  خۆم دەوێ

چاو لە ئاسۆم  هەر لە شەو  تاکوو بەیان
من  تریفەی مانگی جوانی  خۆم دەوێ

نامهەوێ  نــاپــاڵـم و  بــۆمـبی ئەتۆم
من  گزنگی  سەر سەرانی  خۆم دەوێ

قۆشەن و ، جوندی و  سپای تۆ، تووره لام
من  کچانی  چەک لە شانی  خۆم دەوێ

دەرکەون با  کوندەبوو  گورگ و  چەقەڵ
من  تەواری  شــاخەکانی  خۆم دەوێ

دژ  هەزار  چاپ لووسیکا، هەر دوژمــنە
من  گەریــلا و  زێرەڤــانی  خۆم دەوێ

با قەل وقاز  شین و ژینگەم  پیس نەکەن
من  چـریکــەی بولـبولانـی  خۆم دەوێ

کام یوئێن و  یەکیەتــی  مافی مرۆڤ
من  برایی  نێو  گەلانی  خۆم دەوێ

ئیسفەهان و  یەزدو و  سـاریـم  بۆ چییە
من  سنە و ، سەنجارو، وانــی، خۆم دەوێ

خاکی دونیا  زوقم و شەختەن  بۆ لەشم
من  کەژوکۆی  نیشتمانـی  خۆم دەوێ



بانە. ئامینە عەزیزی"سروور"

بە ئەوینت
دەستنوێژی وەفا و بەڵێن هەڵدەگرم
لە ڕەکاتەکانی نوێژی خۆشەویستی
ناوت دەێنم
تا ئەوکاتەی دەستم لەرز و
چاوم کز و
قاچم سست و
لەش دەتەزێ.

وەک چۆن لە نوێژەکانی
خۆم واز ناهێنم
خەیاڵی تۆش
لەبیر ناکەم، دەت دوێنم

## زەویی گیر ببێ

سارد و بێ تینم، لە دووری یارم
ڕەنگم بێ ڕەنگە، زۆر بێقەرارم

وشک و بێ ئاوە دەریا لە ناڵەم
هیچ کەس نازانێ بەو دەرد و حاڵەم

یاخوا ئەو کەسەی کە تۆی لە من کرد
ئەشکی دیدەی بۆ ڕووی گۆنا برد

زەویی گیر ببێ بە دەست زەمانە
بۆ تیری بەڵا بێتە نیشانە

زانیوتە ئەمن گیرودەی ئەتۆم
لە تاوان شێتی چیا و کەژ و کۆم

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# هێمن بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵ



سنە. یەحیا سەمەدی، نووسەر و ڕۆژنامەنووس



لە کۆمەڵی کوردەواریدا گەلێک گەورە هەڵکەوتووە... لە بواری نیشتمانپە روەری و کۆمە لایە تی، زمانەوانی و فەرهەنگی و زۆر بواری تردا. یەکێ لەو مامۆستایانە کە بۆ فەرهەنگ و ئەدەب و شیعری کوردی و نیشتمان قەت ماندوویی نەناسی و بەردەوام بۆی تێدەکۆشی مامۆستای کتێبی تاریک و ڕوونە، کە زۆر بە کورت بەشێک لە ژیان و تێکۆشانی دەخرێتەو بەرچاو.

ئەوەی کە دەڵێن؛ هونەر نەمرە، دەتوانین لە هونەرمەند و قەڵەم بەدەستانێک وەکوو مامۆستا "هێمن "مەهابادی زۆر بە ئاسانی ناو ببیین و وەکوو واقعێک هەستی پێ بکەین. ڕاستە مەرگ جەستەکان دەشارێتەوە بەلام یاد و نازناوی هونەریی و شوێندانەریی خاوەن هە ست و هزری جوانەکان کە یەک لەوانە "مامۆستا هێمن"ی شاعیر و شۆرشگێرە بۆ هەمیشە لە ئینجانی یادی هۆگران و لە باخچە ی کتێبخانە ی کوردی بە بۆنخۆشی و بەڕازاوەیی دەمێنێتەوە.

٦٣سال بەسەر مەرگی ئەم نووسەرە جوانپەرەست و خەمخۆرە تێپەڕدەبێ کەچی ئێستاشی لە گە ڵ بێ بە شێکی زۆر لە هۆنراوە و شێعرەکانی ئەم کەڵە شاعیرە لە گۆڵە گەزیزەی تازە شین بووی خاکەڵیوە دەچێن کە لە داوێنی دیوانە شێعرەکانیدا بە ناز و خە مزە ی خەمرەوینەوە شنەی دێ و کەرویشکەی کەلیمەکانی تا ئێستاش کاڵ و کز نەبۆوتەوە.

دەتوانین بڵێن وەکوو شاعیرێکی رۆشنبیر و بە دەرووست بە گوتەی مامۆستا بەختیار عەلی: ئینتمای بۆ شتە باش و جوانەکانی کلتووری کوردەواری هەبوو، نەک بۆ هەموو داب و نەریتی دواکەوتووانەی کۆمەڵگەی خۆێ، هەر بۆیە لە زۆر بواردا دەنگی ئیعتیرازی خۆی هەڵدێنێ، بەتایبەتی لە پێوەندی لە گەڵ کێشە و گرفتەکانی ژنی کورد و چەقبەستوویی و پیاوسالاریدا چەندین نموونەی جوان و بەهێزی ئە دەبی نەخشاندووە.

نەتەوە خوازی مامۆستا "هێمن" نەتەخوازییەکی هزرمەندو ئینسانییە، نەتەوە ویستێکی تۆخ و کەللە ڕەق نییە، بەڵکوو لە ئەو پەڕی سینگ فەراوانی و بیرۆکەی جوانەوە باسی "گەل" و "میلکان"ی خۆی دەکات و بەش بەحاڵی هەموو ئینسانەکان داکۆکیکاری ماڤی ڕەوا و ئازادی‌یە.


"ئارەزوومە هەرچی ئینسانە بەئازادی بژی
چۆن گەلی داماو و مات و دیل و یەخسیرم دەوێ"

مامۆستا هێمن لە دەگمەن شاعیرانی نیو سەدەی ڕابردووی کوردە کە زۆر یەک لە شێعرەکانی هەڵگری فەلسەفەیە کی تایبە تن . لە شێعرەکانی هەست دەکەی لە دۆخی زۆر سەختی کۆمەلایەتی ئەو کاتیی کوردستانی ئێراندا، هەڵوێستی فیمینیستی‌یان پێوە دیارە. واتە هاوکات کە خەریکە شێوازی پێوەندی‌یە کۆمەلایەتی‌یەکان شی دەکاتەوە و دەیان‌داتە بەر ڕەخنە. بە سازکردنی کەشێکی شاعیرانە خوێنەر بەرەو مەبەستی سەرەکی خۆی رادەکێشێ. بەلام هەموو ئەو وەسفە شێعری‌یانەش لە زمان و وێنەسازی‌یەک کە لە واقیع وەرگیراون لانادا. لەهەمان کاتیش دا ئەو خالانە دەخاتە روو کە هەستی جەماوەر دەیناسێ و تێی دەگا تا دەگاتە ئەو چین یان چینانە ی بە مە نتیقی شێعرەکەی لە باری ئیدئۆلۆژیکەوە پێویستە لەبەرانبەریان‌دا ڕابوەستێ. ئەو چینانەش کەسانێکن کە لە دژی بەرژەوەندی چینی کرێکار و دروێنەوان و وەرزێرانی دێهاتی‌دا لەمپەرن.

یا لەو کاتەدا کە ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگای کوردەواری‌دا، لەو پەڕی لاوازی دابوو، لە چەندین شێعری ڕۆڵی ژن لەو ئاستە نەریتی‌یەی دەباتە سەرتر و تا پلەی کەسایەتی‌یەکی وەک «ژاندارک» بەرزی دەکاتەوە. ئەوە لە کاتێک دایە زۆر دواتریش کۆمەڵگای نەریتیی کورد، دەرفەتی وای بۆ ژن نەڕەخساندووە. هەروەها ئەو شێعرانەی کە لە جەنگەی پەرەگرتنی بزووتنە وە ناسیۆنالیستی یە توندئاژۆکان لە ناوچە ی ڕۆژهەلاتی ناوین‌دا نووسیونی و باسی رووحی لێبووردەیی و تۆلێرانس لە ناخیان‌دا پەنگی خواردووەتەوە. باسی بەرابەری ئینسانە کان و برایەتی گەلان، چ لە دونیا و چ لە ئێران‌دا و لەو ڕێیەوە ئاشتی‌خوازی، تەبایی گەلان، ئازادی و زۆر بیرۆکەی نوێی دیکە فێری «کیژ و کوڕ، لاو و گراوی، دلبەر و دلداری کورد دەکا».

لە هەندێک شێعریشی‌دا شانی داوەتە بەر ئەرکی هەستیار و قورسی ڕەخنەگرتن، لە ئاکاری سیاسی‌یەوە بگرە تا ڕەفتاری کۆمەلایەتی و لە ڕەخنەی ڕەقیب و بەرهەڵستەوە بگرە تا ڕەخنە لە خۆ، بە هەر دوو واتا سیاسی و تاکە کەسی‌یەکەیەوە.

مامۆستا هێمن وەک ڕۆشنبیرێک بە پێی ناوەرۆکی بەرهەمەکانی هەرگیز لە بەرانبەر نالەباری‌یەکانی کۆمەڵگا تەسلیم نەبوو، بە ڵکوو بە گرتنە بەری ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانە لە بەرانبەر پێکهاتە پواو و سواوە کۆمەلایەتی و کولتووری‌یەکان، لایەنی واتایی ئەو پێکهاتانەی دایە بەر ڕەخنە کە کۆمەڵگای بەرەو لاڕێ بوون یان لانی کەم پەسیڤ بوون و مانەوە لە دۆخی پێشوو دا هان دەدا. ئەوە تایبەتمەندی کاری ئەدەبی مامۆستا "هێمن" لە قالبی شێعردایە. ئەویش لە سەردەمێک دا کە دەیهەوێ ڕۆڵی ڕۆشنگەر و ڕۆشنبیرێکی ڕەخنەگر و لە هەمان کات دا بنیاتنەر بگێڕێ. ئەو واتایە ڕەنگە لە گەڵ پێناسەی ئەورۆیی ڕۆشنبیر تەواو تەباش نەبێ، بەلام شاعیرێکی کورد کە ٧٠سال لەوە پێش بە کوتکی ڕەخنەوە دەچێتە سۆراغی روخاندنی بوتە فکری‌یەکانی کۆمەڵگا و لە لایەک بناخەی ئەوانە دەکۆڵی و لە لایە ک ڕێگای جودا لەوان نیشان دەدا، ئەگەر لە هەندێک شوین دا لە ڕچەی شێعرێش لای دابێ ئەوا لە سەر گەورە ڕێی ڕۆشنگە ری و ڕۆشنبیری دا خۆی دیوەتەوە.



شیعری مامۆستا هێمن هەم واتاخوازە و هەم فۆرمیک. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە لە نێوان ئەو دوو چەمسەرەدا بیری بەینابەینیش بوونی هەیە کە دەیانهەوێ ئەو دوو جەمسەرە لێک گرێ بدەنەوە و هاوسەنگیەک ساز بکەن. کە هێمن رێک لەو بازنەیەدا جێگیر دەبێ.

دەبێ ئەو سەردەمەی کە مامۆستا هێمن تێیدا دەژی بێنینەوە بیری خۆمان. سەردەمێکی ئاڵۆز و ناسەقامگیر چ لە باری سیاسی و چ لە باری کۆمەڵایەتییەوە. بە تایبەت جوغرافیای کوردستان کە دووگیان بوو بە رووداوی قەبە و تا رادەیەک نائەزموون کراوی سیاسی وەکوو کۆماری کوردستان. لە وەها کات و ساتێکدا مامۆستا هێمنی موکریانی وەک شاعیرێکی لاو سەرهەڵدەدا و وێڕای هاوڕێکانی بازنەیەکی رۆشنبیری چێ دەکەن و عەمەلەن دەبنە باڵی فەرهەنگی ئەو بزووتنەوە نەتەوەییە و دواتر وەکوو شاعیری میللی پێناسەی دەکرێ. زۆر دوور نییە لە کەشی ئاودا چی بەرهەمی هونەری و ئەدەبییە بۆ هەرچی زیدەتر پەیوەندی گرتن لەگەڵ توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا، بەرەو چەشنێک لە واتارەوەری هەنگاو بنەنێتەوە . چون ئەساسەن بیری فۆرمیک لە بواری ئاخێزگەی سەرهەڵدانەوە نوخبەگەرایە و لە دۆخێکی ناسەقامگیری ئاوادا شیمانەی پێکهاتنی فۆرم زۆر دێتە خوارێ. ئەوەی کە باسمان کرد نۆرمێکی ئاساییە. بەڵام ئێمە دەبینین مامۆستا هێمن هەر لەو کەشەدا دەستی لە فۆرمیش نەپاراستووە و لانی کەم لە ئاستی جانشینی دا هەوڵەکانی جێی سەرنجن. مۆتیڤەکان بەربلاوتر دەبنەوە و خەغزی وشەیی شیعر بەرینتر دەبێ. ئەگەرچی فۆرمی دیار و سەرەکی واتە کێش و سەروا هەر لە جێی خۆیان دان بەڵام ناوەرۆکی شیعر ئاڵ وگۆڕی بەسەردا دێ و ئەوەش بەشێکە لە شۆڕشی فۆرمیک. ئەگەر سەرنج بدەین شیعری مامۆستا هێمن لە نێوان دوو موتیڤی کەمتر باس کراوی ئەوان سەردەمان پەنگی خواردۆتەوە: نەتەوە و ژن. تا بەر لە هێمن ئەو دوو موتیڤە کەمتر لە شیعری شاعیراندا دەبیندرێ. ئەگەر باسیشی کرابێ لە دوو توێی ئیستعارە و سەناعاتی ئەدەبیدا جێی خۆیان کردۆتەوە و وەک باسێکی سەربەخۆ نەهاتوونە ئاراوە. بەڵام مامۆستا هێمن وەک پرسێکی جیدی لەنگەریان لەسەر دەگرێ و دەیانکە واژۆی تایبەتی شیعرەکانی. تا رادەیەک کە ئێمە ئەمڕۆ کاتێک باسی شیعری مامۆستا هێمن دەکرێ ئەو دوو موتیڤەمان بیر دەکەوێتەوە.

بۆ باشتر روون کردنەوەی باسەکەمان یەکێک لە شیعرە بە ناوبانگەکانی هێمن دەخوێنینەوە و ئەو شتانەی ئاماژەمان پێ کردن دەست نیشانیان دەکەین.

شیعری "ئێوارەی پاییز"ی مامۆستا هێمن ئەو شیعرەی لە ساڵی ١٩٧٤ی زاییندا هۆنیوەتەوە. واتە ئەو کاتەی کە پیاوێکی بەساڵاچوو و بە ئەزموون و هاوکات بە نێوبانگیش بووە. لەم شیعرەدا شاعیر بە تەوسیفی فەزایەکی شارییەوە دەست پێدەکا. دواتر حاڵەتی گێڕانەوە بە خۆوە دەگرێ و دواجار وەک کورتە فیلمێک بە هەموو ماکەکانیەوە بۆمان وێنا دەبێ. فەزاسازی، کەسایەتی، رووداو و هتد .... تەنیایی دوایین مەنزڵی شاعیرە (راوی)ە. تەنیاییەک کە هۆکارەکانیمان لە درێژەی شیعرەکەدا بۆ خۆیا دەبێ. نەهامەتی و بێ بەختی گەلێکی ژێر دەستە و چەوساوە. بەڵام لە دوایین دێڕدا شاعیر ئاسۆیەکی روون بۆ بەردەنگەکەی ساز دەکا و بەو شێوەیە پرۆسەی لە بڕان نەهاتووی خەبات و تێکۆشان بۆ ڕزگاری لەو دۆخە بیچم دەگرێ. ئەوەدەربڕینە شیعرییە لەو سەردەمەدا دەتوانین بڵێین زۆر ناوازە و تازە بووە. شار لەو سەردەمەدا لە جوغرافیای کوردستاندا لە دارەداره بووە بەڵام شاعیر زوو بە زوو وەک ئیمکانێکی شیعری کەڵکی لێ وەرگرتووە . ئەوە نیشان دەدا مامۆستا هێمن وێڕای ئەوەی کە دەغدەغەی بەردەنگی بووە هاوکات چاوێکیشی لە چۆنیەتی پێشکەشکردنی شیعرەکەی بووە و ئەوە یانی کارێکی فۆرمی.

ئەوەی باس کرا ئاماژەیەکی زۆر کورت و کۆتا بوو سەبارەت بە ناوەرۆک و فۆرمی شیعری هێمن کە بەردەوام لە جێگۆڕکێ و ریزۆنانس دان. ئەو تەمهیدە یەکێک لە هۆکارەکانی هەرمانییەتی شیعری مامۆستا هێمنە و نموونەیەکی زۆر باشە بۆ پاساو دانەوەی بیری مامناوەند لە نێوان واتاتەوەری و سەرنج دان بە فۆرمدا.

شاعیر و نووسەر و وەرگێری گەورەی کورد رووبارێکی زوڵاڵە لە شێعر. دێ و تێدەپەڕێ و هەمووان تێراو دەکا. گەورە و بچووک چێژی لێ دەبەن، خوێندەوار و نەخوێندەوار، ژن و پیاو، شارستانی و لادێیی و کەس نییە لە سادەیی زمانی مامۆستا "هێمن" نەگا و لە هەمان کاتیشدا لە پەرجووی شێعری مامۆستا هێمن هەستی نەورووژێ و گیانی پڕاوپڕی ئەوین نەبێ؛ ئەوینی مرۆڤ و ئەوینی نیشتمان.

مامۆستای هۆندنەوەی ناوازەترین شێعرەکانە، بە ئاوێتەکردنی گرینگی و جوانییەکانی ژیان . ئەو کاتەی بۆ نیشتمان دەنووسێ ژوان و دەستەملان و ئەوینی لەبیر ناچێ و ئەو دەمەیش لە جێژوان و لەگەڵ یارە، نیشتمانی هەر لەبیرە؛ بوێرە، نەترس و قارەمانە و هاوکات لە شۆڕش و خەباتی سەردەمی خۆیدا دەور دەگێڕێ، دڵی بە گرمەی تۆپی دژمن ڕاناچڵەکێ، بەڵام هەستی ناسکی بە سووکە خرمەیەکی بازنە دادەخورپێ.

ئاشتیخوازە و لە هەمان کاتدا بۆ گەیشتن بە ئازادی کۆڵ نادا، جوانپەرەستە و هاوکات جوانی تەنیا لە سیمای ژندا نابینێ . دەست هەڵدەگرێ لە ژنی ژێردەست و چەوساوەی کورد و کۆمەڵگەی پیاوسالار ڕەت دەکاتەوە و شیرینە تەشیرێسەکەی وەفایی بە شیاوی کەسایەتیی ژنی کورد نازانێ و کیژی وریای چاو کراوەی فێرە زانینی ئارەزوویە. کۆنەپەرستی و رووگرتن و لەماڵدا حاسێبوون بە شتێکی نەرێنی دەزانێ و هان دەدا بەرەو نوێبوونەوە، پێشکەوتن و رووەدرخستن.

هەست بە چەوسانەوەی گەلەکەی دەکا و سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانی ژیانی، بێ هیوا نابێ و هەتا دواپشوو رێبواری ڕێگەی عیشق و ئازادییە، ئەگەریش جگە لە ناکامی هیچ بەرهەمێکی تر نەبینێ.




هەندێ جار لە تەنیایی شەوانیدا سەر لەسەر ئەژنۆ دادەنێ و خەم دایدەگرێ کە مالئاوەدان، دوا هاورێی باوەفایەتی؛ بەلام هێشتا بەردەوام باوەڕی بە داهاتووی ڕوون و ئاسۆی گەشاوە و موژدەی ڕۆژگارێکی نوێیە. بێ هیوا نابێ، ئەگەریش پاییز بەردەوام بێ، دوور دەڕوانێ و ئاسۆی هێمن، هەر ڕوونە.

هەرچەند دەڵێ: "بەشی کوردێکی زانا لەم وڵاتە مەینەت و دەردە
ئەوەی نەتویست بڵێ ڕەببی بەدەردی کوردی زانا چێ"

و هەست دەکا بەشی کوردی زانا و بیرمەند، مەینەت و دەردە؛ کەماڵ باوی نییە و ماڵ لەسەر کورسیی هێز و دەسەلات دانیشتووە، هونەرمەند و ژیانی خۆش مەحاڵە، تەنانەت ساقیش بە زێڕ و زیو هەڵدەفریوێ، بەلام دەستهەڵگری ئەرکی خۆی نییە، دەخوێنێ بۆ گەلی خۆی و بەردەوام، بێ چاوەڕوانی، پاک و بێگەرد و ڕوحسووک، هەر دەخوێنێ.

منیش ئەی بولبولی شیێدا وەک تۆم
وەها دوورم لە هێلانە و گوڵی خۆم
منیش وەک تۆ لە کیسم چوو گوڵی سوور
منیش هێلانەکەم لێ کراوە خاپوور
هەتا دوژمن نەگەوزێنم دەخوێنم
دەخوێنم بۆ گەلی خۆم هەر دەخوێنم

ناو و پلە و ماڵ و موڵک جێ دەهێڵێ و دژی سیستەمێک دەبێتەوە کە وەک زێروو خوێنی چینی لاواز هەڵدەمژێ. لایەنگری تاقمی هەژار و بێبەش و چەوساوەیە و پشتیان دەگرێ و لەو ڕێیەدا ترسی نییە، بیر و هزری دەروون و بەخۆداچوونەوەی دەکاتە هۆنراوە و جارێک کوردی بەندی بەیانی نەورۆز و جارێک سازی ناساز و جاریش چڵەڕیحانی دوورەدێراوە و بە دوای هۆی بوون و نەبوونی خۆیدایە.

مامۆستا هێمن لەگەڵ خەڵکە و شێعریشی بۆ خەڵک. خۆی لە خەڵک جیا ناکاتەوە و شێعرەکانیشی بۆ تاقم و چینێکی تایبەت لە کۆمەڵگە نییە. خۆی دەسووتێنێ هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکا. بە وشەی سادە و ساکار مەبەستی خۆی دەگەیێنێ و لە هێنانی وشەی ناڕوون و ئەستەم خۆی دەپارێزێ و هەر ئەمەشە هۆی مانەوەی مامۆستا هێمنە و شێعری مامۆستا هێمن لە دڵی گەلدا و بوونی شێعرەکانی لەسەر زمانی گەورە و بچووکی کورد؛ لێرە و لەوێ، لە هەر شوێنێک بێژەرێکی کورد هەبێ.دەنگی، سروودی شادی و دەنگی ئازادییە؛ شێعری نرکەی سینگی کرێکار و بڵێسەی سینگی جووتیارە؛ ئاگرە و بڵێسەیە و تینە. هەروەک ئاگری نەورۆزە، ڕەمزی ئازادییە و پیرۆزە.

ناوی تەواوی «سەیید محەممەد ئەمین شێخەلئیسلامی موکری»یە. ناسراو بە «هێمن» لە بەهاری ساڵی ١٣٠٠ی هەتاوی لە گوندی لاچین نزیکی شاری سابلاغ (مەهاباد) لە دایک بووە. باوکی سەیید حەسەنی شێخەلئیسلامی لە نەوەکانی مەلا جامی چۆڕی کە ماوەی سێسە د ساڵ دەبێت لە مەهاباد دەژین. دایکی ناوی زەینەب لە بنەماڵەی شێخی بورهانی ناوداری موکریانییە.

ئەو ساڵەی هێمن لە دایک دەبێ پیاوەکانی ئیسماعیل ئاغای سمکۆ هێرشیان هێنابووە سەر مەهەباد و ئەوانیش وەکو زۆر کەسی دیکە ڕوو لە دێهات دەکەن.

لە منداڵیدا لەسەر دەستی دایەن گەورە دەبێ و ئەو ژن و پیاوە هەژارەی کە مامۆستا هێمن بە خێو دەکەن، دایەنەکەی ناوی «یاسەمە ن» دەبێ و خەڵکی ئازەربایجان و پیاوەکەش ناوی «عیزەت» خەڵکی تورکیا دەبێ و مامۆستا هێمن تۆزێ تورکی و بە باشیش ئازە ری فێر دەبێ. بابی مامۆستا هێمن دەوڵەمەند دەبێ و لە بگەکانی شێخەلئیسلامی دەبن و ڕێوشوێنی بنەماڵەکەیان ئیجازەی نادا لەگە ڵ منداڵانی هاوتەمەنی گاڵتە و گەپ و کایە بکات و چونکە ئەو کوڕە دەوڵەمەند و ئەوان کوڕە هەژار بوون. مامۆستا هێمن تا مابوو لە سەردەمی ئە و ڕۆژانە هەر بە تاڵی یاد دەکاتەو دەڵێ: (ئەو سەردەمە هەر بەتاسە بووم کە بڕۆم لە کوڵان لەگەڵ ئەو منداڵانە خەریکی گاڵتە و گەپ و کایە کردن بم و وەکوو ئەوان لە تەمەنی منداڵیم بحەسێمەوە، کەچی هەر بەو ئاواتە نەگەیشتم).

سەعید ناکام یەکەمین مامۆستای «هێمن» بووە و ئەلف و بێ لە خزمەتی ئەو مامۆستایە دەخوێنێت و لە پاشان باوکی ڕەوانەی مەدرەسەی دەوڵەتی (سەعادەت)ی شاری مەهابادی دەکات، چەند ساڵ لەوێ دەبێ و دوایی باوکی دەینێرێتە خانەقای شێخ بورهان کە زانایەکی گەورە بووە. گەلێ لە زانایان و گەورەپیاوان دەچوون بۆ زیارەتی شێخی بورهان و لەگەڵ خوێندکارانیدا دەکەوتنە وتووێژ و دەرسیان پێدەگوتن .

بەو جۆرە مامۆستا هێمن کەسانی وەک: پێشەوا قازی محەممەد و سەیفی قازی شاعیر و زانای مەزن حاجی مەلا محەممەدی شەرەفکەندی و رووناکبیر عەلی خانی ئەمیری و... دەناسێت و کەڵکیان لێوەردەگرێت. بەلام ئەوەی لە هەمووان زیاتر کاریگەری لەسەر مامۆستا هێمن بووە، مەلا ئەحمەدی فەوزییە. مامۆستا هێمن لەبەر دەستی ئەو زاتە ئاشنایەتی لەگەڵ مامۆستایانی ئەدەبیاتی کوردی و فارسی پە یدا دەکات، مامۆستا هێمن خۆی دەڵێ: (ڕووداوێک گۆڕینێکی بە سەردا هێنام و تووشی زانا و ئەدیبێکی گەورە هاتم، مامۆستا «ئە حمە د فەوزی» یان «مەلای سلێمانی»، من دەستکردی ئەوم، ئەو بوو هەڵی وەشاندمەوە و تێکی هەڵشێلام و سەر لە نوێ دروستی کردمەوە، بێ گومان ئەگەر نەچووبامە خزمەت فەوزی و لە کن ئەو مامۆستایەم نەخوێندبا، ڕێبازی ژیانم ئەو ڕێبازە نەدەبوو کە گرتم و پێیدا ڕۆیشتم و ئێستاش بەرم نەداوە. ئەو فێری کردم چۆن بنووسم و چۆن شێعر بڵێم. ئەو فێری کردم وڵاتەکەم خۆش بوێ و پێی هەڵبڵێم، ئە و حاڵی کردم، کوردی، زمانێکی ڕەوان و بەربلاو و دەوڵەمەندە و دەکرێ ئەدیبێکی گەورە و دونیاپەسەندی هەبێ. ئەو حاجی قادر کۆیی و نالی و کوردی و سالم و مەولەوی و حەریق و مەحوی و وەفایی پێ ناساندم. ئەو فێری ڕۆژنامە خوێندنەوە و ڕۆمان خوێندنە وەی کردم . ئە و

ئەدەبی فارسی و دیوانی شاعیرە شۆڕشگێڕەکانی بۆ پەیدا کردم و هانی دام بیانخوێنمەوە و شتیان لێ فێر بم ماموستا هێمن لە تەمەنی حەڤدە ساڵان دەست لە خوێندن هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە ناو خێزانەکەی لە گوندی شیلاناوێ. هەر لەو تە مە نە دا دەست دەکا بە شیعردانان، بەلام لەژێر تەئسیری شیعری فارسی و کوردیدا. ئەم ڕەوتە بەردەوام دەبێ تا تەمەنی بیست ساڵان کە شیعری بە تەخمیسی شیعری شاعیرە مەزنەکان دادەنا، بەلام هاوڕێیەکی وشیاری دەکاتەوە و ئیتر دەست لەوەش هەڵدەگرێت و تەنها شیعری کوردی و ئەویش هەستی خۆی دەکاتە شیعر و بەس شیعری خۆی دەنووسێ. وەک خۆی دەڵێت سەرەتا لاسایی شاعیرە مەزنەکانی پێش خۆی کردووەتەوە و لە دواییشدا بووتە خاوەنی ڕێچکە و دەنگی تایبەتیی خۆی.

یەکەم شیعری لە گۆڤاری «گەلاوێژ»دا بە ناوێکی نهێنیەوە بلاو دەبێتەوە. دووهەمین شیعری ماموستا هێمن لە ساڵی ١٣٢٢دا لە ژمارە ی ((٢ی گۆڤاری «نیشتمان»دا بلاو دەبێتەوە.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی شیعری ماموستا هێمن ئەوەیە کە نەرم و ڕەق و سۆزی ئەوین و فیکری سیاسی تێکە ڵ کردووە . لە (شەنگەبێری)، (مەتەرێزی شەرەلا)، (ئامێزی ژن) و (پەری شیعر) و (یادم بکەن) و (لە بیرم مەکەن) و (بناری هەڵگورد ) و (شە وگاری تەنهایی) و (ناڵەی جودایی) و... ئەم تایبەتمەندییە وەبەرچاو دەکەوێت.

لە٢٥ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی کە کۆمەڵەی «ژ- ک» دامەزرا، ماموستا هێمن دەبێتە ئەندامی ڕەسمی و شیعری نەتەوەیی و وتاری بەنرخی لە ڕۆژنامەی کوردستان بلاو دەکردەوە و کاتێکیش کە کۆماری کوردستان لە ساڵی ١٣٢٤دا بە سەرۆکایە تیی پێشە وا دامە زرا، ماموستا هێــمن لە گەڵ ماموستا هەژار لەلایەن پێشەواوە نازناوی شاعیری میلی (شاعیری گەل)یان پێ بەخشراوە و شیعری لەو بۆنەیەدا خوێندووتەوە کاتێکیش کۆماری ساوای کوردستان لە ساڵی ١٣٢٥دا لەلایەن ڕژێمی پاشایەتییەوە

ڕووخێندرا، خۆی گەیاندە کوردستانی باشوور و لە هەولێر و سلێمانی، هاوکات لە بەغدا پێوەندییەکی چڕوپڕی لەگەڵ نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد و کۆڕی زانیاریی کورددا هەبووە و لە ساڵی ١٣٣٠ی هەتاوی ژن دەهێنێت.

پاشان خەریکی کاروباری فەرهەنگی دەبێ. دەست دەکا بە نووسین و بلاوکردنەوەی شیعر و وتار، هەروەها دەبێتە هاوکاری ڕۆژنامە ی «کوردستان» و گۆڤارەکانی "هاواری کورد" و "هاواری نیشتمان" و "گرۆگاڵی منداڵان" و "هەلالە"و شیعر و هۆنراوەکانی تیادا بلاو دەکرێتەوە.

پاشانیش لە گۆڤارە کوردییەکانی عێراق شیعر و لێکۆلینەوەکانی بلاو دەکاتەوە. وەک: گۆڤاری "بەیان " ، ڕۆژنامە ی "هاوکاری "، ڕۆژنامە ی "عێراق" و... هۆنراوەی کانی پێشکەش دەکات. تاریک و ڕوون (شیعر)، ناڵەی جودایی (شیعر)، شازادە و گەدای (مارک تواین )، هە واری خاڵی، دڵی شاعیر، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز، پێشەکی و چاپی تازەی دیوانی نالی و وەفایی، توحفەی موزەفەریە و...،

ماموستا هێمنی شاعیر، دووری لە نیشتمان و غەریبی کاریگەریی زۆری لەسەر بیری شاعیریی داناوە و شیعری بەناوبانگی (ناڵەی جودایی) بەرهەمی ئەو سەردەمەیە. هەتا ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە ڕژێمی پاشایەتی ڕووخا و لە ئێران و ڕۆژهەلاتی کوردستان شۆڕش کرا، ماموستا هێمن لە باشووری کوردستان مایەوە و دواتر گەڕایەوە گوندەکەی خۆی (لاچین ) و دەستی بە کاری کشتوکاڵ کرد و ماوەیەکیش لە مەهاباد ژیاوە.

ماموستا هێمن پاش وازهێنان لە کاری سیاسی، دوای چەند ساڵ پڕ لە خزمەت و خەبات و پڕ لە ئاوارەیی و دەرد و ڕەنج و گێرە وکێشە دەگەڕێتەوە و بە عەشق بە نیشتمان و فەرهەنگ، لە ورمێ نیشتەجێ دەبێ و ئینتیشاراتی سەلاحەددین دادەمەزرێنێت و گۆڤاری سروە بلاو دەکاتەوە. ماموستا هێمن لەم بوارەشدا وەکوو بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵ ناحەسێتەوە و نەخۆشی و پیری مەجالی نادا و لە شەوی ٢٨ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی (شەوی ١٧ی نیسانی ١٩٨٦میلادی) لە شاری ورمێ بە نە خۆشی وەستانی دڵ کۆچی دوایی دەکات و لە ڕێکەوتی ٩٢ی خاکەلێوەی ١٣٦٥ی هەتاوی (١٨ی نیسانی ١٩٨٦ی زایینی) لە گۆڕستانی هونەرمەندانی مەهاباد بە خاک دەسپێردرێت.

خۆم دەسووتێنم هەتا بەزمی خەڵک ڕۆشن بکەم
کێ لە ڕێی خەڵکا وەکوو شاعیر دەسووتێ شەم نەبێ

ماموستا "هێمن" نازناوی شاعیری نەتەوەیی پێ بەخشرا، وەک شاعیری گەل بە خەڵک ناسێندرا، شێعرەکانی جیا لە مەزنی و بەرزی لە بواری ئەدەبی و زمانەوانی و شێعرییەوە، بوونە ڕەمزی خەبات و بەرخۆدان، ڕەمزی هیوا و سەربڵندی، هێمایەک بۆ نەمانی چەوساوەیی و نەمانی نابەرابەری، بوونە نامەی دڵداران و تەسکینی و ئارامش و حەسانەوەی هەموو چینەکانی کۆمەڵگا بەلام ماموستا "هێمن" بە ڕەنج و نامورادی ژیا و بەداخەوە بێ ڕێزی زۆری پێ کرا، ناسنامەی پیرەجاشیان لێناو و لەو سەردەمەی کە هاتەوە بۆ ئێران و بۆ خاکەکەی خۆی، لە سەر دیواری ماڵەکەیان نووسیان: ئەمە ماڵی پیرە جاشە، بایکوت کرا و بە دڵێکی شکاو و خەمین لە سەر زێد و نیشتمانی خۆی بە غەریبی مرد، بەڵێ شاعیری نەتەوەی بوو، بەلام وەک شاعیری نەتەوەیی نەمرد.

ماموستا "هەژار"یش کە لە بنەماڵەیەکی خاوەن فەرهەنگ و کوردپەروەردا پەروەردە دەبێ بەلام چەرمەسە ری و ئازار و دەربە دەری زۆر دەکێشێ و ژیانێکی ناخۆش دەباتە سەر و هاوڕێیەکی دێرینی ماموستا "هێمن" بووە، دەڵێ: «عیشقم بە ئازادی کوردستان لەوە بەهێزتر بووە کە خۆم تەنیا نەزری خۆشەویستی و سەرپەستی ماڵ و منداڵ بکەم و مەبەستم خزمەت بە گەلەکەم بووە، بەلام بەداخەوە خەڵکی ئێمە تا کەسێک و هونەرمەندێک و کەسایەتییەکی گەورەیان نەمرێ قەدری نازانن، پیرەمێرد و فایق بێکەس و سەلام و ڕەفیق حلمی و قانع و هێمن و حوزنی موکریانیمان لە بیرن تا ژیابوون، مراندبوویانن و کە مردن ژیاندوویاننەوە و پێیان دەڵێن نەمر، ئاخر بۆچی نووسەر و شاعیر و هونەرمەندەکانمان تا زیندوون کەس ئاوڕیان لێ ناداتەوە و کەس بە هیچیان نازانن، کەچی کە دەمرن و لە دەست دەچن دەگە ڕێنە وە

سەریان و شینیان بۆ دەگێرن و کۆڕی شەپۆریان بۆ دەبەستن و چاکیان پێ هەڵدەڵین و خۆشیان دەربارە دەبێژن و فرمێسکی گەرم و گوڕیان لە دوو هەڵدەڕێژن.
بۆ نووسەرێک یان شاعیرێکی بەرز کە دێ پەیدا بێ و بۆنی ئەوەی لێ دەکەی کە دەتوانێ خشتێک لەسەر دیواری ئەدەبیات دانێ و پەردەیەک لەناو ماڵەکەی هەڵاوەسێ، لەبەر جوێن پێدان و گاڵتەپێکردنی ئەم و ئەو، ناتوانێ سەرهەڵێنێ و خۆ بنوێنێ و تا دەمرێ بە جاسووس و خۆفرۆش، جاش و هەرزە و شێت و سەرسەری دوای دەکەون و ڕێی گەشەکردنی لێ دەبڕنەوە.

مامۆستا هەژار لە درێژەی ئەم باسەدا دەڵێ: با ئەوە بزانن مامۆستا گۆران ئەگەر لە بەندیخانەدا نەبوایە، دەبوایە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای بۆ نانی ڕۆژانەی بپێوایە، قانع تا مرد نان و دۆی خۆی ڕۆژێک لە پەنایەک نەدیت و زۆر بە ناشکوری ناڵێم لەم کوردستانەی ئێمەدا گەورەیی بە میراتە نەک بە هونەر و جەوهەر.»
هەر یەک جار بیرمان لەوە کردووتەوە و لە خۆمان پرسیەوە بۆ مامۆستا هێمن بە وستانی دڵ کۆچی دوایی کرد، هۆی مەرگی لە تەمەنی ٦٥ ساڵیدا چی بوو؟ بە ڕای ئێوە ئەو هەموو ڕەنج و دەرد و چەرمەسەریە، ئەو هەموو قسەی ناخۆش و نالەبارە و بایکوت کردنە و چی هاتر نەبووە هۆی دیق کردنی، نەبوو هۆی ئەوەی ئەم گەورە پیاوە خەمی لە دڵ بێت و ببێتە هۆی دڵێشانی؟ ڕاستی بۆ بە وەستانی دڵ مرد؟ ئاخ لە بێ کەسی و بێ دەسەڵاتی و ئەم کولتووورە پیسە کە لای ئێمە بووەتە باو، ئەویش زیندوو کوژی مردوو پەرستین. ئاخ و هەزار ئاخ بۆ....
مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە کە قسەکانی خۆم وەک نووسەری بابەتەکە کرج و کاڵە، بەڵام قسە و باس و ڕاڤە و لێکۆڵینەوە و نووسینی ئەو مامۆستایانە و ئەو خۆشەویستانە کە وەک سەرچاوە لە بابەتاکانیان سوودم وەرگرتووە و بەش بە حاڵی خۆم بە دڵنیایەوە ئەڵێم چێژم لێیان وەرگرت و هەر لێرەوە سپاسیان ئەکەم و ماندوو نەبوونیان پێ ئەڵێم بۆ هەوڵ و تێکۆشانیان و بۆ زەحمەت و دڵسۆزیان، بەرز و بەبایەخ و جێی سرنجن. بەڵام لە واقێعدا و ئامانجم لە نووسینی سەرەکەی ئەم وتارە لە پێشدا یادێک بوو لە بولبولی باڵ شکاوی وەختی گوڵ، یانێ مامۆستا هێمن و هەروەها ناسینی باشتری ئەو بلیمەتە و شارەزا بوونی زۆرتر لە ناوەڕۆکی شێعر و زمانی ئەدەبی و هەوڵ و تێکۆشانی مامۆستا هێمن و دواییش ئاماژەیەک بە خۆمان کە چالاکی و خزمەتی مامۆستا هێمن و دەیان دڵسۆز و زانا و تێکۆشەری وڵاتەکەمان فرامۆش نەکەین و ئەمان ببنە ئەزموونێک بۆ ئەمڕۆ و دوارۆژ کە قەدر و ڕێز و ئەمەگ ناسی هونەرمەندان و نووسەران و زانایانمان هەتاکوو ماون لە بەرچاو بگرین و پاڵ پشت و لایەنگریان بین و چێژیان لێ وەربگرین و تۆمەت و درۆی ناڕەوا لە یەک نەدەین و بە گژ یەکدا نەچین و حورمەتی یەک بگرین و هەوڵ بدەین بۆ سەروەری زمان و ئەدەب و فەرهەنگی گەلەکەمان و دڵسۆزانی ئەم بوارە و بەو هیوایە کە کەسانی تر وەک مامۆستا هێمن ببنە مایەی شانازی بۆ نیشتمان و خزمەتگوزار بۆ مرۆڤایەتی.
تخوا داواتان لێ دەکەم هەوڵ بدەین بۆ ئەم بوارە کە ئاماژەم پێ کرد و بۆ گۆڕینی ئەو هەل و مەرجە ناخۆش و ناسازەی کە سازیان کردووە بۆمان و هەر دەبێتە هۆی دواکەوتووی نەتەوەکەمان و ئێش و ئازار بۆ کەسایەتیەکانمان، بۆ ئەدیب و هونەرمەندان و دڵسۆزەکانمان.
با ئیتر ئەم شێعرەی مامۆستا "موفتی پێنجوێنی"یە لە سەر زارمان نەمێنێت و کەم دووپاتی بکەینەوە:

پیاوی گەورەمان نایەتە بەردڵ
هەتا ئەو ڕۆژەی دەخرێتە ژێر گڵ
ئەوسا بۆی دەگرین بە جۆش و بە کوڵ
قەبرەکەی دەکەین بە باخچە و بە گوڵ.

سەرچاوەکان:
١ ـ تاریک و ڕوون، لە کوێوە بۆ کوێ، هێمن ـ چاپی یەکەم ١٩٧٤
٢ ـ هەواری خاڵی، هێمن ـ الحوادپ، بەغدا ١٩٧٩
٣ـ ڕۆڤار (ڕۆژنامەـ گۆڤار) ژمارەی ١٨، تایبەت بە مامۆستا هێمن
٤ ـ »هێمن» لە دوو دەلاقەی هیوای ئیدئۆلۆژیک و ڕەشبینی فەلسەفییەوە ـ یوونس ڕەزایی/ ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک.
٥ ـ ڕۆژنامەی "کوردستان" ژمارەی ٦٧٨
٦ ـ فۆڕم و ناوەرۆک لە شیعری هێمن‌دا ـ پشکۆ کامەران/خاک
٧ ـ ناڵەی جودایی ـ هێمن
٨ ـ سایتی هەولێر
٩ ـ چێشتی مجێور ـ مامۆستا هەژار، چاپی یەکەم پاریس ١٩٩٧ ـ ئامادەکردنی خانی شەرەفکەندی

## لە ماڵەوە دەمێنینەوە



بانە.شەیدا ئەحمەدی

ببورە کە نمتوانی سەردانت کەم تەنیا ژمارەتم لابوو هەر چەند هەوڵم دا بەس نەمتوانی پیوەندیەکەت وەر بگرم. چی بکەم ئۆقرەم لە لا نەماوە خەمبار لە سووچێکی ژوورەکەم دا بیرەوەریەکانت دەگەشێنمەوە جار جار خەندێک دێتە سەر لێوانم و جارجارێک هەورێکی دڵپڕ دەخزێتە ناو چاوەکانم.

بارۆدووخێکی ئاڵۆز و ناخۆش سەرانسەری جیهانی تەنیوە ئای خوایە گیان بە هۆی کۆڕۆناوە کەوتۆینە ناو چ جەنگێکەوە، لە بێ چارەیی تەنیا جێیەک دەمانپارێزێت ماڵەکانمانە.

لە میدیا و خەبەرەکان هاوار گڕی گرتەوە و ئامۆژگاری ئاگردەکاتەوە: خۆتان بپارێزن ئەم دووژمنە بە کەم مەزانن لە کۆبۆنەوە و قرەباڵغی و دەست لێک دانەوە و ئامێز و ماچ کردن بە دوور بن ئەم ڤایرۆسە گەر هەلێکی دەست کەوێ چنگ دەنێتە بینە قاقا و توانایی لە هناسە دەگرێت و لە چاو ترۆکانێک دا ئاواتەکانت لە گۆڕ دەنێت لە هەر ڕێکەوە بێت گورزی خۆی دەوشێنێت بەو هۆیەوە لەگەڵمان بن و لە ماڵەکانتان بمێنەوە ڕێنمایەکان بە جوانی جێ بە جێ بکەن بە یاری خوا سەرکەوتۆ دەبین. هەر چەند سەخت و دوژوارە و شەو و ڕۆژ جێگای خۆیان لێ تێک چووە،

ڕۆژ لە دووای ڕۆژ هەواڵی ناخۆش هەموو جیهان دەگرێتەوە. دڵم ئارام ناگرێ بۆدەنگی بەسۆزت بۆلێدوانی جوانت ئەلو ...

ئەلۆ: سڵاو من لە نەخۆشخانەم گیانە

سڵاوت لێ بێت ،زۆرت بیر دەکەم

دەزانم بارەودۆخێکی سەختە تا تێپەڕ دەبێت پێویستە خۆڕاگر بین نەخۆشێکی زۆری لێیە

دەبێت خەڵک خۆیان بپارێزن و ڕێنمایەکان لەبەر چاو بگرن تا بتوانین ئێمەش چارەسەریان بکەین.

سپاس بۆ هەوڵ و تێکۆشانتان بەڵێ دەزانین خەباتێکی چەن گەورە دەکەن بۆ نیشتمان تا ئامانج نەپێکن واز ناهێنن، هیوام سەرکەوتۆیی و لەش ساخیتانە تۆش یەکێکی لە پێشمەرگە سپی پۆشەکانی وڵات کە بە هێزێکی زۆر کار دەکەن و خۆتان دەکەنە قوربانی بۆ ئەوی گەل و نیشتمان بپارێزن، هەرگیز ماندوویی و تێکۆشانتان لە بیر ناکەین ئێوە بۆ ئێمە لەوێن تاوەکو لە ماڵەکانمان بمێنینەوە، هەر وا دەکەین تا دڵتەنگیە کان و چاوەڕێکردن و ناخۆشیەکان کۆتاییان بێت دەزانم تۆ دڵتەنگی منی منیش چاوەڕێتم

## تۆبەی گورگ مەرگە



بانە. قادر خدر زادە

دەگێڕنەوە پیرە گورگێک پاش ئەوەی کە هەستی بەوە کرد ژیانی بەرەو ئاوابوونەو کاتی کۆچ باریەتی ، بیری لە تۆبەییکی نەسووحی کردەوەو گوتی واچاکە لە کردەوەی ڕابوردوم تۆبەی بکەم و بگەڕێمەوە سەر ڕێی ڕاست بەشکم پەرێزی پیسم پاک وەکەم ، دوای چەند ڕۆژێک برسیایەتی تینی هێنا ، کورد وتەنی سکی برسی خۆێن دەکات ، مام گورگی تۆبەکار سەیری کرد ئێسترێک لە پیریان بەرەڵدا کراوە ، مام گورگ تە شریفی بەرەو ئێستر ڕۆیی ، پاش سەلام و دوعای بەخێر نەزیلەی تۆبەکاری خۆی بۆ گێڕایەوە ، پاشان بە ئێسترەکەی گووت بۆنایەی بەشداری خێری ئەم تۆبەی من بیت ، ئێستر گوتی چۆن ، گورگ گوتی دەمهەوێ بچمە سەفەری خاکی پیرۆز یان ئەرزی موقەددەس وبا لەوێ بمرم ، ئەما گرفتێکم هە یەئەویش برسیایەتیە ، ئێستا تۆ ڕێگەم بدە کەمێک لە گۆشتەکەت بخۆم و لە گەڵ ئەوانەی کە شەریکی خواردنەکەتن دووعایەکی وات بۆ دەکەین وەک دووعای پیاوچاکان بیگرێ و وەک ئاوی شەوی تۆش پاک وەبیت،

ئێستر زانی کە هێزی ڕاکردنی نیە ،گوتی دەی وەڵا زۆرم پێ خۆشە ،بە لام گرفتێکم هەیە قوربان ، گورک فەرمووی چیە گوتی وەڵا چەند ساڵ لەمەو بەرناڵبەندێکی ناشی ناڵەکەی لەگۆشتەکەم داوە ، ئێستا وەک شەرع دەفەرموێ قوربانی کراو دەبێ بێ عەیب و سالم بێت ،ئێستا وەرەو ئەم بزمارەم لێوەکە بابە سەلامەتی و کەیف خۆشی بمرم ، مام گورگ گوتی جا قوربان ئەوە کەسپی خۆمە ، لمبۆزی لە ناڵەی گیر کرد و ئەسپ لە سەریەک خەشابێک لەقەی لە دەم وکاکیلەی دان ، گورگ کە بە گیانەڵڵاوە بوو بە دەم ناڵینەوە دەیگوت ئاخر کەسێک نیە لێم پرسێ ئاخر بەدبەخت تۆ باوکت ناڵبەند بوو باپیرت ناڵبەند بوو چی؟

"ئێستریش بزەیەکی هاتی و گوتی: تۆبەی گورگ مەرگە"

## ئۆکراین



**بانە. ئاودێر**

نه هاوخوێنمه و
نه هاوڕەگەز و
نه هاوزمان
بەڵام چبکەم
که ئەبینم تەرمی مرۆڤ
بەبێتاوان
شارەکانی داپۆشیوە
ڕۆح له جەستم باڵدەگرێ و
به سەرخۆمدا ئەتوێتەوە
لەوکاتەیدا
چوارچرام و
چەن سەردەشت و
چەن هەڵبجە و
چەن ئەنفالی وڵاتەکەم بیردێتەوە

## دڵۆڤانی

**بانە. ئاودێر**

پەڵە هەورێکی
گرۆزن وگرینۆک
بەسەر چیای پێکەنیندا
به گاگۆڵکە هاتەخوار
کەوتە ناو باوەشی گەرمی
ڕووبارێکی ئێسک سووک و دڵی هەژاند
ڕووباری مەنگ
خستییە ناو، بێشکەی دڵی و
هەتا دەریا بەدەستی ناسکی ڕایژاند

## دار



**بانە. ک.د.ئازاد**

دوێنێ
پێکەنینیان ناشتم
ئەمڕۆ
شێعرێکی سەرکێشم
سواڵی دەکرد!
ڕەنگە سبەی
قەڵەمەکەم
له گۆڕەپانی گەورەی شار
بدرێ له دار!

## سڵاو مامۆستا



**بەریتانیا ـ بورهان بێهزادی**

پەلەورێکی پەیام هاوەر
هەموو کازیوەی سەحەر
دێته بەر دەلاقەی ژوورەکەم و
له چکۆڵە دەنووکیەوە
دنیایەک سەمفۆنیای جریوەم
دوو باڵی پێشکەش دەکا
پڕ پڕ له ئامۆژگاری و
پڕ پڕ له بەستەی هیوا و
خۆ نەبەزین ...!
چ سەیرە .. چ سەیرە
مامۆستاکەم
پەلەورێکی پەرجۆ ئاسای
ئاسمانی خوداییە!
قەد و باڵا ووردیلە
وەلێکان دڵ گەورە و قنجیلە



**زەرینەی هەوەتوو. ناسر زامدار**

هاوڕێـم ڕێـبـین !
وەرە ڕێ بین
سەفەرێک وا هاله بەرمان
بین به پشتیوانی یەکترین
منو تـۆ هەتاکوو کەنگێ
له یەکترین بێخەوەرین
ئەزانی منـو تـوچەندە
له یەک دوورین
نیشتمان وەکوو ئاسۆیەو
ئـەمنو تۆیش
وەک ئەستێرەو وەکوو خۆرین
هەتا ئێستە تۆ زانیتە
هەر ڕێگەی شەوەزەنگ ئەبـرین
دەمێکە به برا کوژی فێرین فێرین
هەتا ئێستە زانیمانە
ناوی خۆمان به کوردی جا جوان بنووسین ؟
هاوڕێم ڕێبین
هەتا کەی لەم شەوەزەنگا
یەک به دوای یەکا بگەڕین
هاوڕێم ڕێبین
ئەم ئازارە چە ئازارێکە
منو تۆ هەتا کەی ڕێگە ناکەوین
بۆ ناسرەوین
ئەم سنوورە چە سنوورێکە
منو تۆ به ناحەق تیا ئەمرین

# بەرهەمی شاعیران و نووسەرانی لاو



سەقز. کارۆ مروەتی

دەمەوێ وەسیەتم
لە سنووری نیگای تۆدا بنووسم
کچەرەشتاڵەکە،
تۆ گوڵجارێ بووی پڕ لە ئازار.



دیواندەرە. ژاڵە عەبدی

لە وڵاتی دڵتەنگیدا
بەردی بیرت
شووشەی ژووری تەنیایی دڵمی شکاند
لەو شکانە
دڵۆپێ هەست
بوو بە خوێنی پێنووسەکەم
لەسەر کاغەز خۆی پێنواند

❋❋

دڵتەنگی و هەست و کاغەز
بوون بە مەلی باوەڕ و یەقین
دایانبەزاند
یەک یەک سنووری کۆنە پەرەستی دژ بە ئەوین

❋❋

دەمەوە بەیان کە ڕاچەنیت
ئەوە منم
پەڕەسیلکەیێکی دڵشکاو
تێکەڵ لە گەڵ تیشکی هەتاو
هەموو ڕۆژێ لە دەلاقەی ژوورەکەتەوە
دینەوە ناو

❋❋

لە هێلانەی دوو چاوی تۆئارام دەگرین
تاکوو شەو بێت
من لە ئۆقیانووسی فرمێسکدا ون بم و
دوو چاوی تۆیش نوقمی خەو بێت



سەردەشت. گزنگی خۆر

شۆڕەبی هەستەم
سێبەریخستە
هەیبەت و هیممەتی
شۆڕە سواری خۆنەویست
کەبیری تەرزو و بروای بەرزی
هەست ومەبەست و هەڵوێست
لە هەمبەر تاریک پەرستانی
دژە خۆر
نەگۆڕاوە، نەدۆڕاوە
هەرچەند
مەودای ڕێگای بێدادی
هەنگەوی ئەکوژێ
نسێی تاوان جستەی دەخوا
بەزیو تەزیو
حەشارگەی لە قاودەدا
بەڵام هەڵۆ ئاسا
ئەسبی سەربەخۆیی هەتاو دەدا
بزەی ئەێستێرە وتریفەی مانگ
لەگەڵ ڕێبازی پڕلەهەورازی
هاورازن
ئێوە ئەویندارانی بووکی ئازادین
مێداڵیای مۆندیاڵی وفاداریتان
لەبەرۆکی کۆڵنەدان و ئازایەتی داوە
ئەشەکەوت بێ ئۆقرەیە و چاوەڕێیە
پێخەو و پێخۆری
گاشە بەردەی سارد
نانەڕەقی ناو چانتایە
ڕێگای نەمران
چرپەی پێی بەدڵ و گیان
هەست پێدەکا
خۆر و خاک،
ئێرەی پێدەبن
دەریا و ڕووبار، کانیاوی سازگار
دارستان و بنار
دەوار و هەوار
فەخرو شانازی پێدەکەن
قومری و قەناری شاگەشکە دەبن
سەوزەزار و گڵزار
بونە فەرشی پێشوازی
شۆڕە سوارەکەی ئازادی

گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



ساوانی سەردەشت . خالید محەممەدزادە

ناچێ لە یاد ئەو کاتانەی
بارانیان لێ هەتک کردم
فرمێسکی گوڵیان دزیم و
سەری دارستانیان تاشی
ناچێ لە یاد
ئەورۆژانەی
هەتاویان ڕەشپۆش کردم و
مانگە شەوو ئەستێرەیان
لە ئاسمان داتاشی
ناچێ لە یاد ئەو ساتانەی
گروی منالانیان خنکاند
یەک بە یەک دارتەلەکانی
کۆلان و شەقامیان چەماند
سمێلی گوڵە گەنمیان بڕی
قەلبەزەی کانیان خنکاند
ناچێ لە یاد ئەو سالەی وا
ڕێگەی نەورۆزمیان گۆڕی
کلوی بەفریان کوێر کردم و
چاوی پەنجەرەیان بەستم
ڕووباریان قۆلبەست کردم و
نەمامەکانیان ڕاونام و
ڕەگی چناریان لێ بڕیم
پەیژەیان هەڵبەست لەئێسکم
ئەوسا ڕێگەی ئاویان گۆڕیم
ناچێ لەیاد ئەو ڕۆژانە
بۆن و بەرامەی گوڵدانم
زەریا و ئاسمانی تەنیبو
بون بە کوولە
هاتن سەری گوڵیان بڕی
تاکو سەر هەڵنەداتەوە
بون بە کرم ،ڕەگیان بڕی
نازانن کە،تەرمی گوڵم
لە ناو دڵی
داربەڕووەکانا ناشتووە
باڵی کۆتریان سوتاندم
بەڵام خۆ من
لەناخی دارستانما
تۆوی فڕینم چاندووە

## بەهار



بانە. م۰قادر پوور" نزا"

خۆ ڕۆیشتنی ڕەشەمە و
هاتنی نەورۆز و خاکەلێوە
نابنە بەهار!
بەهار واتە؛
عەشقی پیاوێ کە من بم
لە بەژنی ژنێ هاڵێ کە تۆ بی
وەکوو لاولاو لە دار چنار
بەهار واتە؛
جێ ماچەکانی پیاوێ کە من بم
بە سەر گۆنای ژنێکەوە کە تۆ بی
گوڵ بدەن وەکوو داری هەنار
بەهار واتە؛
ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵێ
ڕۆژهەڵات لە ڕۆژئاواوە ئاوابێ
باکوور و باشوور بە یک بێنە هەژمار
ئیتر چوار دانە یەک، نەبنە چوار!
بەهار واتە؛
ئاشتی و ئازادی بڕوێ
ئەندێشە سەوز ببێ
چیتر قازیەکان و هەللاجەکان
نەچنە سەر دار!

## باران



مەهاباد ڕەحیم خزری" خۆشناو"

با بباری
با بباری
با تەڕ کا شەدە و دەسرۆکەی یاری
با باپێچی بکا و
لە سەری وەکا
لێچکە و کۆلوانە،
هەڵدرێن بە جاری
با وەدەر کەون ئاگریجە و برژانگ
ئاخر چۆن دڵی دێ
زولفی ئالۆزی
کە بەشانیدا هاتوونە خواری
لە منی ئاشق و شاعیر وەشاری؟

## نەخشە



نووسەر: بەفرین مەحموودزادە. بانە



لەسەر دەرگای پۆلەکە نووسرابوو, جووغرافیای جیهان
لۆزان. ئەسرین چووە ژوورەوە. بوونکو خان پەی وت: مەیێ , پۆلی تۆ نییە .
کارۆلین دوگێل نەخشەی جیهانی هەڵئاوسی. ناوی پارچەکانی وت.
ئێلیسای تازە لاو وتی: ناوی ئەو پارچەتان لە بیر چوو. باربارا وتی : کەس تێیدا ناژیت. مامۆستا:
تێیدا دەژین, بەڵام بۆ ڕاحەتی خۆمان دابەشی دەکەین.
چیچەک وتی: کاتژمێر ١٩:٢٤ نەخشەکە بدەنە من, هەتا کچەکانی تریش لە ڕوویەوە بکێشنەوە.
لەو ڕۆژەوە نیشتمانی خۆر, ڕووناکی لە چوار مانگدا دەدرەوشێنێتەوە.

---



بانە. هەتاو

ئەوندەم وت: خۆشم دەوێی
زۆر ئەترسم
لە سەر دروازەی ئەم شارە
زمانی براوم هەڵواسن
عاشقانیش
لە دڵداری پاشگەز وەبن

---



بانە. بەیان خدری

کۆرپەی بەختم دەمێکە نووستووە
لە تارمایی شەوا لێم ون بووە
چاوم بە دیداری ڕوون بکەوە
خۆ دڵ قەت لە یادت نەسرەوتووە


لە دەستی پەستی و غەدری جیهانت
دەست ئاوەڵایە بە ڕۆ ئاستانت
پێ ئەسیری زنجیری ناسۆرە
دەستم بگەرە، دەستم بە دامانت

---



سەقز. فەریدەکاکی

لە نێو هەناسەکانی بێ تۆییدا
ئاڵۆزاون هەرێمی وشەکانم
تەنیایی، یادی ئەشق
دڵتەنگ دەکا
دەمێنێ ، هۆدەیێکی سارد و
من و فرمێسکەکانم
چۆن دەتوانی سەیری
تەڕ بوونی شێعرەکانم دەکەی ..؟!
بزەکانم لە دوو لێوەدا خنکاون
چۆن تێناگەی
لە مەبەستی نیگاکانم.. ؟!
تامەزرۆم
تامەزرۆی تۆزێک بەهار و
خورەی ڕووبار و
تیشکی هەتاو و
ئامێزی یار



بۆکان. پەروین‌نازری

خەمەکانم وەک خەیاڵت،
یاسای میوانی نازانن!
کاتێ ڕوو لە ماڵم دەکەن
بۆ میوانی
نە شەوێک و
نە وەرزێک و...
دایدەکوتن وەک خانەخۆێ
ئەمنیش دەکەنە زیندانی!

**

کێ دەڵێ تفەنگەکان بێ ڕوحمن؟
مووشەک و گوللە و تانگ
خەنجەر و بەند و داو
سارد و سڕ، واقوڕماو
لە گەمارۆی دڵرەقی مرۆڤ،
دەیانتەقێنێتەوە
دەستی زۆرداری ڕق و زوڵم،
هاوار دەکەن پڕ بە سینگی ئاسمان
دەنگی ئۆخژنی ڕوحی پیسی جەللادان،
کاسبووە یاسای مرۆڤایەتی
لە زایەڵەی هاواری تۆپ
جەستەی گوڵهەنار و شەوبۆ
کوتکوت کراو لە کۆڵانان
شەقام خوێنە، باخ خوێنە
دار، لووتکە، خۆڵ، ڕووبار
نێو پەرداخ و کەوڵی چێشت و نان
دڵۆپدڵۆپ پریشکەی خوێنە و
لە جیات باران
دادەباری لە سینگی ئاسمان!



شنۆ.:ئـارمـان مـام عـەلـی

چێـروکە ی دڵم
گەر من بژیم بۆ وەرزی بەهار
شکۆفەکراوم
گەر من بژیم بۆ هاوین
هەنگاوسووتاوم
گەر من بژیم بۆ وەرزی پاییز
گەڵای زەردهەڵگەڕاوم
گەر من بۆ وەرزی زستان بژیم
تەزیو و سەرد و سڕاوم
سەیری ڕۆژمێری ساڵانە کەن
گەهێ پیر و گەهێ لاوم

## تاڤگەی نیسار



بۆکان. ڕەسووڵ حسێن پوور "دە لال"

دڵ پەرێشانی خەیاڵی عەشقی بێ نازم ئە من
ڕازی بێ نازی دە کێشم بۆیە ناسازم ئە من

ئاگری سووری شەکاوەی بەرزی نەورۆزی لە لام
وەرزی پیرۆزی بەسۆزی بەرزی شابازم ئە من

وەک هەڵۆدەفڕم بەرە و بەرزایی هیچ باکم نییە
ناسرەوم لەم بەندەنە چۆن باڵی پە ڕوازم ئە من

کێوی نە گبە ت کە ی دە رووخێ بێ هە ناسە ی گە رمی خۆر
سە رلە پێناوی ئە وین و مە ستی پێشوازم ئە من

کە وتمە ناو فێرگەی خەیاڵت سە بری ئە یبوبم نە ما
تاقەتم چو، هیچ نە ما بڕوانە بێ وازم ئە من

نامەوێ ناکە س لە ڕازی خۆشە ویستی تێ بگا
چونکە بۆ تاڤگەی نیساری عە شقی پڕ ڕازم ئە من

شاعیریش مە ستی نیگاتە بویتە ئوستادی "دەلال"
نۆتی ئاوازی ئە وین و سازی دڵ نازم ئە من



سەردەشت. ئەوین ڕەحمانی

من بەیانی هەینی دایم بێ کەسیم بیر دێتەوە
هەوری خەم دێنێت هەناسەم، ناکەسیم بیر دێتەوە

دادەنیشم دەستەو ئەژنۆ من لە ژووری تاری خەم
ئەو زەمانەی بێ ژیان لێی تێپەڕیم بیر دێتەوە

قەت گلەم ناکەم لە گەردوون چارە نووسم وایەوا
ئەو خەمەی قورگی بە گریان ئاخنیم بیر دێتەوە

نەمدی هەرگیز من بەهارێک بەو سروشتە ئاڵەوە
چونکە ئەو بایەی لە پڕ پێی هەڵوەریم بیر دێتەوە

سەر بە هەش ماوە ژیان و باوی ژین فەوتاندنە
ئەو دەمەی تۆ لەو ئەوینەت هەڵبڕیم بیر دێتەوە



## دیواندەرە. موحەممەد قەیسەریان

تاقیامەت هام بە تاسەی
تامی ماچەو کردنت
دەینمە گەردەن لێوی سووروو
خاڵی ڕەش، دەور گەردنت.!!!

❋❋

ئاخ...
گەردەتزانی
لە پای تو ، دانیشتن
چ ژانێکە
خۆت بە، پای خۆت ئەهاتی !

❋❋

ژیرەکەی،ڕۆژم
شێتەکەی،شەوم
لێوەی‌ئەو،لێوەم
بۆنایتە، خەوم!

❋❋

یا هەڵگرە
تۆ ئەشێ ...
بەرلە مردن
بگەی بە من !

❋❋

جوان ترین شێعری جیهان
لەپشت گوێتە !
لەبەر ئەوەی‌هەرچەن وتم
خۆشتم ئەوێ
خستە پشت گوێ !



## دیواندەرە. ئێدریس عەبوودی

ئەو ڕۆژە وەرزی بەهار بوو
خەرمانی گوڵان، لە دوورە دەستان دیار
بوو
ڕەشبەڵەکی ڕەنگان
بە شایی و دەسگیران
تێکڵاوی دەشت و هەرد و نزار بوو
خووڕاوی شەتاوی فەرامۆشی
ناوی نەیارانی دا ئەپۆشی
ئاسمانی دونیا ساماڵ و
وەرزی ئەوین و دڵدار بوو
تیشکی هەتاوی بەهاری
لە هەر لاوە دیار بوو

❋❋

پەکو ، بەختی نادیاری من
هێشتا لە پێوار بوو
مەلی ڕۆحم لە وشکارۆی سینای ژینا
وێڵ و گێژ و بێ قەرار بوو
گەروو وشک و کانی زۆر دوور
تێ پەڕینی تەمەن
پەلی ئە کێشام بەرەو ژوور

❋❋

وەک چرای هەڵگیرساوی تەشقی توور
لە یەکەم چارەکی گوڵان
مەلی سەر هەڵگرتووی کۆچم
نیشتەوە سەر سیمی سنوور

❋❋

هات و بوو بە
دوایین داڵدەی ئەمن و ئەمان
بۆ ڕێبوارێکی سەرما بردەی ڕێبەندان
بۆ مەزرای ئەوینم
بوو، بە وەرزە بارانی بەهاران

## دڵ لە تاو ئازاری دووریت



بۆکان. هیدایەت ئازەری (خەمبار)

دڵ لە تاو ئازاری دووریت , هەر ئەناڵێنێ بەشەو
چاو بە یادی قەوسی ئەبرۆت , دڵ دەلاوێنێ بەشەو

گیانەکەم من زۆر بەتاسەی , دیتنی ڕوخسارتم
هەروکوومۆم ئەوهەناسەم , رووم دەتاوێنێ بە شەو

وشک و بێ بارانە دەشتی ,خۆشەویستیم چاوەکەم
هەر مەگەر بارانی مەیلت , دڵ بلاوێنێ بەشەو

ساقی مەیخانەی ئەوینتم , چاوەکەت جامی شەراب
خوابکا هەوری جەفاکەت , خەم نەبارێنێ بەشەو

بێ شەراب و بادە مەستم , بۆنی زۆلفت بێ گوڵم
دڵ مەگیرانیت دەکات و , بۆت دەکورکێنێ بەشەو

کوشتەیی نیگاهی جوانتم,دای مەپۆشە ڕۆژی ڕووت
تاوە کووتارمایی ژینم , گشت بتارێنێ بەشەو

یەکەبەیەک برژەنگی چاوت ,بەردڵی شەیدام کەوێ
فەخرە بۆم جەرگم لە خوێندا , بابغەڵتێنێ بەشەو

ڕۆژی ڕوخسارت مەپۆشەو , تۆ بەڵێنیم پێ بدە
چەشنی مۆم داگیرسێ گیانم , خۆی  بسووتێنێ بە شەو

وا لە ڕازی خەڵوەتیدا , بووم بە دێوانە کەچی
پێم ئەڵێ (خەمبار) چ شێتی , هەر کە ئەمبینێ بەشەو

بەحر : ڕەمەلی هەشتیی مەحزووف
کێش: فاعِلاتُن، فاعِلاتُن، فاعِلاتُن ،فاعِلُن
–– U –– –– / –– U –– –– / –– U –– –– / –– U ––

## شەو



گۆمانی سەردەشت. سمایل وەتمانزادە،
"خەیاڵی"

بێ لەبیرت شەو نەخونی هەر من و تۆ و کاری شەو!
هەر وەکو ئێستا دڕاندم دەفتەری بێ باری شەو

باسی ئازادی و فرینی تۆ و خەیاڵ و زامی گەل
نیشتیمانێکی پەپولە و بولبولێک و زاری شەو

بووم خەیاڵی بەرزی لوتکە بۆ هەڵۆی بەرز و تەوار
ڕوو لە ڕۆژی نیشتمان و دژ بە کوندی واری شەو

بوو بەڵێنین تا بمێنین وەک مەلی ئەشق و، کەچی
دات لە باڵی بایە قوش بۆچ؟، دژبەر و بۆم داری شەو

گژ کەسم هات پێی لەسەر نام نەمدی ژانێک بەس لەتۆ
دڵشکاوم، چۆن  شەوەزەنگ بوویتەوە داشداری شەو

ڕۆژ ژیانم مەرگ و ژانە، ژینە ژانم کەژ هەژێن
لەو غەریبیەش ناسۆری یاد باری سەر بێگاری شەو

بێ لەبیرت شەو نەخونی هەر من و تۆ و کاری شەو
هەر وەک و ئێستا دڕاندم دەفتەری بێ باری شەو...!



سەقز. لەتیف عەلەوی

وا (لیلةالقدر)ی دڵە
خۆزگەم بەوەی یاری گوڵە
نەک چەشنی من بێحاسڵە
عومرێکە نەمدی رووی ژیان!
مەستانە دێمە مەنزەرت
تا ژیلەمۆی قاپیە و دەرت
بۆ رۆژهەڵاتی ژێدەرت
نانووم شەوان هەر تا بەیان
وا دێم و دەرناچم لە دەر
تا وەرگری دوعام، کەسەر
چی دی نەمێنێ موختەسەر
سەرتا بە پێ گشتی زمان
لات وایە پیشەم زارییە
یا شیوەنم بێ عارییە
نا گیانەکەم، بێیارییە
هۆکاری هاوار و فوغان
سەد کوێرەرێگەم هاتە رێ
چڵێ جەفام رۆچوون لە پێ
تانە و توانج ناگرمە گوێ
سوێندم بە ناوت بێگومان
چی بێژم و چی دەربڕم؟
حاڵی لە ئەحواڵی شڕم!
بۆ هۆزی کوردان دڵپڕم
هەر بۆ گەلم داد و ئەمان
خۆشمان ئەدەین هەوڵا ژەمێ
تۆ بی خودێ بۆ مەش کەمێ
بۆ ژانی دەردان مەرهەمێ
قەسد و مەرامێ بێنە لان
مەحرووم لە قاپیەی تۆ کێن؟
هەرکەس کە بێ هیوا بیەن
باوەڕ مەسە هیچ کەس نیەن
قوربانتە رۆژ و رەوان

نەک هەر "لەتیف" گشتی زەوی
چۆڵایی، بەرزایی، نەوی
کۆڕی دڵانی مەعنەوی
هاتووینە درگەت ئەرخەیان



سنە. زەمان

بەهارە وفەسڵی گەڕیانی لە گوڵزار
دەبا حورمەت گرین باغ و گەڵای شار
شکوفەی گوڵ لە سەر گوڵدا جوانە
گوڵم مەشکێنە پنج و پۆی لقی دار


❋❋

بەڵێنی دا لە ناخی دڵ هەتا ماوم کە یارم بێ
وەکوو ئافتاو بە رووناکی ڕەشی شەوگاری تارم بێ
چ خۆشە دۆس وەفادار بێ بە پەیمانێ کە بەستوویە
ئەویچ دۆستێک لە زستاندا بە دیهێنەر بەهارم بێ

❋❋

رق و کینەس دەفەوتێنێ برایی
دەبا چارەی بکەین دەردی جیایی
دەمێ خۆشبووی لە من وا تەرمەکەم چوو
گەلێ مردوو پەرستین و ریایی

**بۆ: ک.د.ئازاد**



مەریوان. سۆهراب مورادنیا"سیاوکام"

تۆ وەکوو شاباز لە ئاربابەوە
باڵ دەوەشێنی بە شنەی باوە

خامەت سەرکەش و ئەشعارت یاخی
بۆن خۆشن وەکوو تارای گوڵباخی

پێنووس بۆ پارە دەستەمۆ ناکەی
گەورەی، شیاوی بەرزترین چاکەی

هەستت خستە سەر باڵی پەروانە
بەرەو هەورامان کردت ڕەوانە

کناچەهەورامی و وردەخاڵانی
کرد بە ملوانکەی "تەتە و داڵانی"

شێعرت بە باڵای شاخا هەڵواسی
دات لە بەرۆکی سوخمە و کراسی

شیرین وەک هەنگوێن،شین وەک تافی "بڵ"
مزر وەک هەنار، بۆن خۆش وەکوو گوڵ

بازە تۆشێوی پەی نازاری بۆ
پەری دمارۆی یادگاری بۆ

گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە



مەهاباد. هاوژان شارویرانی

ڕووحی تەمگرتووم بەجارێ تاقەتی ژیانی نییە
هێند وەڕەز بووم لەو جیهانە،گیانەکەم گیانی نییە

تاکوو هاتین تەجرەبە کۆ کەینەوە وتیان برۆن
هەر نەمان و مردنە هیچکات کە دەرمانی نییە

من لەدووری یارەکەم یاری لەگەڵ ژیندا دەکەم
چونکە دوای ڕۆیشتنی ژیانیش تەڕی جوانی نییە

یارەبی ئەو چاوە کوێربێ تۆی لەمن دوور خستەوە
دوو دڵان لێککەی بەخوا کارێکی ئینسانی نییە

پاییزە گشت وەرزی ژینم،وەک گەڵا سیس هەڵگەڕام
ئەم گەڵاڕێزانە پێم موژدەی بەهارانی نییە

من گەدای دوو چاوی کاڵم،هێز و تینم پێبدا
قەت مەڵێن عاشق لە دنیا ژینی شاهانی نییە

سێبەری یارم لەسەربێ،تا هەتا شای عالەمم
بۆ زەوی قاقڕ هەمیشە مەیلی بارانی نییە؟

نیشتمان یارەب لەڕێی ئازادییا تۆ سەرکەوی
بەو خودایە ئەم گەلە چیتر وزەی ژانی نییە

کەند و لەند و کۆسپ و تەنگانەت لە ڕێی سەربەستی دی
کێ دەڵێ دوای تاریکی نوور و چراخانی نییە

پێت بڵێم لەو عومرە کورتە کێ زەرەر خواردوو دەبێ
هەر کەسێ لەو ماوەیە یارێکی هاوژانی نییە



مهاباد. جەعفەرمەعروف(ژیار)

هەردەڵێم ڕۆژێکی دێیت و دەردەکەم دەرمان ئەکەی
هەر نەهاتی چرکەساتێک ناخی دڵ پڕ ژان ئەکەی

گشت شەوێکی دێمە جێژوان بەڵکە دڵ گەش بێتەوە
تابەکەی هاتوو نەهاتت ژانی دوو چەندان ئەکەی

وەک بەهاری کوردەواری هەر لە نۆ بووی و نەبووی
ئەودڵەت کردم بەهەورێک ڕێژنەیی باران ئەکەی

دل لە گەڵ چاوی گەشی تۆ گوفتوگۆیەتی بەڵام
چاوەکانت سەرکەشن، گیان و دڵم بریان ئەکەی

دار و بەرد و کێو و شاخ سەرسامی ئەو ناڵەی دڵم
بای شەماڵیش کەوتە ناڵین زووڵفەکەت پەخشان ئەکەی

چۆمی چاوم هەێندە ڕژیا دوور لە چاوی جوانی تۆ
کانی ئاوی ڕۆحەکەم وەک چاوەکەم، وێران ئەکەی

دەشتی دڵ پڕ سونبوولەو ئاواتە خوازی ڕۆژی خۆش
نەیدەزانی هەرشەوێ باغچەی دڵی تاڵان ئەکەی

ئاخ لەبەر مەڵبەندی دڵ چۆن قاقڕی گرتووتە خۆی
ئاگرێ بەربۆتە سینەم تۆش کە وا تۆفان ئەکەی

مەرحەمەت فەرمووی کە جارێ وا بلاوێنی دڵم
ئەو "ژیار"ەی ساردی زستان بەو دڵەت گرکان ئەکەی

## فیراق...



مەریوان. مەهین.پایگەلان

ئازیز بە گیانت، دڵ بێقەرارەن
ئای چن چەمەڕا، چەم ئینتیزارەن

عەمرم سەر لوا، ئامای تۆ کلما؟
چەم ئینتیزاریم کۆتایش ناما

وەس دووروازیت، کەرە بە عاڎەت
جە لاو کێ کەروو ،جە تۆ شکایەت؟

شەڵای بزانی، دڵ چن پەرۆشەن
چەمم چن تاسەو ، دیڎاروو تۆشەن

زانی دڵوو من تاسەباروو تۆن؟
دیڎەم شەو و ڕۆ ئینتیزاروو تۆن؟

تەوانای دووری، پەی من سەخڵەتەن
فێراق و دووریت ڕەنج و مەحنەتەن

هەر کەس باوەرۆ ئامایت مزگانی
داروو عەمرەکەیم گێڵۆوە جوانی

دەمی وەهاران ، دنیا بۆوە نۆ
وهاروو ئێمە، مەگەر چنی تۆ

ئەنا تەماشاو، گوڵاو وەهاری
زەجر و عەزابا ، پەی دەرڎە داری..

❋❋

دماو تۆ ئازیز کامەن وەهارم؟
کامەن سەیرانگاو گوڵ و گوڵزارم

دەروونم پەی تۆ پەڕ ئێش و دەردەن
بێ تۆ وەهارم خەزانی زەردەن

تەم و تەمەلوول گرتەن کەش و کۆ
شەماڵ ناوردش بۆی هەناسەی تۆ

خەم کەردش ماوا یانەو خیاڵی
دڵتەنگ و مەلوول هەواری هاڵی

ئاخ تەنیا جارێ سەردەیۆ لاما
گەرمیێ وزی ئی هەناساما

سەردی هەناسەم تاسەو تۆ دارۆ
دییەم جە دووریت هەرسی ونارۆ

تەماشێوە تۆ گۆشەو چەماوە
خەم و حەسرەتێ گرد ویر مەشاوە

داخۆم کەی بەیۆ جە ناکاو خەبەر
پێسە گوڵێوە سەر باری وە بەر

بۆی گوڵاو وزی کۆگاو خەمباری
تۆنی نیشانێ فەسڵوو وەهاری

وەهار هەمیشە دییەو باڵاو تۆن
چەنی تۆ خەزان گوڵزارێ وەش بۆن...

## پێتەختی عەشق



مەریوان. حەمزە دەستوور

لە وڵاتی عەشق دا
ماڵەکان بە بلۆکی خۆشەویستی دا مەزراون
قەڵەمەکان بە وشەی سۆز ئاو دراون
دوکانەکان هەمووان چەپکە گوڵ و هەست و دڵ و شیعر دەفرۆشن
لە وڵاتی عەشق دا
ژنەکان پاشان و
لەسەر کورسی جوانی
فەرمان بە کوشتنی شاعیران دەدەن
ئای شاعیر
لە کام وڵات قەدرت دەزانن
چەند جار لە وڵاتی عەشقیش دەربەدەر بوویت؟
چەندە گوتیان شیعر وەک سیحرێکە و پەردە بەسەر عەقڵ دا ئەدا
کام سیحر ! کام پەردە ! کام عاقڵ !
شێعر دنیایەکە شاعیر ژیانی تیا دەکا
لەو دونیایە هەرکەس لە ژیری و عەقڵ ڕادەکا

## بێکەس



مەهاباد. ئێلاهە پیرۆتی (دلۆڤان)

لە هەر لایە دەڕۆم
بێکەس بوونم!
دێتەوە بەرەخۆم
هەر ساتێکم مەراق و هەژمەتە
هاوار خوایە...
چۆن لەم شارە بڕۆم؟
دەمێ ناسرەوێ کوڵوکۆی دڵم
بەس حێجزی دەبارێ لە چاو و بڕۆم

## دیمەنی هەسەر

مەهاباد. ئێلاهە پیرۆتی (دلۆڤان)

ئەویندارێ ...
بەحرێکی بێ سەر و بنە
وڵاتێکی بێ بەڕێو بەرە
هەر کەسەوە بە جۆرێک
واڵای دەکا !
هێندێک دەژین بۆ یار
هێندێک دەمرن بۆ یار
بەڵام ...
من دەژیم لەگەڵ یار

## خۆشەویسترین دڵڕەق، دڵڕەقترین خۆشەویست



هەولێر.هاوەنگ بێبەش

لەبیرمە وەک ئەوەی دوێنێ بوو بێ
بیری لێ دەکەمەوە وەک ئەوەی بەیانی بێ
چاوەڕێم وەک ئەوەی بەڵێنت دابێ هەمیشە بێیت
هەمیشە نایەیت وەک ئەوەی کەس چاوەڕێت
نەبێت

❋❋

بەختم لە تاقیکردنەوەی کامەرانی
هەمیشە هەر سفر دێنێ
کاتێک بۆشایی کورسییەکەی بەرامبەرم
بە وەڵامێکی هەڵە پڕ دەکاتەوە

❋❋

«گەلاوێژ» دەکەم،
بە نەمانت
کونێکی ڕەشی گەورە گەورەت
لە گەردوونی ژیانمدا جێ هێشتووە
هەرچی پڕ دەکەم شوێنی بەتاڵت پڕ بکاتەوە
شوێنی بەتاڵت پڕی دەکاتەوە

❋❋

هەر دەنۆڕم و دەنۆڕم
هەر ونبوونت دەدۆزمەوە
هەر دۆزینەوەت ون دەکەم
هەر نزیکت لێم دوور دەبێت
هەر دووریت لێم نزیک دەبێت
هەر بە دابڕانمان دەگەم
هەر لە پێک گەیشتنمان دادەبڕێم
هەر سەوزبوونم لێ سیس دەبێت
هەر سیسبوونم لێ سەوز دەبێت
هەمیشە پێم وایە هەرگیز نایەیت
هەرگیزیش پێم وا نییە هەمیشە بێیت
تازە سەرەتای کۆتاییەکەمانە و کەچی...
وا هەست دەکەم کۆتایی هەموو سەرەتاکانمە
لام وایە
هەرچی دۆڕانە من بردوومەتەوە و
هەرچی بردنەوەشە من دۆڕاندوومە

❋❋

خەمبار و بێخەوی خەوی بێخەمیی تۆمە
ئاخۆ خەریکی خەونی چ خیانەتێکی
کە من خەریکە خەیاڵی خۆشیم خەرادەبێ
کە من قەسیدەیەکی قەتیس قەڵسی کردووم
کە من پیتێکی پێپەتی پەی بە پەرێشانیم نابا
کە من کەمانی کامەرانیم کەمەرکێشی کیپی کراوە
کە من زەنگی دەنگم مەنگە لە جەنگی ژەنگدا
کە من منی جەنگاوەری خەمەکان نەماوم نە

ئێستا...
دەترسم لە ئازایەتی
ئازام لە ترسنۆکبوون
چالاکترینم لە تەمبەڵی
تەمبەڵترینم لە چالاکی
گومانم لە هەموو دڵنیاییەکان هەیە و
دڵنیام لە هەموو گومانەکان
دڵنەواییەکان بێزارم دەکەن و
بێزارییەکان دڵنەواییم دەکەن
لە تەنیایدا دڵخۆشترین بێزارم
لە جەنجاڵیدا بێزارترین دڵخۆش
لەگەڵ تۆ پڕ بووم لە فرمێسکی دڵخۆشی
بەبێ تۆ پڕم لە بزەی خەمباری
لەگەڵ تۆ کاتەکان بەشیان نەدەکردم
بەبێ تۆ بەشی کاتەکان ناکەم
بەبێ تۆ هەموو دونیام لەلا تۆی
لەگەڵ تۆ تۆم لەلا هەموو دونیای
بەبێ تۆ هەموو شتێکم لەلا هیچە
لەگەڵ تۆ هیچم لەلا هەموو شتێکە
ببینە بەبێ تۆ چ نەخۆشییەکە تەندروستی
نیشانم دە لەگەڵ تۆدا چ تەندروستییەکە
نەخۆشی

❋❋

لەناو ئەو هەموو خۆشییەی دونیا
خەمی دۆزینەوەی تۆمە
هەر ئەو منداڵە لێم تێدە گات
کە لە شاری یاری دایکی لێ ون بووە
نامۆم بە زینددووەکان
هەر ئەو منداڵە بنێشتفرۆشەی ترافیک
لە نامۆیی من تێ دەگات
کاتێک بنێشت بۆ پاسێکی پڕ لە قوتابی
ڕادەگرێت
هەیت و هی من نییت
هەر ئەو منداڵە تووشبووی شێرپەنجەیە
لە حەسرەتی من تێ دەگات
کە بەدیار کارتۆنی «ڕاپوونزێڵەوە» دانیشتووە
تۆیەکی رووکەشبین چی لە ناخ جوانی دەزانی؟
هەر ئەو منداڵە لە هەوڵدانی من تێ دەگات
کە دەیەوێت
بنمیچی بەهەشت بە تێل چاک بکاتەوە
– نەعلەکانی دایکی!
گوێگری گۆرانیی «گێتی» ی گەمژەکان
چی لە مۆسیقا دەزانن؟
هەر ئەو منداڵە لە سەمفۆنیای من تێ دەگات
کە لەژێر بنمیچێکی جەمەلۆن
گوێ لە دەنگی باران دەگرێت

❋❋

لەبەر باشییت تۆم خۆش ناوێت
لەبەر تۆ باشییت و خراپییشتم خۆش دەوێت
لەبەر ژیریت تۆم خۆش ناوێت
لەبەر تۆ ژیرییت و شێتیشتم خۆش دەوێت
لەبەر جوانییت تۆم خۆش ناوێت
لەبەر تۆ جوانییت و ناشیرینیشتم خۆش دەوێت
ئای کە بە ناشیرینییەوە جوانی
ئای کە بەجوانی ناشیرینی
تۆ ڕازیبوونەکانمت ڕەت دەکردەوە
من بە ڕەتکردنەوەکانیشت ڕازیم
تۆ دوژمنایەتی دۆستایەتیمت دەکرد
من دۆستایەتی دوژمنایەتیت دەکەم
تۆ گرنگیپێدانەکانمت فەرامۆش دەکرد
من گرنگی بە فەرامۆشکردنەکانت دەدەم
تۆ سەرزەنشتی ستایشەکانمت دەکرد
من ستایشی سەرزەنشتەکانت دەکەم
تۆ یادەکانمت لە یاد دەکرد
من یادی لەیادکردنەکانت دەکەمەوە
مەحوی گیان، تۆ بڕوانە،
چۆنم بۆی؟

❋❋

وادیارە
نە تۆ لە دڵشکاندنم بێزار دەبیت
نە من لە خۆشویستنت
نە تۆ لە خراپەکاری بێزار دەبیت
نە من لە کوێری
نە تۆ لە هەڵەکردن بێزار دەبیت
نە من لە لێبووردنت
نە تۆ لە نەهاتن بێزار دەبیت
نە من لە چاوەڕوانیت

وادیارە
لە ماتماتیکی چارەنووس
ئێمە ژێرەمان سفرە
پۆتانی هیچ ڕۆژێک
خاڵی یەکتربڕینمان ناگرێتە خۆ
وادیارە
بۆیەکبوونمان ڕوونترە
لە ئاوی دەریاکەی کوردستان
وادیارە
گەر لە جێی چا
بەهەڵە قوتووی شەکرەکەش فڕ بکەم
تازە هەست بە شیرینی ناکەمەوە
هەر چاوەڕێم
بێیت و بڵێیت:
وادیارە چیتر وا دیار نابێت

❋❋

گەلاوێژ: ئەستێرەیەکی گەشی بەپرشنگە لە ناوەڕاستی هاویندا لە کەلووی خۆی دەترازێ(ف.خاڵ)
ڕاپوونزێڵ:فیلمێکی ئەنیمەیشنی ناودارە، چیرۆکەکەی باس لە کچێک دەکات کە قژێکی یەکجار درێژی هەیە
گێتی:گیتی، جیهان (ف.هەمبانە بۆرینە)

# تایبەت بە منداڵە چاوگەشەکانی کوردستان

## هەڵپەڕکێی باران



بۆکان. محەممەد ڕەسووڵنیا

ئەی دایە دایە دایە
ئاسمان هەور و هەڵایە

ئای لەو هەورە برووسکە
چەن جوان دەدا تروووسکە

هەورەکان بە یەک دەگەن
شان لە شانی یەک دەدەن

گرمە گرم دەگرمێنن
مزگێنی باران دێنن

تکتک تکتک بارانە
لەو حەوشە و دەرگا و بانە

دەس دەکەن بە هەڵپەڕکێ:
"منداڵ وەرنە بەردەرکێ"

دایە گیان دایە دایە
دەچمە دەرێ بۆ کایە.



## کاروانی زانین



بانە. قەڵا

وادیسانەوە مانگی گوڵانە
ڕۆژی شادیەو خۆشی دڵانە
ڕازاوەتەوە ئەو دەرو بانە
وەک گوڵ ئەنوێنێ ئەو قوتابخانە
بۆنی نێرگز وعوود و ڕیحانە
ئەڕوا لە کۆڵان تا ئەوسەربانە
خاوێن کراوە ئەمسەر تا ئەوسەر
بە گوڵ ڕازاوە لە ژوور هەتا دەر
ڕیزیان بەستووە منداڵی چاوکاڵ
ڕازاوەن وەک گوڵ،زەرد وسەوز وئاڵ
هەموو دڵخۆشن، ئەکەن ئەکەن چاوەڕوان
نیوەی لەسەر ڕێ نیوەش لە سەر بان
هەر چاوەڕوانن زوو بگاتە دێ
هەر لەگەڵ هەتاو تیشکی ڕوون هەڵبێ
لەدەس هەرکامیان گوڵێکی سوورە
ئەیدەن بەوکەسەی هەڵگری نوورە
بەڵێ ئەوکەسەش هەر مامۆستایە
وەستای ژیانە ئەو شابەنایە
نووریش بە مانای عیلم و زانینە
لابەری جەهلەو ڕووناکی ژینە
ئەڵێن مامۆستا ڕۆژت پیرۆز بێ
بێ هەبوونی تۆ چلۆن نەورۆز بێ!
خۆ تۆ بۆ ئێمە مەشخەڵی نووری
ڕێنیشاندەری کاروانی دووری
دەپێشمان کەوە جێمان مەهێڵە
بێ تۆ ژیانمان تاریکە و لێڵە
ڕێنیشاندەر بەو بمانخە سەرێ
تارەنجی ژینمان زووبێتە بەرێ
وەڵام ئەداتۆ مامۆستای دانا
بروای من وایە ئەی ڕۆڵەی زانا
بەتێکۆشان و سەرنجی ئێوە
کاروانی زانین ئەچێ بەڕێوە



گۆڤاری ئێلیکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

# *دو گلە زاڕوانە



ئیلام. رودوس فەیلی (مستەفا بەیگی)

## مەلۆچگ

مەلۆچگـِم، دەم بۆچگم
عاشق لوقمەی بۆچگم

هەر چەن دەنۆک تەلآیگم
بەلآیگم
ناقولآیگم
رەفێقەگم! هەناسەم!
بێ ژە تو کەس نیەخوازم
کەسێ ترەک نیەناسم
.
مەلۆچگم
دەم بۆچگم
کەم بنوور وەم
لە رۆ چگم
نەکِن پەرِ کلۆچگم
منیش چۆ خوەت پر بۆچگم
بنوور چەنێ فەقیرم
دە دەس خوەت ئەسیرم
گونا دیرم، فەقیرم

پر بۆچگم؛ مەلۆچگم
رەفێق زاروو بۆچگم
نەکن تێژبآل بۆچگم
نەکن پەرِ کلۆچگم



## زاڕوو جەنگ

تووپێ داشتم گولگولێ
سەوز و سوور و گردەلێ

دامە ژێرێ چگ تا هەوا
نیەرانێ چگ تا کاملا

پەسا وازی دکردم
تووپان وازی دکردم

رەمەێ تووپی لە ناکام
هات و برِی تەوانام

شەنگ و گولە کونا کرد
تووپەم کوناکونا کرد

هەر قەلێ لەێ دەپەرِێ
پەرِ چیا یا گەرِێ

تووپەم پراش پراش بی
گوم بی دە دۆکەڵ و دۆ

گرِی کردم چۆ زاڕوو
هە شین کردم و روو روو

ئێنگە ئۆنگە هووزەگەم
هێمان دخوازم تووپەگەم

ترپەێ تووپەێ خوەم خوازم
رەمەێ تووپ دی نیەخوازم

ئی رمە گەن کوتێگەم
هالێ هە هەنجنێگەم

چوون م هێمان زاڕووو
بێزار لە دەنگ و دووو

خوازم تا داکاسم
زاڕووییەێ خوەم خوازم


لە قورِن دڵ قیرِنم
وەرەو گشتێ قیژنم

ئێشم وە پەلمەگرێ
چۆ هووکهووکێ، گرگرێ

خوازم منالێ بکەم
گوڵ بگرم و گوڵ بدەم

خوازم وە شەرِنەخوازێ
بکەم هە زاڕوو وازێ

بهێلنەم دێ گەپەێلە
دەێ خیال و خەونەێلە



– زاڕوو جەنگ : کودک جنگ

کودکان کورد چون ناخواسته و از بد حادثه در میان تمامی جنگ‌های شبه جهانی خاورمیانه به دنیا آمده‌اند همواره به جای کودکی کردن، بار سنگین جنگ و تبعات مالی و جانی و خانوادگی و اجتماعی آن را بر دوش کشیده اند و از هر قومیت و ایل و تبار کوردی که باشند و متعلق به هر گویش و جغرافیایی در کوردستان، «کودک جنگ» نام مشترک و برازنده‌ی همه‌ی آنان است . آنان که در همه گی در جبر تاریخی و جغرافیای خاص و متاثر از جنگ متولد شده و مظلومانه رشد یافته‌اند.

بانە.باوکی نیشتمان



## کۆترەباریکە

کۆترەباریکەی سەربان
وەرە وەرە بەقوربان!



وا دانم بۆ داناوی
ئەزانم چاوەچاوی

جوان دیارە تینووو برسیت
وەرە لەچی ئەترسیت؟

تۆم خۆش ئەوێ بزانی
ئازیزی گیانی گیانی!

نازدارەی ئێسک سووکە
باڵدارەی دەندووک چووکە

ئەم حەوشە و دەرک و بانە
بەبوونی تۆوە جوانە!

## جوانترین نیشتمان!

ئەم خاک و ئاوە تاکە
خۆرەتاوە ڕووناکە

سەرانسەر ئەو سرووشتە
ئەو دارستان و دەشتە

ئەو کوێستان و شاخانە
ئەو بێستان و باخانە

چی جێگەی ئائەم شوێنە
بەدەگمەن و بێوێنە

ژینگەی ناوازە و شازە
لانکەی نەغمە و ئاوازە

جوانترین نیشتمانە
ئازیزی گشتمانە!

## زەریا

زەریا پان و بەرینە
سەرنج بدە بیبینە

هەرچوار تەنیشتی ئاوە
شەپۆل ئەدا لەو ناوە



هەتا چاو هەتەر دەکا
ئەمبەر و ئەوبەر دەکا

بۆ ئاژەڵانی ئاوی
ژینگەی شازە تەواوی

گیانداری هێندە زۆرە
شێوازی جۆربەجۆرە

بە کەس نایەتە هەژمار
هەزاران هەزار هەزار!

## مەڵبەند

ئەم مەڵبەندە شیرینە
بەهەشتی سەرزەمینە

خەڵات و یادگارە
دیاریی پەروەردگارە

مێژووی دوێنێی زێڕینە
کەونارایە و دێرینە

ڕۆڵەی ئەم ئاو و خاکەین
هەر لەم خەڵکە دڵپاکەین

دەس لە دەس و شان لە شان
بەشەو و ڕۆژ تێکۆشان

هەوڵ بدەین سەر کەوێ
ناوی لە ناو دەرکەوێ!



## کەشتی

کەشتیم و لەسەر ئاوم
لەژێر تیشکی هەتاوم

لەئاسن و لە دارم
هەر هات و چوونە کارم

جێم زەریا و ئۆقیانووسە
ڕازیم بەم چارەنووسە!

بەشەو و ڕۆژ دێم دەچم
بەرامبەر با ملکەچم

پان و بەرینە ناو ئاو
وەرە بڕۆین بەپڕتاو

بۆ سەیر و گەشتی دنیا
خۆمان بە تاقی تەنیا



## کیسەڵی ئاوی

چی کیسەڵی ناو ئاون
بەجۆرێ وا خولقاون

ژیان لەو ئۆقیانووسە
بۆیان بە چارەنووسە

چەن زل و زەبەلاحن
سەد هێندەش بەتەماحن

چی گژ و گیای ناو ئاوە
یان لە کەنار ڕوواوە

بۆیان خۆراکی خۆشە
دڵیان بۆی بەپەرۆشە

ژینگەشیان چی زەریایە
چوار تەنیشتی دنیایە!



گۆڤاری ئێلێکترۆنی ئەنجومەنی ئەدەبیی بانە

## باخ



مەهاباد ڕەحیم خزری" خۆشناو"

منداڵەکان بەهارە
دنیا گوڵ و گوڵزارە

باخمان هەیە لەولاوە
دارەکانی گوڵی داوە

دەبنە میوە ئەو گوڵانە
خودایە چەندە جوانە

خۆش و شیرینە تامیان
نازانم بخۆم کامیان

ئەو باخەم زۆر خۆش دەوێ
بۆ کایە دەچمە ئەوێ

حەسیرێکی ڕادەخەم
جولانێکی دادەخەم

لە بن ئەو سێبەرانە
بەنۆرە دەکەین جۆلانە



## کوردستان



بۆکان .جەمیانی

کوردستان ئەی هەناوم
خاکت سۆمان بۆ چاوم

بەهارت بۆ گشت وڵات
بۆی گوڵ و باران ئەدات

هاوینت بە تین و کوڵ
هەوێنە بۆ دار و گوڵ

پایزت چەشنی بووکە
ڕەنگ زەرد و ڕەزا سووکە

سەمای بەفری زستانت
جوانە لە دارستانت

هەر وەرزێکت بە لەونێ
دەنەخشێ وەک پۆی تەونێ

جێی شانازی وڵاتم
تۆ دایکی و من ئاڵاتم



## شوانی بێ غیرەت



ڕوانسەر. موحەممەدعەزیز ڕەحمەتی



ئەی شوان ڕاپەڕە ، گورگ دای لە ڕانت
تەفر و تونا بوون ، گشت پەزەکانت

ڕان بربڕ بووە ، هەربڕ لە یەک شوێن
نیمەی زیان ئەکا ، نیمەی دوکتە خوێن

نیمەی بەرەلاس ، لەناو دەغڵ و دان
خەڵک هاوارئەکەن ،ماڵت برمێ شوان

نەشوان دیاری هەس ، نەگەفەی گەماڵ
زەرەربار بوون ،تەمام ماڵ وەماڵ

دزان بۆ دزی ، کەفتونە ناو ڕان
فرسەتە بۆ دز ،لە گەمژەیی شوان

نازانم ئەوشوان ، ژیریام تەمەڵە؟
ڕانی خۆراکی ،گورگ وچەقەڵە

بوو بەقەیو قاڵ ،بەحەرەوحوریا
هەی گورگ ڕانی خوارد،هەی چەپاوکریا

هەرچێ ئەڕوانم ،ئەم شوانی کزە
ئیسکۆرتی گورگە ، وشەریکی دزە

گشت خەتای خەڵکە ، لەرۆژی ئەوەڵ
خۆیان ئەدەنە ،دەست دز وچەقەڵ



## زارووێ وە نام نێشتمان

ئیلام. ڕودوس فەیلی



وە م ئیشن ڕەیینی
ئیشن ڕەیین سەیینی
م ک دەمە وشاسە
م خۆ لۆتم ولاسە
قژم فرەو قژقژین
بژبژین و گڤگڤین
تنیلگ و زگقەوین
بەدگلم و ناشرین
دەم بۆچگ چەم کوناتی
چو جوجگێ ولاتی
لەشم مردەملاسە
وە چەی م ئیشن خاسە؟
خوازی بزانی ئەڕا؟
دووسم دیرن دە هەر لا
ئەڕا یە زانن خاسم
زانن ک خاس و ڕاسم
زانی ئەڕا هناسم؟
چوون ک م باکلاسم
کوردیپووش و کوردیویش
هەم نازفرووش هەم نازکیش
ئێقە شێوەشرینم
ئێقە زەڕەشرینم
هە جوور خوەت هەنیم
نازار و نازەنینم
تا نەشکنن دڵ م
دەس دخەنە مل م

لە قەس ئیشن ڕەیینم
ئیشن ڕەیین سەیینم
ئیشن ک خوێنشرینم
ئیشن خەمت نەبینم
ئێقەرە م نازارم
ئازارەی قەوم و کارم
چرنەم وەی نازنامەو
لە نازاری وەی نامەو
لانامن نان نێشتمان
ئیشن تونی هانامان
بەشکەم لە تێول م
لە پاکی دڵ م
نۆر برشی دەی ماڵە
گشت بنوورن وەی حاڵە
بنوورن وە نێشتمان
نێشتمان گشتمان
تا خەێر بیای وە باوان
دە جوور جار جاران
وە هەر زوان و دەنگی
وە هەر نژاد و ڕەنگی
ئاباد بوی هەمیشە
ئازاد بوی هەمیشە
نزا دکەم ولاتم
ولاتم و ئاواتم
زەرە و فەرەی لە یەو لا
شرین بوی، هە لەی وا



## ڕووداوە فەرهەنگییەکانی بانەمەڕی ۱۴۰۱ ی هەتاوی

سەردەشت. ۲۲ ی گولانی ۲۷۲۲

ئێوارە شێعری بانەمەڕی ئەنجومەنی ئەدەبیی سەردەمی سەردەشت بە بەشداری شاعیرانی شارەکانی سەردەشت ، بانە ، پیرانشار، بۆکان، ڕەبەت، نەلاس و ....





